ژماره ٦١٥

شەممە ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٢

٧ی سێپتامبری ٢٠١٣

نرخ: ١٥٠ تمەن

kurdistanukurd.com

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

■دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا■


### هاووڵاتییەک لە ئیلام، بە بڕیاری دەزگای قەزایی ئێـران بە بەرچاوی خەڵکەوە ئێعدام کرا



هەواڵدەری کوردپا: سەرلە بەیانی رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣ی خەرمانان حوکمی ئێعدامی هاووڵاتییەکی کوردی خەڵکی شاری ئیلام کە بە تۆمەتی کوشتنی کەسێک حوکمی ئێعدامی بۆ بڕابوویەوە، بە بڕیاری دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بە بەر چاوی خەڵکەوە حوکمەکەی جێبەجێ کرا. دەگوترێت کە ئەو هاووڵاتییە کوردە ساڵی ١٣٨٨ لە یەکێک لە چیاکانی دەوروبەری شاری ئیلام لە ئەنجامی کێشیەکدا کەسێکی کوشتبوو کە دواتر لەلایەن دەزگای قەزاییەوە حوکمی ئێعدامی بۆ بڕابوویەوە.بەپێی ئاماری تۆمار کراو لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، لەماوەی ١٣ رۆژی رابردوودا ١٩ هاووڵاتی لە وڵاتی ئێران ئێعدام کراون کە لە کۆی ئەو ڕێژەیە ٣ کەسیان هاووڵاتیی کورد بوون و هەروەها هاووڵاتییەکی دیکەی کوردیش لەو ماوەیەدا حوکمی ئێعدامی بۆ بڕاوەتەوە.

## کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی
# خۆی بۆ دەست وەشاندن لە ڕێژیمی سووریە ئامادە دەکا



بی بی سی: ڕێبەرانی ئەمریکا، بریتانیا، فەرانسە، عەرەبستانی سەعوودی، ئوستralیا، تورکیە، کانادا، کۆریای باشوور، ژاپۆن و ئیسپانیا، لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا رایانگەیاندوە کە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەر جێگایەک بێ، ئاسایشی خەڵک دەخاتە مەترسییەوە. واژۆکەرانی بەیاننامەکە کە جگە لە ئیسپانیا، ئەوانی دیکە هەموویان ئەندامی گرووپی٢٠ن، وتوویانە پشتیوانی لە هەنگاوی شێلگیرانەی ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن. بەڵام جیهان ناتوانێ هەر وا لە چاوەڕوانی دا بمێنێتەوە.

پێشتر باراک ئۆباما، سەرکۆماری ئەمریکا بە دوای کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەی گرووپی ٢٠ لەپرێس کۆنفرانسیکدا رای گەیاندبوو کە ڕێبەرانی وڵاتانی ئورووپایی، ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی نیوەراست لەم کۆبوونەوەیەدا، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە لایەن دەوڵەتی سووریەیان بە توندی مەحکووم کردوەو داواکاری وڵامێکی توند بوون.

باراک ئۆباما، ڕێژیمی بەشار ئەسەدی وەک هەڕەشەیەک بۆ ئاشتیو ئاسایشی جیهانی ناوبرد.

ئوباما هەروەها وتی ئەو نیگەرانییەکانی خەڵکی ئەمریکا لە بارەی هێرش بۆ سەر ڕێژیمی سووریا تێدەگا، بەڵام دەتوانێ قەناعەت بە کۆنگرە بێنێ کە ئەو هێرشە بەرتەسک دەبێو تەنیا بە مەبەستی پەکخستنی ئەو چەکە کیمیاییانە دەبێ کە بە دەست ڕێژیمی سووریەوەن.

ڤیلادیمیر پۆتین سەرکۆماری رووسیا، بە کارهێنانی چەکی کیمیایی بە کاری موخالیفانی بەشار ئەسەد دەزانێ کە بە ئامانجی دەستێوەردانی نیودەوڵەتی ئەنجامیان داوەو رایگەیاندوە هەر چەشنە هێرشێک لە دەرەوەی بڕیارو ڕەزامەندیی ئەنجومەنی ئاسایش دەبێتە هۆی پێشێلکردنی یاسا نیودەوڵەتییەکان.

شایانی باسە بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییش، خۆیان لە ئاست کوشتاری خەڵکی سووریە بە هۆی چەکی کیمیایی لە لایەن بەشار ئەسەدەوە، بێدەنگو گێل کردوەو تەنیا باس لە خراپیی هێرشی نیودەولەتی بۆ سەر ڕێژیمی سووریاو ئاکامەکانی دەکەن. بەلام هەموو نیشانەکان ئەوە دەگەیەنن کە هێرشێکی نیزامی لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بۆ سەر دامو دەزگاو بنکە نیزامییەکانی ڕێژیمی سووریا، لە ڕیگا دایە.

### ڕاگەیەندراو
# لە بارەی کوشتاری دانیشتوانی کەمپی ئەشرەف

بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممە، ١٠ی خەرمانان (١ی سێپتامبر) لە هێرشێکی کتوپڕدا بۆ سەر ئەندامانی ڕێکخراوی مجاهدینی خەلقی ئێران لە کەمپی ئەشرەف لە نزیک شاری بەغدای پایتەختی عێراق، زیاتر لە ٥٠ کەس لە دانیشتووانی ئەم کەمپە کوژران و بە دەیان کەسی دیکەش بریندار بوون.

هەر لە یەکەم کاتەکانی رووداوەکەدا سەرچاوەکانی نزیک لە هێزە چەکدارەکانی عێراق بڵاویان کردەوە کە رووداوەکە بە هۆی چەند تەقینەوەیەک لە نێوخودی کەمپەکەدا بووە. بەڵام وتەبێژی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران لە پاریس بە هەواڵنێرانی گوتوە کە هێزەکانی پۆلیسی عێراق هێرشیان کردۆتە سەر کەمپی ئەشرەف و زیاتر لە ٥٠ کەسیان لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە کوشتوەو بە دەیان کەسی دیکەشیان لێ بریندار کردوون.

ئەوەی لەم پێوەندیەدا جێی سەرنجو تێڕامانە، دەروەستنەبوونی دەوڵەتی عێراق لە پێوەندی لە گەڵ پاراستنی گیانی ئەم کەسانەدایە کە وەک پەنابەری سیاسی لە کەمپەکانی سەر بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقدا دەژین و پشتگوێخستنی ئەو ڕێککەوتننامەیەیە کە لە پێوەندی لە گەڵ پاراستنی گیانی ئەندامانی ڕێکخراوی ناوبراودا مۆری کردوە.

ساڵونێوێک پێش ئێستاش هێزە چەکدارەکانی دەوڵەتی عێراق، بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشیان کردەسەر ئەندامانی موجاهدینی خەلقی ئێران لە هەمان کەمپو بوونە هۆی کوژران و بریندارבوونی دەیان کەس لەوان. کەوایە ئەوە یەکەمجار نیە کە بە شێوەیەکی زۆر نامرۆیییانە هێرش دەکرێتە سەر ئەندامانی بێدیفاعی موجاهدینی خەلق.

حیزبی دێموکراتی کوردستان وێڕای مەحکوومکردنی ئەم هێرشە بێ بەزەییانەیە بۆ سەر ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران، سەرەخۆشی لە کەسو کاری قوربانییان دەکاو هەروەها داوا لە دەوڵەتی عێراق دەکا کە بە بە پێی ئەو بەرپرسایەتییانەی بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی پێوەندیدار بە پاراستنی ئەمنییەتی گیانیی ئەندامانی ڕێکخراوی مجاهدینی خەلقی ئێران دەکەونە سەرشانی، چیدیکە ئیزن نەدا جارێکی دیکە هێرش بکرێتە سەر کەمپو ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەو خۆی لە بەرانبەر دابینکردنی ئەمنیەتی گیانیی پەنابەرانی سیاسیدا بە دەروەست بزانێ. ئێمە سەرنجی کۆڕوکۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان بۆ لای ئەو تاوانە گەورەیە ڕادەکێشینو داواکارین هەنگاوی جیددی بە مەبەستی دووپاتنەبوونەوەی تاوانی لەم چەشنەو هەر وەها بە مەبەستی شناسایی عامیلانی ئەو کوشتارە، هەڵ بگیرێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان
دەفتەری سیاسی
١١ی خەرمانانی ١٣٩٢


٤

قسەکانی هاشمی ڕەفسەنجانی، لەقاودان یان دانپێدانان؟

٥

ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەییو یەکسانیخوازانە

٦

مەترسیو گرفتەکانی بەردەم پەناخوازان

٨

لێدانی سووریە؛ گۆڕینی باڵانسی هێز یان شەڕی هێژمۆنی

١١

ئەدەبیاتی ژنان


## زیندانییەکی سیاسیی لە زیندانی دیزلئابادی کرماشان ئێعدام کرا




رۆژی پێنج شەممە ١٣ی خەرمانان بەرپرسانی زیندانی دیزل ئابادی کرماشان هەواڵی ئێعدام کرانی زیندانیەکی سیاسیی بەناوی «محەممەدغەریب مرادی»یان بە بنەماڵەکەی راگەیاند.

بەپێی راپۆرتی کەمپەینی بەرگری لە زیندانیانی سیاسییو مەدەنیی، محەممەدغەریب مرادی لە دایک بووی ساڵی ١٣٥٣ رۆژی سێشەممە بەنهێنی لە زیندانی دیزل ئابادی کرماشان ئێعدام کراوەو چەند رۆژ دواتر ئەم هەواڵە بە بنەماڵەکەی راگەیەندرا.

ئەم هاووڵاتییە کوردە نزیکەی ٥ ساڵ لەوەپێش بەتۆمەتی هاتوچۆکردن بۆ باشووری کوردستانو چالاکییە سیاسییەکان دەستبەسەرو رەوانەی زیندان کرا کە بەپێی راپۆرتی سەرچاوەکانی هەواڵ ناوبراو ماوەیەکی دوورودرێژ لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردا بووە کە لە ئەنجامدا ڕێکەوتی ١٣ی خەرمانان بە شێوەی نهێنی لە زیندانی دیزڵ ئابادی کرماشان لە سێدارە درا.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی ئێران تا ئێستا بە شێوەی رەسمی هەواڵی ئێعدامو تاوانی ئەم هاووڵاتییە کوردەی رانەگەیاندووە.

جێی باسە لە ماوەی ٢ حەوتووی رابردوودا لە ئێران زیاتر لە ٢٠ هاووڵاتیی ئێعدام کراون کە ٥ کەسیان کورد بوون.

## ئاگاداری سمیناری یادی شەهیدانی میکونووس لە وڵاتی دانمارک



لە ٢١مین ساڵیادی شەهید دکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی لە دەرەوەی وڵات پێک دێنێت.

شەممە ٢٠١٣/٩/٢١

کات: ١٥:٣٠ – ١٩:٠٠

شوێن: شاری گرێڤە، دانمارک

## دیداری هەیئەتێکی کومیتەی ئەمریکای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ پارڵمانتارێکی کانادا

هەیئەتێکی کومیتەی ئەمریکای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ پارلمانتارێکی کانادا دیدارو چاوپێکەوتنی پێک هێنا.

رۆژی هەینی، ١٨ ی گەلاوێژ لە شارێ تۆرێنتۆی کانادا، هەئیەتێکی کومیتەی باکووری ئەمریکای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەگەڵ جیم کەریجیانس، ئەندامی پارلمانی کانادا کۆبۆوە .لەو چاوپێکەوتنەدا، جیم کەریجیانس خۆشحاڵیی خۆی لە دانیشتن لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەربڕی. لەو دانیشتنەدا لەگەڵ ناوبراو کە پارلمانتار لە سەر لیستی حیزبی لیبراڵەو دۆستێکی کوردو شارەزا لە دەردو ئازارەکانی کوردو مافە پێشێلکراوەکانیەتیو سەفەری بۆ باشوورو رۆژهەڵاتی کوردستانیش کردوە، هێندێک بابەتی وەک بارودۆخو چۆنیەتیی چالاکیی حیزبی دێموکڕات لە دەرەوەی وڵات، چەندایەتیی کوردەکان لە پارلمانی ئێرانو باسێک لەسەر دەسبەکاربوونی رووحانی هاتنە گۆڕێ. شایانی باسە هەیئەتی حیزب لەو دانیشتنەدا لە حەسەن حاتەمی، بەرپرسی کۆمیتەی باکووری ئەمریکای حیزبی دێموکرات، جەعفەر موقەددەم، بەرپرسی کۆمیتەی رۆژهەڵاتی کاناداو سیامەک غازی، ئەندامی پێوەندییەکان پێک هاتبوو.

# خالید عەزیزی: حیزبە سیاسییەکان، خەڵکو چالاکانی مەدەنی نابێ ماهییەتی ئایینی بە پرسی کورد بدەن







سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی گشتیدا خوێندنەوەو سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە هەمبەر ئاڵوگۆڕو رووداوە سیاسییەکانی کوردستان، ئێرانو ناوچە خستە بەر باس.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە پێشنیوەڕۆی رۆژی سێشەممە، ٥ی خەرمانان بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە چوو، کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان تیشکی خستە سەر ئاڵوگۆڕەکان لەو وڵاتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش بووەو تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیو مافە مەدەنییەکانو دێمۆکڕاسیو گوتی بە سەرنجدان بەو رووداوانە ئەوە حەقیقەتێکەکە هێشتا ئەو کاروانە نەگەیوتە دوایین مەنزڵی خۆی، بۆیە پێویستە لەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دێن، کورد لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا کەلکیان لێوەرگرێو حیزبی دێموکراتی کوردستانیش هەر بە سەرنجدان بەو بەرژەوەندییە گشتییانە هەڵوێست بگرێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات بە ئاماژە بە پێگەو ستاتووی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئاماژەی بەوە دا کە کۆماری ئیسلامی بە وردی هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە تاوتوێ دەکا تا بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی کەڵکیان لێوەرگرێو هەموو دەرفەتو زەرفییەتەکان بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی دەسەڵاتەکەیان بقۆزێتەوەو بەکاریان بێنێو سەرنجی کۆمەڵگای جیهانی لە سەر خۆی دوور بخاتەوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاماژە بە رووداوە نێوخۆیییەکانی ئێران لە دوای هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری رایگەیاند ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین هەموو ئاڵوگۆڕێک، هەموو سیاسەتێک ئەگەر یارمەتی بەوە بدا زیندانیانی سیاسی ئازاد بن، گرتن و ئەشکەنجە نەمێنێ، فشار لەسەر خەڵکی نەمێنێو کەشی سیاسی کراوەتر بێ، ئێمە ئەوە بە کارێکی باش دەزانینو، لەگەڵ خوێندنەوەی خۆمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێمان وایە دەبێ هەموو دەرفەتەکان لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکدا کەلکیان لێ وەربگیرێ.

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ رووداوەکانی ناوچەو شوێندانیان لەسەر ئێران گوتی ئەو ئاڵوگۆڕانە گەشبین بەوەمان دەکەن کە ئێرانیش ناتوانێ خۆی لەو بارودۆخەدا رابگرێ، چونکی ماهییەتی زۆربەی کێشەکانی ناوچەو یەک لەوان کێشەی شیعەو سوننی ئێرانی لە پشتەو، لە بەنگلادیشڕا بگرە تا ئەندوونێزی، تا دەگاتە میسرو وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە هەر جێیەک شیعەو سوننی هەبێ، ئێران بە جۆرێک تێدەکۆشێ رەنگی مەزهەبی بەو کێشانە بداو تەبیعەتی کێشەکان لە عێڕاقو سووریەو زۆر وڵاتی دیکەی ناوچە هەر ئەوەیە. هەر بۆیە ئەگەر ئێران لە رووی کێشەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای جیهانیو لە ئاستی دیپلۆماتیکو ئابووریدا تووشی پاشەکشەو گۆڕینی هەڵوێست بێ، ئەوا تا ماوەیەکی زۆر فاکتۆری شیعەی بۆ مانۆڕدانی خۆی لە دەستدا دەمێنێ.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەداو بە سەرنجدان بەوەی کورد لە ئێران هەم شیعەیەو هەم سوننی، تیشکی خستە سەر ئەوەی حیزبە سیاسییەکان، خەڵکو چالاکانی مەدەنی نابێ ماهییەتی ئایینی بە پرسی کورد بدەنو نابێ پرسی کورد بە پرسی سوننی پێناسە بکرێو بەمجۆرە حەشیمەتێکی زۆر لە کوردە شیعەکان بخرێنە پەراوێزەوەو ئەوەش بە قازانجی کۆماری ئیسلامییەو ئێمە دەبێ لەو بارەیەوە وریا بین.

بابەتەکانی چۆنیەتیی بایەخدان بە خەباتی پێشمەرگایەتیو چەکداریو خوێندنەوەی حیزب بۆ ئەو بابەتە؛ باسو خوێندنەوەکان بۆ کۆنگرەی نەتەوەییو چۆنیەتیی بەشداریو ستاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانو رۆژهەڵاتی کوردستان لەو کۆنگرەیەو، خوێندنەوەو کاردانەوە بە قسەکانی رێبەرانی پژاکو ئەدەبیاتی ئاخاوتنو سووکایەتیی ئەوان بە بزووتنەوەی کوردو حیزبی دێموکڕات چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکەی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون.

شایانی باسە بەشی زۆری ئەو کۆبوونەوەیە بۆ سەرنجو بۆچوونی بەشدارانی کۆبوونەوەکەو روونکردنەوەی دەفتەری سیاسی بۆ پرسیارو هەندێ لەو بابەتانە تەرخان کرابوو.

# کۆبوونەوەی فێدراسیۆنی رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان



رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٢ی هەتاوی فێدراسیۆنی رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی زۆربەی رێکخراوەکانی ئەندام لەم فێدراسۆنەدا لە بنکەی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی رۆژهەڵاتی کوردستان کۆبۆوەوە.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا، سەید جەلال ساڵحی سەرۆکی فیدراسیۆنو جێگری سکرتیری گشتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان راپۆرتی کاری دامەزراندنی ئەم فیدراسیۆنەی پێشکەش کرد و پاشان بەرنامەی کاری چەند مانگی داهاتوو لەگەڵ رێکخراوەکانی ئەندام لەم فێدراسیۆنە هاتە بەر باس.

گرنگترین بابەتەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بریتی بوون لە چۆنیەتیی بەشداریی لاوانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورد کە هەموو رێکخراوەکانی ئەندام جەختیان لەسەر هاوپێوەندیی نەتەوەیی لاوانی کورد کردەوە.

بەشێکی دیکە لە بەرنامەی کاری ئەم فێدراسیۆنە بریتی بوو لە چۆنیەتیی کارکردن لەسەر شێوازو شوێنی کۆنفرانسی نەتەوەیی لاوانی چوارپارچە کە هەموو ساڵێک بە بەشداریی رێکخراوەکانی لاوانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەڕێوە دەچێ. لە کۆنفرانسی سێهەمی لاواندا کە لە کەمپەکانی دومیزو رمێلان پێک هات بڕیار دراوە کە لاوانی رۆژهەڵات کۆنفرانسی چوارەم بەڕێوە بەرن، لەم پێوەندییەدا لێژنەیەک بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە دیاری کرا.

لەم پێوەندییەدا بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ئەم کۆنفرانسە لەلایەن ئەندامانی بەشداری ئەم فێدراسیۆنەوە بڕیار درا کە بەر لە کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان کۆنفڕانسی لاوانی رۆژهەڵات ببەسترێ.

# چاوپێکەوتنو دیدارەکانی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر

**نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر سەردانی پارتی کرێکارانو رەنجدەرانی کوردستانی کرد.**

دوانیوەرۆی رۆژی دووشەممە، ٣ ی خەرمانان ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری هەولێر سەردانی باپیر کامەلا، سکرتیری گشتیی پارتی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستانی کرد. لەو دانیشتنە دا، دوولایەن لە سەر پەیوەندیی نیوان حیزبی دێمۆکراتو پارتی کرێکارانو رەنجدەران و بەهێزترکردنی ئەم پەیوەندییانە قسەو باسیان کردو لە درێژەی دانیشتنەکەدا بارودۆخی کورد بەگشتیو وەزعییەتی هەرێمی کوردستان، ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو جێگەو پێگەی ئەحزابی کوردستانی لە هاوکێشە سیاسی یەکانی ناوچە و جیهاندا هاتنە بەر باسو ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لە سەر کرا.

***

**شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر لە بارەگای بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستان لەگەڵ بەرپرسانی ئەو حیزبە کۆبۆوە.**

رۆژی یەکشەممە، ٣ ی خەرمانان کاک ئیبراهیم زێوەییو کاک حەسەن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانی حیزب بە مەبەستی پێشکێشکردنی پەیامی پیرۆزبایی حیزب بە بۆنەی هەژدەهەمین ساڵرۆژی دامەزرانی بزووتنەوەی دێمۆکراتی گەلی کوردستانەوە، سەردانی بارەگای سەرکردایەتیی بزووتنەوەی دێموکڕاتی گەلی کوردستانیان کرد و لەلایەن خدر روسی، سکرتیری گشتیی بزووتنەوەی دێموکراتی گەلی کوردستانەوە، پێشوازییان لێ کرا.

***

**شاندێکی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری هەولێری کرد.**

رۆژی چوارشەممە، ٣٠ ی گەلاوێژ هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە هەولێر پێکهاتوو لە زاگرۆس خوسرەویو نەجمە گوڵپەروەر سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کرد و لەلایەن ئیبراهیم زێوەییو حسن کاکیلییەوە پێشوازییان لێکرا.

لەو دانیشتنەدا، لە سەر زۆر بابەتو تەوەری سیاسیی رۆژی کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕا کراو هەڵسەنگاندنی پێگەو مەوقیعییەتی هێزەکانی رۆژهەڵات، چەندو چۆنیی ئاستی پەیوەندیی ئەو حیزبانە لەگەڵ یەکتر، چۆنیەتیی کاریگەریو شوێندانانی هێزەکانی رۆژهەڵات لەسەر هاوکێشەکانی کوردستانو ناوچەو باسەکانی پێوەندیدار بە ئامادەکردنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو چۆنیەتیی مامەڵەی هێزە کوردییەکان بە نیسبەت پارچەکانی دیکەو چاوەڕوانیی خەڵکو هێزەکانی رۆژهەڵات لەو کۆنگرەیە خرایە بەر باس و بە گشتی پێوەندیی نیزیکی سەرجەم هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو شوێندانان لەسەر پێگەی رۆژهەڵاتی کوردستان لە هەمبەر رووداوەکانی ناوچەو ئێرانو جیهاندا بە پێویستییەکی حەتمی لێک درایەوە.





## بەڕێوەچوونی جێژنی٢٥ی گەلاوێژ ٦٨ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک

ڕۆژی شەممە ٢٠١٣/٨/٣١ کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارکو لە شاری «بغوندبی» بەبۆنەی ٦٨ەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕێورەسمێکی بە شکۆی بەڕێوەبرد. سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیبو خولەکێک بێ دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی شەهیدانی کوردو کوردستان دەستی پێکرد. لەو ڕێورەسمەدا کە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێنەرانی چەندین حیزبو ڕێکخراوی کوردستانی لە وڵاتی دانمارکو کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی دانمارک تێیدا بەشدار بوون، پەیامی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە وڵاتی دانمارک بەم بۆنەیەوە ، لە لایەن بەڕێز خالید ڕەواندووستەوە پێشکەش کرا. پاشان پەیامی پیرۆزبایی ڕێکخراوەکانی بەشدار لەو ڕێورەسمە پێشکەش کران. خاتوو سنوور محەممەدزادە پێشکەشکاری بەرنامە چەندین کۆپلە شێعری لە نێوئاخنی بەرنامەکاندا پێشکەش بە بەشداربووان کرد. پێویست بە ئاماژەیە کە هێز و لایەنە بەشدارەکان لەو ڕێورەسمەدا بریتی بوون لە : یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئیران (کۆمەڵە)، حیزبی شیووعیی کوردستان، کۆمەڵەی کوردانی سووریە، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان، یەکیەتیی ئافرەتانی پارتی دێموکراتی کوردستان ، ڕێکخراوی چاوەدێری کوردۆسایت (چاک). لە دوا برگەدا ڕێورەسمەکە، بە دەنگی هونەرمەند دەشتی سەردەشتی بە هاوکاریی سام سنەیی‌و شاییو هەڵپەرکێ تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

# باسێک لە ئەزموونی ژنانی پێشمەرگە لەسمینارێکی تایبەت بە ژنان لە شاری کریستیانساندا









ڕۆژی ٤ی سێپتامبر بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە کەسایەتیی نووسەرو ئاکادیمی، بەڕیوەبەرانی شارو پارێزگای ویست ئاگدێر، نوێنەرانی ڕێکخراوی جۆراوجۆری نۆرویژی لە شاری کریستیانساندو چەند ژنی کورد، سمینارێک بەڕێوە چوو. ئەو سمینارە درێژەی زنجیرەیەک کۆڕو کۆبوونەوەو چالاکیی جۆراوجۆر بوو کە لە سەرانسەری نۆروێژ بە بۆنەی ١٠٠ ساڵەی وەدەستهێنانی مافی دەنگدانی ژنان لەو ولاتە بەڕێوە چوون. بەڵام لە شاری کریستیانساند کە شاری کامیلا کۆلێتەو ئەم ساڵ دووسەدەمین ساڵی لە دایکبوونی ئەو خاتوونە بوو، بایەخیکی زیاتر بە چالاکییەکانی تایبەت بەم یادە درا.

سەرەتای بەرنامەکە بە نیشاندانی چەند کورتە فیلم دەستی پێکرد. کورتە فیلمەکان باسی ژنانێکیان دەکرد کە جێپەنجەیان بە رەوتی بەرەوپێشچوونی خەباتی ژنانەوە دیارە کە کامیلا کۆلیت یەک لەوان بوو، هەر وەها باس لە ژنانی نموونەی خۆراگریو تێکۆشان لە نێوچەند وڵاتو نەتەوەیەک کە لە وڵاتی نۆروێژ کەسانێکیان وەک پەنابەر هەیە. ڤیەتنام، کۆلۆمبیا، ئێران، ئێریترە، ئەفغانستانو هەروەها کوردستان. لە بەرنامەکەدا کورتەیەک لە ژیانو تێکۆشانی ئەو ژنانەو پەیامو وتاری ئەوان بە فیلم پێشان درا. هەروەها چەند وتارو پەیامی زانستیو هونەری پێشکەش کران. خاتوو کریستین هێنریکسێن باسێکی بە پێزی لە بارەی ژنانی پەنابەر لە نۆروێژ پێشکەش کرد. ئەو گوتی نۆروێژ، پەنابەری ٢٢٠ وڵاتی لەخۆ گرتوە. بە پێی ئاماری تازە، ئێستا لە نۆرویژ ژمارەی پەنابەران لە سەرووی ٧٠٠ هەزار کەسەوەیە. خاتوو کریستین تیشکی خستە سەر کێشەو بارودۆخی ژنانی پەنابەرو ڕێژەی چالاکیی ئەوان لە ئاست ژنانی بە رەگەز نۆروێژی. بە پێی لێکۆڵینەوەکان ژنانی هیندوستان ئاستی خوێندنی باڵایان لە سەرووی هەموو پەنابەران ژنانی نۆروێژیشە. ٧٠ لەسەد ژنانی هیندوستان لەو وڵاتە بڕوانامەی بەرزی خوێندنیان هەیە. کاتێک باس لە خوێندنو بەشداریی مەیدانی کار لە نێوکۆمەڵگەدا دەکرێ، ژنانی پاکستان، ئەفغانستانو سۆمالی لە خوارووی ئەو ریزبەندییەدان.

شایانی باسە لە کوردستان خاتوو کوێستان فتوحی بۆ ئەو سمینارە بانگهێشت کرابوو. ئەو لە لایەن چەند ژنی سەربەخۆو بێلایەن بە لەبەرچاوگرتنی چالاکبوونی لە دوو مەیدانی خەباتی نەتەوەییو یەکسانیخوازیدا، هەروەها دژوار بوونی بارودۆخی خەباتو تێکۆشانەکەی، وەک تاکە میوان لە کوردستانەوە دەعوەت کرابوو. لە لایەکی دیکە کوێستان، ژنێکی پێشمەرگەیەو ژنانی پێشمەرگە، زۆر جار لەبیرکراونو وەک پێویست ڕێزیان لێنەگیراوە. هۆیەکی دیکەی دەستنیشانکردنی ژنێکی پێشمەرگە بۆ دەعوەت بۆ بەشداریی لەم چالاکییانەو ناساندنی وەک ژنی نموونە، ئەو خاڵە بوو کە لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا، ژنانی هەڵسووڕی ناو ڕێکخراوەو حیزبە سیاسییەکان هان بدرێن بۆ تێکۆشانی زیاتر. دیارە ئەو میوانە سەرەڕای ئەوەی دەعوەتنامەی ڕێکخەرانی سمینارەکەی بۆ چووبووو دەوڵەتی نۆروێژ لە گەڵ ویزاکەشی موافقەتی کردبوو، لە بەر هێندێک هۆ نەیتوانی راستەوخۆ لەم سمینارەدا بەشدار بێت، بەڵام بە ڤیدیۆ وتاری خۆی ناردبوو. دیارە بەشیک لە وتارەکەی خاتوو کوێستان بە دەنگو رەنگی خۆی بڵاو کرایەوەو دواتر وەرگێڕاوی نۆروێژیی ئەو وتارە کە ئیدارەی تەرجەمە (tolk S□r) کردبووی، لە لایەن خونچە خاس پێشکەشی بەشدارانی سمینار کرا.

لە کۆتایی بەرنامەکەدا خاتوو ئانە کریستین ئۆلسن پارێزگاری پارێزگەی وێست ئاگدێر پەیامێکی شایانی خوێندەوە کە تێیدا بەشداریی ژنانی پەنابەر لەو شارەو بە گشتی درێژەدەرانی ڕێگای خەباتی کامیلا کۆلێتی بەرز نرخاند. ئەو پێداگریی کرد لە سەر گرنگیی دەنگی ژنان لە هەموو بەشەکانی کۆمەڵگەو وڵاتدا. هانی ژنانیدا کە تێبکۆشن بۆ پێگەی خۆیانو بەشداری بکەن لە هەڵبژاردنە دیموکراتیکەکاندا وەک ڕێزێک لە دەسکەوتو خەباتی مێژوویی ژنان. شایانی باسە لەو رۆژەدا گرنگییەکی زۆر بە بەشداریی ژنان لە پرۆسەی هەلبژاردن درا، چونکە ٩ی سێپتامبر لەو وڵاتە پرۆسەی هەڵبژاردن بەڕێوە دەچێت.

بە هیوای سەرکەوتنی خەباتی ژنانی یەکسانیخواز و نیشتمانپەروەر لە کوردستان و سەرانسەری جیهاندا

**ئامادە کردنی : خونچە خاس**

### یۆتۆبۆریی سۆئید:

# بەڕێوەچوونی سمینارێک بە بۆنەی ٦٨ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

کومیتەی سۆئیدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی بۆنەی ٦٨ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان سیمینارێکی پێک هێنا.

ڕۆژی شەممە، ٢ی خەرمانان لە شاری یۆتۆبۆریی وڵاتی سۆئێدو بە بەشداریی نوێنەرایەتیی حێزبو ڕێکخراوە کوردستانی‌یەکان، کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیو ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری سوئێد، سیمینارێکی سیاسیی بۆ ئێقباڵ سەفەری، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو حاتەم مێنبەری، چالاکی سیاسی بەڕێوە چوو.

لەو سیمینارەدا ئێقباڵ سەفەری ئاوڕێکی لە مێژووی پڕ هەورازو نشێوی ٦٨ساڵەی حیزبی دیموکراتی کوردستان دایەوەو باسێکی لە شانازیو سەروەری‌یەکانو هەروەها کەمو کوڕی‌یەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرد.

ئێقباڵ سەفەری لە بەشێکی باسەکەی‌دا هەموو ئەو سەروەریو دەستکەوتانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی بۆ ئیمانی قووڵی دامەزرێنەرانی ئەو حیزبە بە دیموکراسیو مافی دیاری‌کردنی چارەنووسی گەلی کورد گێڕایەوەو دامەزراندنی یەکەمین حکوومەتی کوردی لەلایەن حیزبی دێموکڕاتەوە بە سەرۆکایەتیی قازی محەممەدی، وەک نموونەیەک بۆ ئەو ئیدیعایەی خۆی هێنایەوە. ناوبرا بەڕێوەبردنی خەباتی کوردایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی دەیان ساڵی ڕابردووی بە خاڵێکی دیکەی جێی ئاماژەی ئەو حیزبە زانی، کە لەو پێناوەدا هەزاران کەس لە ئەندامان، کادرو پێشمەرگەکانی خوی، تەنانەت لە ڕێزەکانی ڕێبەریی حیزبیش‌دا فیدا کردوە. ئەندامی ڕێبەریی حیزب بە چاوێکی ڕخنەگرانەشەوە ئاوڕی لە لەت‌بوونو ناکۆکی‌یەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دایەوە کە لە چەندین قۆناغی جیاجیادا بەرۆکی ئەو حیزبەی گرتوەو بۆتە هۆی لاوازبوونی ڕێزەکانی حیزب.

لە بەشی دووهەمی ئەو سیمینارەدا حاتەم مێنبەری، باسێکی تیروتەسەلی لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستان، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش کرد.

مێنبەری بە پێداچوونەوەیەک بە مێژووی دوورو نیزیکی بزووتنەوەی کوردایەتی، کەموکوڕیو شکستەکانی ئەو بزووتنەوانەی بۆ نەبوونی یەکدەنگیو یەکرێزیی گەل و ڕێبەرانی کورد گێڕایەوە. ناوبراو بە باس لەو هەلە مێژوویی‌یانە کە بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو و لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕە سیاسی‌یە جیهانی‌یەکان‌دا بۆ کورد هاتوونە پێش، تیشکی خستە سەر ئەو دۆخەی کە ئێستا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌دا لە گۆڕی‌دایەو بە هەلێکی گونجاوو لە باری زانی کە گەلی کوردو حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی بۆ بەدەستهێنانەوەی مافە ڕەواکانیان هەنگاوی بەپەلە بنێنو هەوڵ بدەن بە کەڵکوەرگرتن لەو دۆخە داواکانی خۆیان لە کاتی دارشتنەوەی سیاسەتی نوێی جیهانی‌دا بێننە ئاراوە.

حاتەم مێنبەری پێکهێنانی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردی بە هەنگاوێکی بەجێو گونجاو لە قەڵەم داو هیوای خواست کە ئەو کۆنگرەیە ببێتە ستاتوویەکی بەهێز بۆ نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتی‌یەکان‌دا.





پێشکەش‌کردنی چەند بەرهەمێکی هونەریو پرسیاری بەشداران لە پانێلگێڕانی سمینارەکەو وەڵامدانەوەی ئەوان برگەکانی دیکەی ئەو سیمینارە بوون.

شایانی باسە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لەو سیمینارەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە: پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ، بزووتنەوەی گۆڕان، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران- کۆمەلە، کۆمەلەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ، سازمانی دیموکراتیکی یارسان، ئەنجومەنی کۆمەلە کوردی‌یەکان لە ڕۆژئاوای سۆئێد، فیدراسیۆنی یارسان لە دەرەوەی وڵات، کەمپینی ئاشتی، یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانو یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

### سوئیس:

# خۆپیشاندانی کوردەکان لەبەر دەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ژنێڤ

کوردەکانی وڵاتی سوئیس لەبەر دەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ خۆپیشاندانێکیان وەرێ خست.



ڕۆژی شەممە، ٩ی خەرمانان لە سەر پێشنیاری کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستانو بە بەشداریی چەندین حیزبی کوردستانی خۆپیشاندانێک لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕیسواکردنی هێرشی دڕندانەی تاقم و گرووپە ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان بۆ سەر گەلی کورد لە خۆرئاوای کوردستان بەڕێوە چوو.

لەم خۆپیشاندانەدا ئاڵای کوردستانو چەندین تراکتو وێنەی پیشاندەری جینایەتەکانی گرووپە ئیسلامی‌یە توندڕەوەکان دەرحەق بە گەلی کورد لە خۆراوای کوردستان بەرز کرانەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا دوای خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کوردو کوردستان، داخوازی خۆپیشاندەران بە زمانەکانی، ئینگلیسی، فەرانسەیی، ئەڵمانیو کوردی خوێندرایەوەو خۆپیشاندەران بە گوتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر، سەرنجی ڕێبوارانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاو لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا، بڕیارنامەی خۆپیشاندەران لە لایەن هەیئەتێکەوە ڕادەستی کاربەدەستانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ کرا. جێگای ئاماژەیە خەجیجە مەعزوور، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان داخوازینامەی خۆپیشاندەرانی بە زمانی کوردی خوێندەوەو مامۆستا عەزیز ئەحمەدی، بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکانی حیزب لەوسویس یەکێک لە ئەندامانی ئەو هەیئەتە بوو کە داخوازی نامەکەیان ڕادەستی کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.

شایانی باسە ئەم حیزبو ڕێکخراوانە بەشدارو ڕێکخەری ئەم خۆپیشاندانە بوون.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان، پارتی دێموکراتی کوردستان، حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی سوسیالستی کوردستان-باکوور ، حیزبی سوسیالستی کوردستان -باشوور، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پارتی کۆمۆنیستی کوردستان، حیزبی یەکیەتیی دێموکراتیکی کورد لە سووریە، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵی پێشمەرگە دێرینەکان، گرووپی ئاڕاڕات، ناوندی زاگرۆس و ڕێکخراوی چاوەدێری کوردۆساید (چاک)

**ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی بە قبووڵکردنی تیرۆری میکۆنووسو بەستنەوەی بە هێزە سەرەڕۆکان، لەڕاستیدا ئاماژە بە ئاڵقە باوەڕپێکراوەکانی خامەنەیی دەکا کە ئەم کەسو گرووپانە بە شێوەی نافەرمی وەک ئامرازی گوشار بە دژی دژبەرە نێوخۆییو دەرەکییەکانی عەلی خامەنەیی زۆرجار بەکار هێنراون.**

**ئارەش لۆرستانی**

# قسەکانی هاشمیی ڕەفسەنجانی، لەقاودان یان دانپێدانان؟



ئارەش لورستانی
وەرگێڕان بۆ کوردی:
سیروان مووساپوور


« هێزە سەرەڕۆکانی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی لە ڕیستۆرانی میکۆنۆسدا دەستیان بۆ تیرۆر برد» . «ئەمن لەلایەن «روح الله خمینی»یەوە دەسەڵاتی تەواوم بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەمریکا هەبوو». «خەڵکی سووریە لەلایەن دەوڵەتی خۆیانەوە سەرکوت دەکرێنو بەشار ئەسەد بڕیاری بۆمبارانی شیمیاییدا» .

ئەم قسانەو وتە هاوشێوەکانی هاشمیی ڕەفسەنجانی لە بارودۆخی قەیراناویی کۆماری ئیسلامیدا دەرخەری چ ڕاستییەکنو بە چ مەبەستێک دەگوترێن؟ بۆچی ئەم قسانە دەسبەجێ دوای دەستبەکاربوونی دەوڵەتی یازدەهەم دێنە سەر زارو زمانان؟ پێویستیو پاڵنەری دەربڕینی ئەم چەشنە وتانە دەتوانێ چ شتێک بێ؟ داخوا دەکرێ ئەم قسانە بە لەقاودان دابنرێن یان وەک ئێعترافو دانپێدانان سەیر بکرێن؟

ئەگەر ئاوڕ لە پێشینەی سیاسیی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانیو کارنامەی سیو پێنج ساڵەی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، دەزانین کە ڕەفسەنجانی یەکێک لە گرنگترین دامەزرێنەرانی حیزبی «جمهوری اسلامی» بووەو تا ئەمڕۆ لە سیاسەتی باڵای کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی سیاسەتدانانو سیاسەتکردن بووە. هاشمیی ڕەفسەنجانی لە پلەی سەرکۆمارو عەلی خامەنەیی لە پۆستی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەگەڵ چەندین سیمای دیار و بەرچاوی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، بۆ یەکەمجار بە هۆی تیرۆریزمی دەوڵەتی لەلایەن دادگای میکۆنووسەوە مەحکووم کرانو لە لیستی تیرۆریستە نێونەتەوەییەکاندا جێگەیان گرت. کەواتە سڵامەتیی سیاسی و ئابووریی ڕەفسەنجانی تەنیا لەژێر سایەی بەردەوامیو سەقامگیریی کۆماری ئیسلامیدا دەستەبەر دەبێ، دیارە ئەگەر هەمیشە بتوانێ وەک ئەکتەری گۆڕەپانی دەسەڵات، پێگەو پلەی خۆی بپارێزێ. کەوایە ئاشکرایە قسەکانی ئەم دواییانەی ڕەفسەنجانی نەک دانپێدانان بەڵکوو ڕەهەندی لەقاودان بەخۆوە دەگرنو ئەم لەقاودانە لەپێناو گوشارخستنەسەر کەسی یەکەمی کۆماری ئیسلامی واتە عەلی خامەنەیی بووەو تەنیا وەک تاکتیک بەکار دەهێنرێن.


عەلی خامەنەیی تێدەکۆشێ بە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە چوارچێوەی باوەڕپێکراوانی خۆیو هەوڵدان بۆ کۆنترۆلکردنی دامەزراوەو هێزە سەرەکییەکانی ڕێژیم، دەوڵەتی یازدەهەمیش وەک ٢٤ی ساڵی ڕابردوو بێنێتە ژێر ڕکێفی خۆیو بوونی خۆی لەسەر کورسیی وەلی فەقیهـ هەروا بە جێگیری بێڵێتەوە. لەلایەک لە ماوەی هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەهەمی سەرکۆماریداو دوای ئەوەش ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی، محەممەدی خاتەمیو حەسەنی ڕووحانی بۆ پاراستنی دەسەڵات، سێکوچکەیەکیان پێک هێناوە کە هەریەک لەم کەسایەتییانە ئەرکی دیاریکراوی خۆیان بە ئەستۆوە گرتوە. خاڵی ئاشکراو بەرچاو لە سێ ڕستە گوتراوەکەی ڕەفسەنجانیدا، بە بەردەنگدانانی نێوخۆو دەرەوەی ئێرانو سەرنجڕاکێشانیان بۆ لای ڕۆڵی تێکدەرانەو سەرەکیی کەسی یەکەمی کۆماری ئیسلامی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کێشەو بابەتە گرنگەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندایە. ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی بە قبووڵکردنی تیرۆری میکۆنووسو بەستنەوەی بە هێزە سەرەڕۆکان، لەڕاستیدا ئاماژە بە ئاڵقە باوەڕپێکراوەکانی خامەنەیی دەکا کە ئەم کەسو گرووپانە بە شێوەی نافەرمی وەک ئامرازی گوشار بە دژی دژبەرە نێوخۆییو دەرەکییەکانی عەلی خامەنەیی زۆرجار بەکار هێنراون.










قبووڵکردنی کردەوەی دەستوپێوەندەکانی کۆماری ئیسلامیو ڕۆڵیان لە تیرۆری میکۆنۆسدا لەلایەن سەرۆکی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیم، یەکەم ئەوە کە درکاندنو پێڵێنانی تەواوی تیرۆرەکانی دژبەرانی کۆماری ئیسلامییەو دووەم ئەوە کە بە پێکهێنانی درز و کەلێن لەنێو باوەڕپێکراوانی خامەنەییدا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر سێ فاکتەری هێز، مەیدانو زەمان بە دژی خامەنەییو لایەنگرانی دادەنێو بە کردەوە بە لێستاندنەوەی ڕەوایی زیاتر لە وەلی فەقیهـ ڕێگە بۆ خۆیو هاوبیرانی خۆش دەکا. دووهەم بابەتی گرنگ پرۆژەی پێوەندی لەگەڵ ئەمریکایە کە لە هێڵی سووری ڕێژیم هێناویەتە دەرو خامەنەیی وەک گرنگترین فاکتەری بڕیاردان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا هێناوەتە ژێر پرسیار. ڕەفسەنجانی بە دروشمی «نە شرقی، نە غربی، جمهوری اسلامی» بابەتەکە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو کە بە پێی ئەو دروشمە نە تەنیا ئەمریکا بەڵکوو «ڕووسیە»و «چین»یش دەبێ لە چوارچێوەی ئەم هێڵە سوورەدا جێبگرن، یان وەک دەڵێ پێوەندیی ئێمە لەگەڵ ئەمریکا بە سەرنجدان بە ئاماژەیەک کە بە خومەینی دەکا، بەشێک لە هێڵی سوور نەبووەو نیە. لە نوێترین وتەکانیدا ڕەفسەنجانی ڕەوایی بەشار ئەسەدی هێناوەتە ژێر پرسیارو بە ئاماژەدان بە پشتیوانیی نابەجێی کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی خامەنەیی، حکوومەتی ئێستای سووریە بە هۆکاری کوشتارو سەرکوتی خەڵکی سووریە دەزانێ کە سروشتییە جێگەو بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیو هەروەها داکۆکیی بێئەملاوئەولای کۆماری ئیسلامی لە بەشار ئەسەد لە بارێکی دژەمرۆییدا جێدەگرێ. ئاشکرایە کە ئەم لەسەرتربوونە تاکتیکییە بۆ ڕەفسەنجانی و هاوپەیمانانی تێچووی زۆر قورسی بەدواوە بووە بەڵام بە سەرنجدان بە بارودۆخی هەنووکەیی کۆماری ئیسلامی، لەقاودانەکانی ئەمڕۆکەو لەوانەیە داهاتووی ڕەفسەنجانیو هاوپەیمانەکانی نیشاندەری هەلومەرجی زۆر ئاڵۆزی نێوخۆیی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بێ. زەربە قورسەکانی کە ئەمڕۆ لەلایەن دەستوپێوەندە نێوخۆییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بۆ لەسەرتریی تاکتیکیو ئیستراتیژیکی بە سیستەمی دەسەڵاتدار دەکەوێ، بارودۆخی ڕێژیمی لە قەیراناویترین هەلومەرجی مێژوویی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دەردەخاو سروشتییە کە دەبێ لەم بارودۆخەدا هەر ساتێک، چاوەڕوانی قەیران، ململانێ و کارەساتی نوێ بین.

لەم ڕەوش و بارودۆخەدا هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕو ڕیفۆرمخواز کە بیر لە جێگیربوونی دێموکراسی دەکەنەوەو بۆ وەدیهاتنی تێدەکۆشن، دەبێ بە ڕۆشنگەریو شوێندانەریی لە گۆڕەپانی نێوخۆییو دەرەکیی ئێران، ئەوپەڕی کەڵک وەربگرنو ئیزنی نۆژەنکردنەوەی پێکهاتەو بەهێزکردنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی نەدەنو تەنیا پێوانەو ستانداردی هەڵسەنگاندنو بەشداریی خۆیان بە قازانجی کۆمەڵگەی ئێران دابنێن. یەکگرتوویی، بەشداریو کێبەرکێی تەندروستی هێزو لایەنە سیاسی ـ مەدەنییەکان دەتوانێ لە هێنانەمەیدانی خەڵکو هەوڵدانی گشتی بۆ گۆڕینی سیستەم بەرەو دێموکراسیتەوەری ڕۆڵی ڕاستەوخۆو کاریگەریی بنەڕەتی دابنێو سروشتییە کە لەدەستدانی ئیمتیاز و دەرفەرتەکان تەنیا لەپێناو بووژانەوەی کۆماری ئیسلامیو بێهیوایی زیاتری نەتەوەکانی ئێراندا دەبێ.

**درێژەی: هەواڵو ڕاپۆرت**

# سەردانی هەیئەتێکی حدک لە ئۆفیسی پارتی دێموکراتی کوردستان، لە دەڤەری واشینگتون



دوانیوڕۆی ڕۆژی دووشەممە ٢ی سێپتامبری ٢٠١٣، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستی بەڕێز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی بەرپرسی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی ئۆفیسی پارتی دێموکراتی کوردستانیان لە دەڤەری واشینگتۆن کردو لە لایەن ژمارەیەک لە بەرپرسانی پارتی بە سەرپرستی بەڕێز حیکمەت بامەڕنی بەرپرسی لقی حەوتی پارتییەوە پێشوازی گەرمیان لێکرا. کاک حیکمەت بامەڕەنی دوای بەخێرهێنانی گەرمی هەیئەتی حیزب، سپاسی سەردانەکەی کردنو خۆشحاڵی خۆیو هەڤاڵانی لە ئاخافتنەکانی دوو ڕۆژ پێشتری سمیناری شەڵماشیو حاتەمی لەو دەڤەرە دەربڕی. ئەو پشتیوانی لە هەڵوێستی بەرپرسەکانی حدک یان سەبارەت بە پرسی کورد کرد. بامەڕنی ڕاپۆرتی بەشی کوردی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەمریکای لە سمینارەکە و وتویژی دوای سمینارەکەی لەگەڵ هەردوو ئەندامی ڕێبەری حدک، بە گرینگی باسەکان لە لایەک و کاریگەری ئەو جۆرە کۆبوونەوە بەجێییەیانە، لە لایەکی دیکە کرد.

پاشان کاک مستەفا شەلماشی سپاسی بەرپرسانو ئەندامانی پارتی لە بەشداری لە سمینارەکەو پێشوازییەکەیان کرد. دواتر ناوبراو باسێکی کورتی سەبارەت بە پرسی کوردو ڕووداوەکانی ناوچەکە کردو پێویستی پتر لەجارانی هاوخەباتی و پاراستنی دەسکەوتەکانی کورد لە باشوورو ڕۆژئاوای کوردستانی بە ئەرکی هەموو لایەک زانی.

هەروەها حەسەن حاتەمی پێشنیاری کرد، بەپێی بەڕێوەچوونی یەکەمین دانیشتنی گشتیی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردو کۆبوونەوەکانی کۆمیتەکانی ئامادەکاری کۆنگرە لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستان، پێویستە لە دەرەوەی وڵاتو بەتایبەتی باکووریی ئەمریکا، کۆمیتەکان، ئەندامانو دۆستانی حیزبو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە هەرچوار بەشی کوردستان، نێوە بە نێوە کۆبنەوەو سەبارەت بە مەسەلە پێوەندیدارەکانی نێوانیانو چۆنیەتی کاری هاوبەش، بەتایبەتی سەردانی ئەندامانی کۆنگرەو بەریوەبردنی بۆنە نەتەوەییەکان بیروڕا ئاڵوگۆڕ بکەن. پێویست بە ئاماژەیە کە ژمارەیەکی دیکەش لە بەرپرسانی بەڕێزی ئەو حیزبەو هاوڕێیانی کومیتەی حدک لە باسو خواسەکاندا بەشدارییان کردو چەندین پرسی بەسوودو گرینگیان ورووژاند. لە کۆتاییدا بەرپرسانی هەردوو حیزب بەگشتیو لە دەڤەری واشینگتۆن بەتایبەتی، ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاریو کۆدەنگی دەربڕی. ئەو سەردانە پاش زیاتر لە کاتژمێرێک کۆتایی پێهات.

# کۆبوونەوەی هەیئەتی ڕێبەری حدک لەگەڵ ژمارەیەک لە چالاکانی نەتەوە نافارسەکانو ئەندامانی حدک



شەوی یەک شەممە ڕێکەوتی ١ی سیپتامبری ٢٠١٣، لە دەڤەری واشینگتۆن دی سی»،ی پایتەختی ئەمریکا، کۆبوونەوەیەک لەگەڵ چەند کەس لە چالاکانی ڕێکخراویی نەتەوە نافارسەکان پێکهات.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە لایەن کۆمیتەی واشینگتونی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێک خرابوو، هەیئەتێک لە بەرپرسانو ئەندامانی حیزب لە ئەمریکای باکووریی، بەسەرپەرستی بەڕێز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی بەشدار بوون.

چالاکانی نەتەوە نافارسەکان کە هەموویان خەڵکانی ئاکادامینیو مامۆستایانی زانستگا جۆراوجۆرەکانی ئەمریکا بوون، لە بەڕێزان: دکتور کەریم عەبدیان، دکتور محەممەد حوسێن بوڕ، حەبیب ئازەرسینانو ئەشکبووس تالبی، پێک هاتبوو.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە سێیەمین کوبوونەوەی لەو چەشنەیە لە دوو مانگی ڕابردوو دا،دوایین گوڕانکارییەکان سەبارەت بە پرسی گرینگی نەتەوە نافارسەکانی ئێران، ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پرسی کوردو کۆنگرەی نەتەوەیی کورد ئاڵوگۆڕی بیرورا کرا. ناوبراوان باسەکانی خۆیان زۆر ڕاشکاوانە لەگەڵ هەیئەتی حدک باس کردو زۆر خۆشحاڵ بوون کە بۆ سێیەمین جارە لە کەش وهەوایەکی زۆر دۆستانە و کراوە دا، لەگەڵ بەرپرسانو ئەندامانی حیزب لە دەڤەری واشینگتۆن دەدوێن.

بەڕێزان شەڵماشی، حاتەمی و باڵنوور، باسو تێبینییەکانی خۆیان، لەگەڵ چالاکە نافارسەکان ڕوونو شەفاف هێنایە گۆڕێو ئەوانیش خۆشحاڵ بوون لە درێژەدان بە کۆبوونەوەکانو هەوڵ دان بۆ کاری هاوبەشو گواستنەوەی باسەکان، بۆ نێو مێدیاکان لەکاتی گونجاو دا. دوابەدوای ئەو کۆبوونەوەیە، بەڕێز کاک مستەفا شەڵماشی بۆ ماوەی پتر لە ٣ کاتژمێر، کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ زۆربەی ئەندامانی حیزب لە دەڤەری واشینگتۆن پێکهێنا. دوای باسو خواسو پێداچوونەوە بە کاروچالاکییەکانی کومیتەی پێشوو دا، بەشداران لە کەشو هەوایەکی زۆر دێموکراتیکدا ڕخنەو تێبینییەکانی خۆیان، پێشکەش کرد و هاوکات کۆمیتە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەڤەری واشنگتۆن نۆژەن کرایەوەو بەئومێدی کارو تێکۆشانی پتر لە ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی هەڵسووڕانو چالاکییەکاندا، بەڵێن درا زیاتر لە پێشوو هەوڵ بۆ بەرەوپێشچوونی ئەرکەکانی ئەندامانی حیزب لەو کۆمیتەیە بدرێ.

**لە کوردستان ئەگەر لەو بارەیەوە، واتە کار لە نیو ژناندا، تا ڕادەیەک پێشکەوتن‌و بەرەوپێش‌چوون هەبووە، دەبێ سوپاسی دوو دەستە لە مرۆڤەکان بکەین. یەکەمیان پیاوانی سیاسیی دیموکرات‌و ڕووناکبیر لەنێو بزووتنەوەی کورددا، کە بۆ خۆیان پێشەنگ بوون‌و بوون بە ئۆلگوو بۆ تێکۆشەرانی نەتەوەکەیان. دەستەی دووهەم لە مرۆڤەکان کە لەم بارەوەیە کاریگەریان هەبووە، ئەو ژنانە بوون کە لە ڕیزی پێشمەرگەو لە نێو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستاندا تێکۆشانیان هەیە**



## لە ئەزموونی ژنانی پێشمەرگەی کوردستانەوە

# ژنانی پێشمەرگەو خەباتی نەتەوەیی‌و یەکسانیخوازانە

**ئاماژە:**
**پارێزگای ویست ئاگدەری نۆرویژ بە هاوکاریی سەنتەرو ڕێکخراوی کۆمەڵایەتیی ئەم پارێزگایە، بە بۆنەی ١٠٠ ساڵەی دابینبوونی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆرویژ، زنجیرەیەک کۆنفرانس‌و چالاکیی کەلتووریی لە سەرەتای سێپتامبری ئەمساڵدا بەڕێوە برد.**
**کوێستان فتوحی، لە سەر پێشنیاری کۆمەڵێک لە ژنانی چالاکی کورد لە نۆرویژو ئورووپا بۆ بەشداری لەم کۆنفرانسەو چەندین بەرنامەو چالاکیی دیکەدا بانگهێشت کردبوو. بەڵام بەو هۆیەوە کە نەیتوانی ڕاستەوخۆ لەو کۆنفرانسەو بەرنامەکانی دیکەدا بەشدار بێ، لە ڕێگای وتارێکی ڤیدئۆیی‌یەوە، باسێکی لە بارەی خەباتو تێکۆشانی ژنانی پێشمەرگەی کوردستان، پێشکەشی بەشدارنی ئەم کۆنفرانسە کرد. ڕێکخەرانی کۆنفرانسەکە، وێڕای بەداخبوون لە نەهاتنی ئەم میوانەیان لە کوردستانەوە، ئاماژە بە خەباتو تێکۆسانی چەندین ساڵەی ئەم ژنە پێشمەرگەیە لە مەیدانی خەباتی یەکسانیخوازانەدا، وێڕای بڵاوکردنەوەی کورتەیەک لە دەقی کوردیی وتارەویدئۆییەکە بە دەنگی کوێستان فتوحی، وەرگێڕدراوی نۆرویژی وتارەکەی ناوبراویان بەهۆی خاتوو خونچە محەممەدی، پێشکەشی ئامادەبووان کرد. ئەمەی خوارەوە دەقی وتارەکەیە:**

### بەڕێزان سڵاو!

لە کوردستانەوە لە گەڵتان دەدوێم و ژنێکی کوردم. کوردستان، وڵاتێکی پارچەپارچەکراوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستەو کورد نەتەوەیەکی ٤٠ میلیۆنی‌یە کە وڵاتانی تورکیە، ئێران، عێراق‌و سووریە بە سەر خۆیاندا دابەشیان کردوە. دەتوانم بڵێم گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتی ئەم ڕۆژگارەین. ئەم وڵاتدابەشکراوی‌و بندەستی‌یە نەتەوەیی‌یە، ستەمێکی دیکەشی خستۆتە سەر ئەو ستەم‌و هەڵاواردنانەی ژنان لە کۆمەڵگە پیاوسالارو دواکەوتووەکاندا لە گەڵی بەرەوڕوون، ئەویش ستەمی نەتەوەیی‌یە. دەمەوێ هەر لەم دەلاقەیەوە خۆتان پێ‌بناسێنم‌و باس لە مەینەتی‌و بێ‌بەشی‌یەکان‌و هەر لەو کاتەدا باس لە خەباتو تێکۆشانی ژنانی کوردستان بکەم.

ئەمن کوێستان فتوحیم‌و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانم، ئەو پارچەیەی کوردستان، کە زۆر جار بە کوردستانی ئێران ناو دەبرێ. لە کوردستان حیزب‌و ڕێکخراوی سیاسیی جۆراوجۆر هەن. ژمارەیەک لەوان شان‌بەشانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی‌یەکان، گرنگی بە پرسە کۆمەڵایەتی‌یەکان‌و یەک لەوان پرسی ژنان دەدەن. حیزبی دیموکراتی کوردستان یەک لەو حیزبانەیە. ئەمن‌و خوشکێکم کە لە خۆم گەورەترە، لە سەرەتادا بە شێوەی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری خەباتگێڕانەمان دەکرد، بەڵام کاتێک هەستمان کرد لە ژێر چاوەدێری‌داین‌و مەترسیی گیرانمان لە لایەن دامودەزگای جاسووسی‌و سەرکوتی ڕێژیمی ئێرانەوە لە سەرە، چووینە ڕیزی پێشمەرگەکان. لە ساڵی١٩٨٦ەوە کە تەمەنم ١٨ ساڵ بوو، هەتا ئێستا واتە ماوەی ٢٧ساڵە، پێشمەرگایەتیم وەک ڕێگایەک بۆ خەباتو بەربەرەکانی لە گەڵ هەر دوو ستەمی نەتەوەیی‌و جینسی هەڵ بژاردوە.

حەز دەکەم واتای «پێشمەرگە» بۆ ئێوە باس بکەم. لە نێو نەتەوەی کورددا، ئەو کەسانەی ئامادەن ژیان‌و گیانی خۆیان فیدای ئازادی‌و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکە بکەن، پێیان دەگوترێ پێشمەرگە. ئەو ژنانەی لە بزووتنەوەی ڕزگاری‌خوازانەی کوردستان‌دا بوون بە پێشمەرگەو لە باری هاتنەنێوکاری سیاسی‌و خەباتگێڕانەو چالاکیی کۆمەڵایەتی‌و مرۆڤدۆستانەوە، پێشەنگن ، بە مانای واقیعی پێشمەرگەن. چونکە مەسەلەکە بۆ ئەوان، هەر تەنیا، ڕووبەڕووبوون لە گەڵ مەترسیی شەڕو گیان‌لەدەستدان بە هۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، عێراق، تورکیە و سووریە نیە، ڕووبەڕووبوون لە گەڵ بیرکردنەوەو ڕوانینی دواکەوتووانەی کۆمەڵگایەکی پیاوسالاریشە. ئەمنیش وەک ژنانی پێشمەرگەی دیکە، لە لایەکەوە دەبوا ئەرکی ڕۆتینی پێشمەرگانەی خۆم کە داکۆکی لە خەڵکی کوردستان‌و بەرگری لە خۆم‌و هاوڕێیانم لە کاتی هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا بوو بەڕێوە ببەم، لە لایەکی دیکە لە ئەرکی پێشەنگانەی خۆم وەک ژنێک‌و وەک داواکارێکی یەکسانیی ژن‌و پیاو غافڵ نەبم.

ئەو کات کە بووم بە پێشمەرگە، شارەکان لە لایەن هێزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە، کۆنترۆڵ دەکران. هەر بۆیە هەڵسووڕان‌و چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگە، بە زۆری لە دەرەوەی شارەکان‌و لە نێو خەڵکی گوندنشین‌دا بوو. ئێمە ژنانی پێشمەرگە لە نێو ژنانی لادێ‌دا، زۆر ئەرک هەبوو کە دەبووا جێبەجێیان بکەین. بەو هۆیەوە کە کوردستان، لە لایەن ڕێژیمە زۆردارەکانەوە، بە ئەنقەست لە دواکەوتوویی ئابووری‌و کولتووری‌و کۆمەڵایەتی‌دا ڕاگیراوە، بە داخەوە ژنان‌و کچان بە تایبەتی لە گوندەکان هەتا ئێستاش لە هەلومەرجێکی زۆر خراپ‌دا دەژین. هەر بۆیە ئێمە لە چەند بواردا دەبووا کار بکەین. لە باری لەش‌ساغی‌و دەرمانی‌یەوە، پێویست بوو بەو ئیمکاناتە کەمەی هەمانە، ڕێنوێنی‌و هاوکاریی ژنان بکەین. فێریان بکەین لە کاتی سووڕی مانگانەو لە کاتی دووگیانی‌دا، چۆن تەندروستیی خۆیان بپارێزن. بە داخەوە هەتا ئێستاش زۆر لە گوندەکانی کوردستان، بنکەو ناوەندی دەرمانی‌و لەش‌ساغی‌یان لە لایەن دەوڵەتەوە بۆ دابین نەکراوە. ژنان هەروا لە ئیمکاناتی وەک پێشگیری لە منداڵبوون بێبەشن. ٢٠-٣٠ ساڵ لەمەوبەر بارودۆخەکە زۆر خراپتریش بوو. ئێمە پێشتر لە بنکە دەرمانی‌یەکان‌و نەخۆشخانەکانی شۆڕش‌دا، بۆ ئەم جۆرە هاوکاری‌و ڕێنوێنی‌یانە، هێندێک ئامووزش درابووین. بەڵام ئەوەندە هاوکاری‌و ڕێنوێنی‌یەی لە دەست ئێمە دەهات، زۆر کەم بوو و تەنیا ئەو گوندانەی دەگرتەوە کە هێزی پێشمەرگە هاتوچۆی دەکردن.

لە بواری کۆمەڵایەتی‌و کولتووریش‌دا، پێویست بوو لە نێو ژنان‌و لە نێو بنەماڵەکان‌دا کار بکەین. ئەو کاتە زۆر داب‌و نەریت لە نیو خەڵکدا هەبوون کە بە زیانی ژنان بوون. دیارە ئێستاش، ئەگەرچی کەمتر بوون، بەداخەوە لە نێو کۆمەڵگای کوردستان‌دا هەر ماون. خەتەنەکردنی کچان، ئەویش بە شێوەیەکی زۆر بێبەزەیی‌یانەو بە ناتەندروستترین کەلوپەل‌و تیکنیکەکان، بەزۆربەشوودان، هەڵاواردن بە دژی کچان‌و ژنان بە تایبەتی لە بواری خوێندن‌دا، لەو دیاردانە بوون. ئێمە هاندەری دایکەکان بووین کە کچەکانیان خەتەنە نەکەن‌و لە مەترسی‌یەکانی ئەو کردەوەیە ئاگادارمان دەکردنەوە. داوامان لە دایک‌و بابەکان دەکرد کە کچەکانیشیان بنێنە بەر خوێندن. لە بەشێک لە گوندەکان‌دا کە ئازاد بوون‌و هێزی پێشمەرگە دەی‌پاراستن، هیزە سیاسی‌یەکانی کوردستان، قوتابخانەیان کردبۆوەو کتێبی خوێندن‌و مامۆستایان بۆ منداڵان‌و تەنانەت گەورە ساڵان دابین کردبوو. ژمارەکی زۆر لە ژنانی پێشمەرگە، وەک مامۆستا لەو قوتابخانانەدا، دەرسیان دەگوتەوە. ئێمە ژنانی پێشمەرگە، هەروەها لەبارەی خراپی‌یەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە کچان‌و ژنان، لە گوندەکان‌دا کۆڕو کۆبوونەوەمان پێک دێنا. تەنانەت بەدواداچوونمان دەکردو ئەو کەسانەی تاوان یان کردەوەی زۆر توندوتیژ بەرامبەر بە هاوسەرو کچی خۆیان ئەنجام دەدا بە هێزی پێشمەرگەمان دەناساندن بۆ ئەوەی لە لایەن دامەزراوەکانی بزووتنەوەی کوردستانەوە، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ بکرێ. باسی ئاکامە خراپەکانی بە زۆربەشوودانی کچانمان بۆ خەڵک دەکرد. بەشێک لە کاتی خۆمان تەرخان کردبوو بۆ سکاڵای ئەو کچ و ژنانەی لە بنەماڵەدا لە گەڵ ستەم‌و بەدڕەفتاری بەرەوڕوو دەبوون‌و ڕێنوێنیمان دەکردن. لە ڕاستی‌دا ژنان‌و کچانی گوندەکان، کە هێزی پێشمەرگەو بە تایبەتی ژنانی پێشمەرگەیان دەدیت دەگەشانەوە. چونکە ئەوانیان بە پشتیوانی خۆیان دەزانی کە لە بەرامبەر ستەم‌و هەڵاواردن‌دا داکۆکی‌یان لێ‌دەکەن.

لە پەنا ئەو کارانەش‌دا، پێویست بوو ژنان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا بکەین‌و باس لە پێویستیی یەکسانیی ژن‌و پیاو لە خیزان‌و کۆمەڵگەیان‌دا بۆ بکەین. ئەگەر ئێمەی ژنانی پێشمەرگە لەو پرسە غافڵ بوایەین‌و گرنگیمان بە کێشەو گرفتەکانی ژنان لە کۆمەڵگەدا نەدابایە، هیچ جیاوازی‌یەکمان لە گەڵ پیاوێکی پێشمەرگە نەدەبوو. لە ڕاستی‌دا بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی‌و ڕزگاری‌خوازانە، ئەگەر پرسی ژنان‌و ماف و ئازادی‌یەکانی ئەوان پشتگوێ بخاو تەنیا، لابردنی ستەم‌و زۆرداریی سیاسی لە سەر نەتەوەکەی خۆی، بکا بە ئامانج، تووشی کەموکوڕی‌و لاوازی‌یەکی گەورە دەبێ. حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان، تا ڕادەیەک ئەم ڕاستی‌یە تێ‌گەیشتوون‌و لە بەرنامەی خۆیان‌دا بایەخیان بە مەسەلەی ژنان داوە. بەڵام هەر گرنگیدان بە ژنان لە بەرنامەو پەسەندکراوەکان‌دا بۆ ئەوەی، ژنان ڕۆڵی چالاکانەیان لە خەباتی نەتەوەکەیان‌دا هەبێ بەس نیە. دەبێ کاری عەمەلی‌و ڕەوشەنگەرانە لە نێو کۆمەڵگە بەگشتی‌و بە تایبەتی لەنێو ژنان‌دا بکرێ.

لە کوردستان ئەگەر لەو بارەیەوە، واتە کار لە نیو ژنان‌دا، تا ڕادەیەک پێشکەوتن‌و بەرەوپێش‌چوون هەبووە، دەبێ سوپاسی دوو دەستە لە مرۆڤەکان بکەین. یەکەمیان پیاوانی سیاسیی دیموکرات‌و ڕووناکبیر لەنێو بزووتنەوەی کورددا، کە بۆ خۆیان پێشەنگ بوون‌و بوون بە ئۆلگوو بۆ تێکۆشەرانی نەتەوەکەیان. پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان لە دا١٩٤٦ یەک لەو کەسایەتی‌یانە بوو کە پێش هەموو کەس هاوسەرەکەی خۆی (مینا خانم)ی هان‌دا بێتە نێو چالاکیی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی. هەروەها، وەک سەرکۆمارێک پێشنیاری دامەزرانی ڕێکخراوی بۆ ژنانی کوردستان کرد. کەسایەتی‌یەکی دیکە کە لەم بارەیەوە کاریگەریی زۆری لە سەر خەباتکارانی نەتەوەکەی هەبوو، د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو بوو کە لە دەیەکانی ٧٠ و هەشتای زایینی‌دا، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی ڕیبەرایەتی دەکرد. د.قاسملوو، بایەخی زۆری بە پێویستیی بەشداریی ژنان لە تێکۆشانی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا دەدا.

دەستەی دووهەم لە مرۆڤەکان کە لەم بارەوەیە کاریگەری‌یان هەبووە، ئەو ژنانە بوون کە لە ڕیزی پێشمەرگەو لە نێو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌دا تێکۆشانیان هەیە. ئەوان لە نێو حیزب و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان‌دا، هەمیشە وەک ڕەخنەگرو وەک هێزێکی گوشار، لە دژی کەمتەرخەمی بەرامبەر بە پرسی ژنان لە کۆمەڵگەو تەنانەت لە نیو حیزبەکانیان‌دا، دەنگی ڕەخنەو ناڕەزاەتی‌یان بەرز کردوەتەوە. کاریگەریی ئەم دوو دەستەیە لە مرۆڤەکان‌و لە لایەکی دیکەوە، بەرزبوونەوەی وشیاریی ژنان لە نێو کۆمەڵگە و پێداگری‌یان لە سەر مافەکانیان، بووە بە هۆی ئەوە ئێستا لە ڕێبەریی ژمارەیەک لە حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌دا، ڕێژەیەک لە ژنان دەبینرێن. ئەم ڕێژەیە ئەگەر چی زۆر کەمە، بەڵام بە بەراورد لە گەڵ ڕابردوو، دەبێ وەک دەسکەوتێک سەیری بکرێ. ئەمن‌و کۆمەڵێک ژنی دیکە زیاتر لە پێنج ساڵە لە ڕێبەریی حیزبێکی سیاسیی گەورەی کوردستان‌داین. جگە لەوەش بە هاوکاری‌و پشتیوانیی پیاوانی یەکسانی‌خواز، توانیومانە کۆمەڵێک پرەنسیپ بە قازانجی ژنان لە بەرنامەو تێکۆشانی حیزبەکەی خۆمان‌دا جێگیر بکەین.

بەڕێزانی بەشدار لەم کۆنفرانسەدا!

دەمەوێ باسی بوارێکی دیکەی تێکۆشانی خۆم‌و ژنانی پێشمەرگەی وەک خۆمتان بۆ بکەم، بواری ڕاگەیاندن. ئەو ژنانەی لە ڕیزەکانی پێشەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و ئازادی‌خوازانەی کوردستان‌دا، وەک پێشمەرگە بەشدارن، لە ڕاگەیاندنی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌دا، نەخشیان هەیە. ئەوان هەوڵیان داوە ئەم بوارە هەر تەنیا بۆ گرنگیدان بە پرسی سیاسی‌و نەتەوەیی بە کار نەهێنرێ‌و بۆ داکۆکی‌کردن لە ماف‌و ئازادی‌یەکانی ژنان‌و بردنەپێشی ئەو پرسە ڕەوایەش بە کار بهێنرێ. ئەمن‌و ژنانی هاوکارو هاوخەباتم توانیومانە بە وەڕێ‌خستنی گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بە ژنان، بە پێکهێنانی بەرنامەی ڕادیۆیی‌و تەلەڤیزیۆنی، بە دامەزراندنی وێبلۆگ‌و ماڵپەڕی ژنان، ئیمکاناتی ڕاگەیاندنی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان‌و بزووتنەوەی کوردستان، بۆ داکۆکی لە ژنان بە کار بێنین. ئەمن لەو بڕوایەدام، لە هەر کۆمەڵگەو ولاتێک کە خەباتێکی ڕەواو بزووتنەوەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی لە گۆڕێ‌دایەو ژنانیش تێی‌دا بەشدارن، ژنان دەبێ هەم لە ناوەندەکانی بڕیاردان‌و هەم لە ڕاگەیاندن‌و تریبوونەکانی ئەو خەبات‌و بزووتنەوانەدا، پشکو ڕۆڵی دیاریان هەبێ بۆ ئەوەی لەو شوێنە گرنگانە، ژنان پشتگوێ نەخرێن. بە سەرنجدان بەو ڕاستی‌یەشە کە بۆ خۆم وێڕای بەشداریی چالاکانە لە کۆمەڵێک ڕاگەیاندن‌دا، ماوەی چەند ساڵە سەرنووسەریی، ڕۆژنامەی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانم گرتۆتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی لەو سەنگەرەوە داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە گشتی‌و مافی ژنانی کوردستان بە تایبەتی بکەم.

دیارە لە کوردستان چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراو و ناوەندی تایبەت بە ژنان هەن کە هێندێکیان سەربەخۆو هێندێکیان سەر بە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانن. دەبێ پێتان بڵێم کە چەند ساڵێکە ژنانی پێشەنگ‌و پیاوانی یەکسانی‌خواز لە کوردستان، سەرەڕای جیاوازیی ڕێکخراوەیی‌و بیرو بۆچوونی سیاسی، لە گەڵ یەکتر لە پێوەندی‌دان، کۆڕوکۆبوونەوەو کەمپەین‌و کۆنفرانسی تایبەت بە ژنان بەڕێوە دەبەن. بە هاودەنگی، ڕەخنەو ناڕەزایەتی‌یەکانیان دژی ستەم‌و هەلاواردن‌و توندوتیژی دژی ژنان ڕادەگەیەنن. بە باوەڕی من، لە هەر کۆمەڵگایەکو تەنانەت لە ئاستی ناوچەیی‌و جیهانی‌دا، ژنان سەرەڕای جیاوازیی نەتەوەو وڵات‌و زمان‌و ئایین‌و ڕەنگی پێست، پێویستە بۆ پرس و ئامانجە هاوبەشەکانیان، هاوخەبات و هاوکاری یەکتر بن. پێویستە ئەزموونەکانیان لە گەڵ یەکتر بگۆڕنەوەو کێشەی ژنانی کۆمەڵگەو وڵاتێکی دیکەو شکان‌و سەرکەوتنی ئەوان بە هی خۆیان بزانن.

### بەڕێزان!

تا ئێرە باسی ئەو ژنانەم بۆ کردن کە لە چیاکانی کوردستان‌و لە ڕیزی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یە خەباتکارەکانی کوردستان‌دا وەک پێشمەرگە تێکۆشانیان هەیە. دەمەوێ ئەگەر بە کورتییش بووە، باسی ژنانێکی دیکەتان بۆ بکەم کە لە نیوخۆی کوردستان، لە ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆر و دژەژنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا چالاکی دەکەن. ژنانێک کە خەباتی مەدەنی دەکەن بۆ ئەوەی دەنگی ناڕەزایەتی دژی قانوونەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پڕن لە هەڵاواردن بەرامبەر ژنان، بەرز بکەنەوە. ئەوان لە ڕێگای خەباتی هێمنانەوە، داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکەن، تیشک دەخەنە سەر هۆیەکان‌و چەندو چۆنی توندوتیژی دژی ژنان، پارێزگاری لە ژینگە دەکەن، یان یارمەتیی ئەو ژنانە دەدەن کە تووشی ماددە سڕکەرەکان بوون. ژنانێکیش هەن لە سەر دیاردەکانی وەک خۆکوشتنی ژنان، ڕاکردنی کچان‌و ژنان لە ماڵەوە، لەشفرۆشی، نەخۆشیی ئایدز، کار دەکەن. بە داخەوە ژمارەیەک لەو ژنانە، لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە سەر کارەکانیان وەلانراون، یان تووشی بەندیخانەو ئازارو ئەشکەنجە بوون. ئەمن پێم‌خۆشە ئەو جۆرە ژنانەش هەر وەک پێشمەرگە ناو بەرم. چونکە ئەوانیش ئامادە بوون، لە پێناوی ئازادی و بەختیاریی مرۆڤەکانی دیکەو لە پێناوی دادپەروەری، دیمۆکراسی‌و مافی مرۆڤدا قوربانی بدەن.

### ژنانی نورویژی‌و ژنانی میوان لە نەتەوەو وڵاتانی جۆراوجۆرەوە!

پیرۆزبایی ئەم کۆبوونەوە گەورەیەتان لێ‌دەکەم کە بە بۆنەی ١٠٠ساڵەی بە دەستهێنانی مافی دەنگدان بۆ ژنانی نۆرویژ پێک هاتوە. سپاسی شارەوانیی پارێزگەی ئوستئاگدەرو سەنتەری یەکسانی‌خوازو ڕێکخراوی یوئێن دەکەم بۆ پێکهێنانی دەرفەتی کۆبوونەوەو پێک‌ئاشنابوونی ژنانی چالاکو پێشەنگی نۆرویژو نەتەوەو وڵاتانی جیاواز. هەروەها سوپاس‌و پێزانینی زۆر بۆ هەموو ئەوانەی زەحمەتی زۆریان کێشا ئەمن لەو یادە خۆش‌و گرنگەدا بەشدار بم. هەرچەند بەداخەوە نەم‌توانی لەنزیکەوە بەشداری بکەم.

هیوادارم وڵاتی نۆرویژ هەر وەک لە دابین‌کردنی مافەکانی ژنان‌دا پێشەنگ بووە، لە بواری پشتیوانی لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی دیکەش‌دا پێشەنگو بەردەوام بێ.

ئاواتم هاوپێوەندیی زیاتری ژنانی جیهان‌و بەرەوپێشچوونی خەباتی یەکسانی‌خوازانەی ئەوانە.

**کوێستان فتووحی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە**



**ئەگەر تا پێش دەستپێکردنی گرژی‌و ئاڵۆزی‌یەکان، زۆرداری و دیکتاتۆریی ئەو ڕێژیمە لەژێر ڕێبەرایەتیی بنەماڵەی ئەسەد وەک بنەماڵەی حاکم بەسەر ئەو وڵاتەدا، لەپێش چاوی بیروڕای گشتی نادیار بوو، ئەوا لەم دوو ساڵەی دواییدا دڕندەیی ئەو ڕێژیمە بە شێوازی جۆراوجۆرو لە ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکان‌و تەنانەت خەڵکی ئاساییش‌دا بە ڕوونی خۆی دەرخست.**

**سیروان موساپوور**

**ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ ڕایگەیاندوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە واتە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ٨٨ی ئێران، ژمارەی پەناخوازانی ئێرانی بە ڕێژەیەکی بەرچو زیادی کردوە. هەر بەو پێیەش ئەو مەترسی‌و گیروگرفتانەی تووشی پەناخوازان بوونەتەوە زیادی کردوەو بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە پەناخوازان لەم ماوەیەو لەم ڕێگەیەدا**

**مەسعود ڕەواندوست**

# چوار فاکتەری سەرەکی لە بەردەوام بوونی قەیرانی سووریەدا



**سیروان موساپوور**

چەند میلیۆن ئاوارەو پتر لە سەد هەزار کوژراو و بە هەزاران بریندارو بەرکەوتووی شەڕو گرژی‌یەکان، ئاکامی زیاتر لە دوو ساڵ شەڕو ئاڵۆزی‌یەکانی نیوخۆی سووریەن. لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا شۆڕش‌و ڕاپەڕینەکان چەند وڵاتێکی وەک تونیس، لیبی، میسر، سووریەو چەند وڵاتێکی دیکەیان گرتەوە بەڵام ئەوەی بارودۆخی سووریە لەگشت ئەو وڵاتانە جیا دەکاتەوە، لەلایەک تێچووی ماددی‌و گیانیی زۆرو لەلایەک بەردەوامیی ئەو شەڕ و ئاڵۆزی‌یانەیە. ئەگەرچی لە هێندێک وڵاتی وەک لیبی‌و میسر و ...یش تا ئێستا بە جۆرێک لە جۆرەکان قەیران‌و بارگرژی هەر هەیەو بە تەواوی بنبڕ نەبووە، بەڵام لانی‌کەم لەو وڵاتانە ڕێژیمی پێشوو لەسەر کار نەماوەو وڵات بەرەو گۆڕان‌و بنیاتنانەوە دەڕوا، کەچی لە سووریە قەیرانەکە گەرمتر لە ڕۆژەکانی سەرەتا هەروا درێژەی هەیەو قوربانیی زیاتر دەستێنێ. ئەگەر بمانەوێ تاکرەهەندی سەیری مەسەلەکە نەکەین‌و ئاماژە بە فاکتەرو هۆکاری جیاواز لە بەردەوامیی قەیران‌و درێژەکێشانی گرژی‌و ئاڵۆزی‌یەکان بکەین، ئەوا دەتوانین لەنێو گشت ئەم فاکتەرانەدا ئاماژە بە چوار فاکتەری سەرەکی بکەین:

### یەکەم) زاڵمی‌و دیکتاتۆریی حکوومەتی سووریەیە

لە کەس شاراوە نیە کە حکوومەتی ئێستای سووریە یەکێک لە دڕندەترین و خوێنخۆرترین حکوومەتەکانی ئێستای ناوچەکەو جیهانە. ئەگەر تا پێش دەستپێکردنی گرژی‌و ئاڵۆزی‌یەکان، زۆرداری و دیکتاتۆریی ئەو ڕێژیمە لەژێر ڕێبەرایەتیی بنەماڵەی ئەسەد وەک بنەماڵەی حاکم بەسەر ئەو وڵاتەدا، لەپێش چاوی بیروڕای گشتی نادیار بوو، ئەوا لەم دوو ساڵەی دوایی‌دا دڕندەیی ئەو ڕێژیمە بە شێوازی جۆراوجۆرو لە ناوچە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە بەرهەڵستکارەکان‌و تەنانەت خەڵکی ئاساییش‌دا بە ڕوونی خۆی دەرخست. وەک دوایین نموونەش دەتوانین ئاماژە بە بەکارهێنانی چەکی شیمیایی‌و کوژرانی زیاتر لە هەزارو چوار سەد کەس لە خەڵکی بێ‌تاوانی ئەو وڵاتە بکەین، کە ئەگەر لەلایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی‌یەوە پێشی پێ‌نەگیرێ، بێ‌شک جینایەتی سامناکتر لەوەش دەخولقێنێ.

### دووەم) پەرش‌وبڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن

هەر لەگەڵ دەستپێ‌کردنی ئاڵۆزی‌یەکانی سووریە چەندین هێزو لایەنی سیاسی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی‌و سەربازیی ئەو وڵاتە بە ناوچە کوردنشین‌و عەرەب‌نشینەکانەوە دەرکەوتن کە بێجگە لە چەند دانەیەکیان ئەوانی دیکە ناوو ناوبانگێکی ئەوتۆیان نەبوو و کورد گوتەنی «ناویان لە کولەکەی تەڕیش‌دا نەبوو». دەتوانین بە ڕاشکاوی بڵێین ئەگەر وڵات تووشی بارودۆخێکی وا نەبووایە، زۆر لەو هێزانە هەرگیز نەیان‌دەتوانی تەنانەت» اعلام موجودیت»یش بکەن. ئێستا قسە لەسەر بوون‌و پەیدابوونی هێزو لایەنەکان نیە، بەهەرحاڵ سروشتی‌یە کە لە کەشی ئازاددا ڕەوتە سیاسی‌یەکان باشتر گەشە دەکەن تا لەژێر حوکمی دیکتاتۆری‌دا، بەڵام قسە لەسەر یەکترنەخوێندنەوەو قبووڵنەکردنی یەکترە، کە تەنانەت زۆرجار لە دژی یەکتر پەنا بۆ لایەنی دژبەیەکیش دەبەن. پیادەکردنی سیاسەتی «بانێک و دوو هەوا» لەلایەن بەشێکیان و، گومانی هەبوونی پێوەندیی لەگەڵ حکوومەتی ئێستای سووریە لەلایەن هێندێکیان‌و توندڕەوبوون و مەزنی‌خوازیی ژمارەیەکیان، بۆتە هۆی ئەوە کە هیچکام ئەم هێزانە نەتوانن گورزی کاریگەر لە پەیکەری ڕێژیم بدەن‌و دەکرێ وەک فاکتەرێکی سەرەکییش لە بەردەوام‌بوونی قەیرانی ئەو وڵاتەدا قسەی لەسەر بکرێ.

### سێیەم) دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ

### یەکێکی دیکە لە فاکتەرە کاریگەرەکان

لە درێژەکێشانی گرژی‌و ئاڵۆزی‌یەکانی سووریە، دەستتێوەردانی وڵاتانی دراوسێ‌و ناوچەیی‌یە. پشتیوانیی هەمەلایەنەو بێ‌ئەملاوئەولای ڕێژیمی ئێران لە ڕێژیمەکەی ئەسەد لەلایەکو پشتیوانیی تورکیاو چەند وڵاتێکی عەرەبیی ناوچەکەش لە دژبەرانی ڕێژیمی سووریە لەلایەکی دیکە دەکرێ وەک فاکتەرێکی کاریگەر لە خۆش‌کردنی ئاگری ئەم ئاڵۆزی‌یانەدا باسی بکرێ. لە تازەترین هەواڵی هەواڵدەری‌یەکان‌دا سەدو حەفتا نوێنەری مەجلیسی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا گوتوویانە کە ئامادەن گیانی خۆیان بۆ سووریە ببەخشن. سەرەڕای ئەو پشتیوانی‌یە بەهێزە مەعنەوی‌یە، لە ماوەی ئەم دوو سێ ساڵەدا بە چەندین میلیۆن دۆلار لەلایەن ئێرانەوە هاوکاریی ڕێژیمی سووریە کراوە. بێ‌گومان پشتیوانیی هێندێک لە وڵاتانی دیکەی دراوسێ‌و ناوچەیی‌و لەسەرووی هەمووانیشەوە تورکیا لە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەو هەوڵدانی وڵاتانێکی وەک قەتەرو عەرەبستان و... بۆ لەسەرکارنەمانی حکوومەتی ئەسەد لایەنێکی دیکەی باسەکەیە.

### چوارەم) سستهەڵوێستیی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و بەرژەوەندی خوازیی زلهێزەکان

دەتوانین بڵێین ئەگەر کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بە گشتی لە بەرامبەر حکوومەتی سووریەدا هەڵوێستێکی وا سستو خاوی نەبووایەو ئەگەر زلهێزەکانی جیهانیش‌و لەسەرووی هەموانەوە ئەمریکاو چین‌و ڕووسیە گیانی هەزاران خەڵکی بێ‌تاوانی ئەم وڵاتەیان فیدای بەرژەوەندی‌یەکانیان نەکردبایەو تۆزقاڵێک لە پیادەکردنی ئەو دێموکراسی‌و مافی مرۆڤەی پڕوپاگەندەی پێوە دەکەن، خێرا بووایەن‌و خێروبێری ئەو چەمکو زاراوە جوانانەیان بۆ «غەیرە خودی»یەکان‌و جیهانی دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان ویستبایە، بێ‌شک پێش بەو تاوانە دژەمرۆیی‌یانەی حکوومەتی سووریە دەگیرا. دوای زیاتر لە دوو ساڵ کوشتو کوشتارو کاولکاری، لەم چەند ڕۆژەی دوایی‌دا ئۆباما ڕای‌گەیاندوە کە لە پەنا هێرشی بەرتەسکی سەربازی بۆ سەر بنکەکانی سووریە، بەرنامەیەکی درێژخایەنیشی بۆ بەهێزکردنی دژبەرانی ئەو وڵاتە هەیە. وەک دەزانین ئەو هێرشەی ئەمریکا بۆ سەر سووریە ئەگەر بکرێ، وەک خۆیان دەڵێن دژکردەوەیە بە کەڵکوەرگرتنی ڕێژیمی سووریە لە چەکی شیمیایی‌یە کە هەرنەبێ گیانی ١٤٢٦ کەسی ئەستاند کە ٤٢٦ کەسیان منداڵ بوون. ئەمریکا پێشتر زۆرجار ڕای‌گەیاندبوو کە کەڵکوەرگرتن لە چەکی شیمیایی «هێڵی سوور»ی ئەو وڵاتەیەو نرخی قورسی بەدواوە دەبێ.هەرچەند دەکرا لەم بارەیەوە زووتر هەڵوێست گیرابایە. بەڵام وەک دەڵێن: لە سیاسەت‌دا ئەوە بەرژەوەندی‌یە کە قسەی یەکەم دەکا!

وتەی کۆتایی: بە کورتی باس لە چوار فاکتەری سەرەکی لە فاکتەرەکانی بەردەوام‌بوونی گرژی و ئاڵۆزی‌یەکانی سووریە کرا، کە دەکرێ زیاتریان لەسەر بنووسرێ‌و فاکتەری دیکەشیان لێ زیاد بکرێ. بەڵام وەک دوا وتە دەتوانین بڵێین نە ڕێژیمەکەی ئێستای سووریە دەتوانێ تاسەر درێژە بەخوێنڕێژی‌و کاولکاری‌یەکانی بداو نە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش بۆ ماوەیەکی زۆرتر سستهەڵوێستو لەڕاستی‌دا بێ‌هەڵوێست دەبێ. بەڵام ئەوەی جێگەی بایەخ‌پێدان‌و هەڵوەستەلەسەرکردن‌و بەدواداچوونە، هەڵوێستی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتەیە کە دەکرێ بە دوو ئاقاری جیاوازدا بڕوا. ئەگەر بتوانن کولتووری یەکترخوێندنەوەو یەکترقبووڵکردن‌و هاوهەڵوێستی بەسەر کەشی سیاسی‌و سەربازیی ئەو وڵاتەدا زاڵ بکەن‌و لە بەرژەوەندیی تەسکی حیزبایەتی‌یەوە سەیری ئاڵوگۆڕەکان نەکەن‌و بە ڕووحێکی لێبوردەیی‌و نیشتمانی‌یەوە بۆ داهاتوو بڕوانن، ئەوا ئەو کاتەیە کە دەکرێ بە سووریەی دوای ئەسەد هیوادار بین‌و چاوەڕوانی زۆر دەسکەوتی گەورە لەو هێزانەو دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەیی یان هەرنەبێ کەم‌کردنەوەی بین. بەڵام ئەگەر ڕەوشەکە بە ئاقارێکی پێچەوانەی ئەو ڕەوتەدا بەرن، ئەوا ئەوکات ڕۆژگارێکی ڕەش ڕەوشی هەمەلایەنەی ئەو وڵاتە دادەگرێ و هیچ دوور نیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە یارمەتی‌دانیان پەشیمان‌و وڵاتانی دراوسێیش لەسەر دەستتێوەردانی زیاتر سوورتر بکاو خەڵکی تاڵی‌چێشتووی وڵاتیش نەتوانن ڕەنج‌و مەینەتیی چەندین ساڵەی ژێر دەسەڵاتداریی ئەسەد لەخۆیان بەدەر کەن‌و لەژێر سێبەری دەسەڵاتێکی هەڵبژێردراوی خۆیان‌دا بحەسێنەوە.










# مەترسی‌و گرفتەکانی بەردەم پەناخوازان



**مەسعوود ڕەواندووست**

کۆچ کردنو گۆڕینی شوێنی ژیان دیاردەیەکە کە هەر لە کۆنەوە هەبووەو مرۆڤەکان بۆ باشترکردنی باری ژیانو وەدەستهێنانی ئیمکاناتی باشتر لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەو لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە کۆچیان کردوە. بەڵام دوای دامەزرانی دەوڵەتی نوێ‌و دیاریکران و سەقامگیربوونی سنوورە سیاسییەکان، مەبەست و شێوازو ڕێگاکانی کۆچکردن ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتو بەربەستو گیروگرفتی نوێی خرانە بەردەم کۆچبەرانەوە.

لە سەردەمی نوێ‌داو بە تایبەت لە وڵاتانی جیهانی سێهەم کە دەوڵەتەکان بەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی هاووڵاتی‌یان‌دا زاڵن‌و بڕیارو سیاسەتەکانیان کاریگەریی خراپی لەسەر چارەنووسی خەڵکەکانیانەوە هەیە، ئەو کەسانەی لە وڵاتی خۆیان‌و لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتەکەیان‌دا لە بواری ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و سیاسییەوە ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوەو مافو ئازادییەکانیان لێ زەوت دەکرێ بۆ ڕزگارکردنی ژیانیان لەم مەترسییانە و وەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر پەنا دەبەنە بەر وڵاتانی دیکە و ڕێگەی ئاوارەیی دەگرنەبەر.

لە دوای دامەزرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان‌و پەسندکرانی مافی پەنابەرێتی بۆ ئەو کەسانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ‌کرا، دەوڵەتەکانی ئەندام لەم ڕێکخراوەدا ئەرکدار کران کە بە شێوەی قانوونی ئەم کەسانە وەرگرن‌و مافی پەنابەرێتی‌یان پێ‌بدەن‌و ئیمکانی کارو ژیانی گونجاویان بۆ دابین بکەن.

وڵاتی ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە نیوسەدەی ڕابردوودا بە هۆی بوونی ڕێژیمی دیکتاتۆرو سەرەڕۆ و نابەرپرسیار بەشێکی زۆر لە خەڵکەکەی لەگەڵ حکوومەتی زاڵ بەسەر وڵاتەکەیان‌دا کێشەیان هەبووە و، یان بە هۆی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیمەکان ژیانیان کەوتۆتە مەترسییەوە، یان بە هۆی ناکارامەیی و دواکەوتوویی ڕێژیمەکەیان تووشی کێشەو گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ... بوونەتەوە و ناچاربوونە ڕێگەی هەندەران بگرنەبەرو ڕوو بکەنە وڵاتانی ئورووپایی‌و ئەمریکا و ئوسترالیا.

به هۆی سەختتربوونی ژیان‌و بەرتەسکتربوونەوەی ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتی‌یان لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێژەی پەناخوازان واتە ئەو کەسانەی بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەرێتی ئێران بەجێ‌دێڵن زیادی کردووەو لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی پەنابەران‌و پەناخوازان لە جیهان‌داو کێشەو گرفتە ئابووری‌و ئەمنییەتی‌یەکانی وڵاتانی ئورووپایی‌و ئامریکا، قابوونەکانی



مەترسییەوە.

ساڵانە سەدان کەس لەو پەناخوازانەی بە ڕێگا ناقانوونی‌یەکان‌داو بە شێوەی قاچاغ ڕوودەکەنە ئورووپاو ئوسترالیا بە هۆی وەرگرتنی پەنابەر دژوارتر بوونەتەوەو بەربەستو کۆسپەکان لەبەردەم پەناخوازان زیادی کردوەو ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی پەناخوازان لەم پرۆسەیەدا لەگەڵ گیروگرفتی زۆر بەرەوڕوو ببنەوەو ژیانیان بکەوێتە سەختیی ڕێگاو سەرماو گەرماو نوقم بوونی گەمییەکان‌و تەنانەت تاڵان‌و دەستدرێژیی کەسانی هەلپەرست گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوەو تەنانەت گیانیان لەدەست دەدەن.

هیچ ساڵێک نیە چەندجار خەبەری نوقم بوونی گەمیی پەناخوازان‌و خنکانی ژن‌و منداڵی ئاوارە کە ڕاگەیەنەکان بڵاونەبێتەوە. ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ سەختترکردنی یاساو بەربەستەکانی سەر ڕێگای پەناخوازان لە لایەن ئەو وڵاتانەی پەنابەر وەردەگرن. تەنانەت دوای گەیشتنی پەناخوازان بە وڵاتانی مەبەست ژیانیان لە کەمپەکانی پەنابەری لە دۆخێکی گونجاودا نابێ‌و زۆرجار کەمپەکان هەلومەرجی پێویستیان بۆ ژیانی پەناخوازان نیەو هەڵسوکەوتی گونجاو لەگەڵ پەناخوازان ناکرێ.

بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم گرفتانە ڕێژەی پەناخوازان هەروا ڕوو لە زیادبوونە. بە پێی ڕاگەیاندنی ئیدارەی پەنابەریی یەکیەتیی ئوروپا ژمارەی پەناخوازانی ئێرانی زیاتر لە ٥٠ لەسەدی هەموو پەناخوازانی وڵاتەکانی دیکەی جیهان پێک دێنێ و لە ساڵی ٢٠١٢دا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١١ ڕێژەی پەناخوازانی ئێرانی ١٤ لەسەد زیادی کردوە. هەروەها

ل ٩

**لەبەر گرنگیی ڕۆڵی ڕای گشتی لە دنیای ئەمڕۆدا، پێویستە کوردەکان ڕای گشتیی وڵاتانی کاریگەر لە بیاڤی نێونەتەوەیی‌دا بکەنە بەردەنگی سەرەکیی خۆیان، تا لەم ڕێگەیەوە سۆزو پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆیان رابکێشن‌و ئەمەش دواجار ببێتە فاکتەرێکی فشار بۆ سەر دەوڵەتەکانیان تا زیاتر ئاوڕ لە مەسەلەی کورد بدەنەوە.**
**حەسەن شێخانی**

**ئێران بە هێزترین دۆستی سووریە لە ناوچەدا هەرچەند هێرشەکەی مەحکووم کرد، بەڵام حەسەنی ڕووحانی سەرکۆماری ئێران دەستی تۆمەتی بۆ لای کەس درێژ نەکرد. هەر دوای حەسەنی ڕووحانی جێگری هێزەچەکدارەکانی سوپای ئێران ڕاگەیاند کە سووریە بۆ ئەوان هێڵی سوورەو تەنانەت خامەنەیی ناوچەکەی بە « باڕووت » شوبهاند کە ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر سووریە ئەو باڕووتە دەتەقێتەوە.**
**برایم چووکەڵی**

# کورد و دیپلۆماسیی گشتی



حەسەن شێخانی

١) ئاڵوگۆڕەکانی سیستمی نێونەتەوەیی‌و پڕڕەنگبوونی ڕۆڵی ڕای گشتی‌و بنیاتە نادەوڵەتی‌یەکان وایانکردووە کە جۆرێکی دیکە لە دیپلۆماسی بە ناوی «دیپلۆماسیی گشتی»بێتە ئاراوەو گرنگی پەیدا بکا.

دیپلۆماسیی گشتی بە پێچەوانەی دیپلۆماسیی نەریتی یان فەرمی ئاشکرایە، لە دیپلۆماسی نەریتی‌دا وتووێژەکان بە زۆری لە نێوان سیاسەتمەداران‌داو بە شێوەیەکی نهێنی‌و شاراوە ئەنجام دەدرێن‌و لەوانەیە هەرگیز نێوەرۆکی تەواوی وتووێژەکان بۆ خەڵک ئاشکرا نەکرێ.

بەردەنگی ئەسڵیی دیپلۆماسیی گشتی کۆمەڵگای مەدەنی، ڕای گشتی‌و گرووپە کاریگەرەکانی کۆمەڵگان، بەڵام بەردەنگی دیپلۆماسیی نەریتی دەوڵەتەکانن.

ئامانجی دیپلۆماسیی گشتیی هەر وڵاتێک شوێن‌دانان لە سەر ڕای گشتی بە مەبەستی هیدایەت‌و کاناڵیزەکردنی لە پێناو سیاسەتە ئەسڵی‌و گرنگەکانی دەوڵەتدایە، تا خەڵک بە شێوەیەک بیر بکەنەوە کە دەیانەوێ‌و لەم ڕێگەیەوە پشتیوانی‌و هۆگری‌و دیدی پۆزەتیڤ بە نیسبەت سیاسەتە سەرەکی‌یەکانی دروست بکا. کە واتە ئامانجی دیپلۆماسیی گشتی سیاسی‌یە.

بە هۆی گرنگی‌و ڕۆڵی سەرەکیی ڕای گشتی لە دیپلۆماسیی گشتی‌دا، ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی دیپلۆماسیی گشتین.

بە شێوەیەکی گشتی لە دنیای ئەمڕۆدا دەوڵەتان گرنگی‌یەکی زۆر بە دیپلۆماسیی گشتی دەدەن‌و لەم ڕێگەیەوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان تێ‌دەکۆشن.

٢) کە باس لە دیپلۆماسیی (نەریتی) دەکرێ ڕاستەوخۆو زیاتر سەرنجەکان دەچنە سەر دەوڵەتان‌و ئەم چەمکە بە بنیاتی دەوڵەتەوە بەستراوەو ئەوە دەوڵەتانن کە لە دیپلۆماسیی وەک ڕێکارو ئامرازێک لە پێناو سیاسەتی دەرەوەو بەرژەوەندیی نەتەوەیی خۆیان کەڵک وەردەگرن.

دیپلۆماسی کۆمەڵێک پێویستی‌و پێشمەرجی دەوێن کە ئەمانەش دەوڵەتان دەتوانن دابینیان بکەن، بۆیە کە باس لە دیپلۆماسی‌و پێوەندی‌یە دیپلۆماتیکەکان دەکرێ ڕاست چەمکی دەوڵەت بەزەین دەگا. لەبەر ئەوەی ئەکتەرەکانی دیپلۆماسیی نەریتی دەوڵەتانن و دەوڵەتانیش بە پشت‌بەستن بە هێزی خۆیان تەنیا بە دوای بەرژەوەندی‌یەکانی خۆیاندا دەگەڕێن، بۆیە لەم هاوکێشە لاسەنگەدا کوردەکان نەیان‌توانیوە ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕن‌و سەرنج‌و پشتیوانیی دەوڵەتان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان رابکێشن. هەڵبەت ئەوە بە مانای پاساودانی کەموکووڕی‌یەکانی کورد لەم بوارەدا نیەو ئەگەر کورد خاوەنی ڕێکخستنێکی یەکگرتووو بەهێز بوایە لەم بوارەشدا دەی‌توانی بە قازانجی دۆزەکەی کاریگەریی زیاتری هەبێ. چونکە کورد نەتەوەیەکی بێ دەوڵەتەو هەروەک گوترا چەمکی دیپلۆماسیی (نەریتی)یش گرێدراوی چەمکی دەوڵەتە، بۆیە لە کوردستان‌دا زیاتر چەمکی دیپلۆماسیی حیزبی باوەو حیزبەکانیش بە هۆی جۆراوجۆر کە باس‌کردنیان مەبەستی ئەم نووسینە نیە، لەم بوارەدا زۆر بە لاوازی دەرکەوتوون.

٣) کورد نەتەوەیەکی بەشخوراوەو مافەکانی لە لایەن دەوڵەتانی زاڵ بە سەر کوردستان‌دا پێشێل دەکرێن. لەبەر ئەوەی داخوازەکانی کورد ڕەوایی ئەخلاقی‌و قانوونی‌یان هەیەو مافەکانی مرۆڤو مافی دیاری‌کردنی چارەنووسیش چەمکگەلێکی جیهانین، بۆیە کورد دەتوانێ مافە ڕەواکانی بکاتە هەوێنی دیپلۆماسیی گشتی‌و لەم ڕێگەیەوە ڕای گشتی لە هەموو دنیادا بکاتە بەردەنگی خۆی.

بە هۆی ئەو ئاستەنگانەی لە بەردەم کورددان بۆ کەڵکوەرگرتنی کورد لە دیپلۆماسیی نەریتی، کەڵکوەرگرتن‌و سەرمایەدانان لە سەر دیپلۆماسیی گشتی وەک پێویستی‌یەکی چەند قات خۆی دەنوێنێ. سەرەڕای ئەوەش تا هەنووکە کوردەکان ئاوڕێکی ئەوتۆیان لەم بوارە نەداوەتەوەو زیاتر بە دەوری خۆیان‌دا خول دەخۆن.

لەبەر گرنگیی ڕۆڵی ڕای گشتی لە دنیای ئەمڕۆدا، پێویستە کوردەکان ڕای گشتیی وڵاتانی کاریگەر لە بیاڤی نێونەتەوەیی‌دا بکەنە بەردەنگی سەرەکیی خۆیان، تا لەم ڕێگەیەوە سۆزو پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆیان رابکێشن‌و ئەمەش دواجار ببێتە فاکتەرێکی فشار بۆ سەر دەوڵەتەکانیان تا زیاتر ئاوڕ لە مەسەلەی کورد بدەنەوە.

٤) ڕاگەیەنە گشتی‌یەکان‌و لەوانە تەلەڤزیۆن ئامرازێکی گرنگی دیپلۆماسیی گشتین. پرسیار ئەوەیە چەند تەلەڤزیۆنی پرۆفیشناڵ بە زمانە زیندووەکانی دنیا بە مەبەستی ناساندنی مەسەلەی کورد بە ڕای گشتیی جیهان‌و ڕاکێشانی سەرنجیان بۆ لای دۆزی کورد، وەشان دەکەن؟ ئەو تەلەڤزیۆنە کوردی‌یانە کە هەن هەموویان ڕوو بە گەلی کورد وەشان دەکەن‌و بە داخەوە دەبێ بڵێین کە تاقە یەک تەلەڤزیۆنیش بۆ ئەم مەبەستە نیە. ئەمە خۆی لە خۆی‌دا نیشاندەری بێ‌ئاگایی کوردە بە نیسبەت ڕۆڵی ڕای گشتی‌و دیپلۆماسیی گشتی لەمڕۆدا. بوارێک کە دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەوپێش‌چوونی دۆزی کورددا هەبێ، بەم شێوەیەو بەنائاگایی‌یەوە لە لایەن کوردەوە پشت گوێ دەخرێ.

دیاسپۆرای کوردیش بە هۆی پەرش‌و بڵاوی‌و لاوازی نەی‌توانیوە ببێتە خاوەنی بنیات یان دامەزراوەیەکی مەدەنی یان ئێن جی ئۆیەکی بان‌حیزبی کە وەک ئەکتەرێکی بواری دیپلۆماسیی گشتی کار بکاو بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ناساندنی دۆزی کوردو دروست‌کردنی پێوەندی‌یەکی پتەو لە گەڵ کەسایەتی‌و بنیات‌و دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی ئەو وڵاتانەی لێیان نیشتەجێن، خەمی سەرەکی بێ.

لە بەرەبەری کۆنگرەی نەتەوەیی‌دا پێویستە ئەوە بڵێین کە بێگومان یەکێک لە ئەرکەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەیە کە بڕیارێکی کردەیی لە سەر دامەزرانی ئۆرگانێکی فکریی تایبەت بە دیپلۆماسیی گشتی‌و تەلەڤزیۆنێکی بان‌حیزبی‌و نەتەوەیی بۆ ئەم مەبەستە بداو لەم بوارەدا هەنگاوێکی سەرەتایی هەڵێنێتەوە.

**یەکێک لە ئەرکەکانی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەوەیە کە بڕیارێکی کردەیی لە سەر دامەزرانی ئۆرگانێکی فکریی تایبەت بە دیپلۆماسیی گشتی‌و تەلەڤزیۆنێکی بان‌حیزبی‌و نەتەوەیی بۆ ئەم مەبەستە بداو لەم بوارەدا هەنگاوێکی سەرەتایی هەڵێنێتەوە**

# هێرشی شیمیایی بۆ سەر خەڵکی سووریەو ئەگەری گورزێکی سەربازی



برایم چووکەڵی

هێرشی شیمیایی بۆ سەر خەڵکی سووریە لە ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٩٢ بەرامبەر بە ١٩ی ئاگوستی ٢٠١٣ دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو، ئەو هێرشە دڕندانەیە لە دوای بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە کوردستان بە قێزەونترین کاری سەردەم ئەژمار کرا. هێرشێک کە دژبەرانی حکوومەت‌و زۆر لایەنی دیکەش شکیان نەماوە کە ڕێژیمی ئەسەد کەڵکی لە چەکی شیمیایی وەرگرتوە، هەرلەوکاتەدا ڕێژیمی ئەسەد دەڵێ خودی موخالیفان چەکی ژاراویان بەکار هێناوە.

« ئەنگلاکانە « بەرپرسی لێپرسینەوە لە چەکی شیمیایی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە گەڵ وەفدێکی شارەزا لە بواری چەکی شیمیایی‌دا، دوای ڕووداوی ٣٠ یگەلاوێژ سەردانی دێمشق پێتەختی سووریەی کرد تاکوو داوا لە حکوومەتی سووریە بکا ڕێگە بدا سەردانی شوێنی ڕووداوەکە بکەن، هەرچەند ڕێگا درا کە سەردانی شوێنی ڕووداوەکە بکەن، بەڵام وەک چاوەڕوان دەکرا نەیان‌توانی بە ڕوونی دەست بۆ لای حکوومەتی سووریە درێژ بکەن.

لە لایەکی دیکەوە ئێران بە هێزترین دۆستی سووریە لە ناوچەدا هەرچەند هێرشەکەی مەحکووم کرد، بەڵام حەسەنی ڕووحانی سەرکۆماری ئێران دەستی تۆمەتی بۆ لای کەس درێژ نەکرد. هەر دوای حەسەنی ڕووحانی جێگری هێزەچەکدارەکانی سوپای ئێران ڕاگەیاند کە سووریە بۆ ئەوان هێڵی سوورەو تەنانەت خامەنەیی ناوچەکەی بە « باڕووت « شوبهاند کە ئەگەر ئەمریکا هێرش بکاتە سەر سووریە ئەو باڕووتە دەتەقێتەوە.

لەولاشەوە ئەمریکا کەڵک وەرگرتن لە چەکی شیمیایی لە شەڕی سووریەدا بە هێڵی سوور دەزانێ، هەربۆیەش گەلەکەشتیی شەڕکەری ئەمریکا بە ناوی «یو ئێس ئێس ماهان» لە دەریای نێوەڕاست هەرچەند مەئمووریی‌یەتی لەو ناوچەیە تەواو ببوو، بەڵام مانەوەی ئەوو هێنانی چەند گەلەکەشتیی دیکە جگە لەوە بۆ پشتیوانی هیزەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا بوو، بەڵکوو بۆ ئامادەیی هەرچەشنە ئەگەرێکی تێسرەواندن لە سووریە لە لایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە بوو. هەرلەو پێوەندی‌یەدا وەزیری بەرگریی ئەمریکا ڕای‌گەیاند کە هێزەچەکدارەکانی ئەو وڵاتە خۆیان ئامادە دەکەن‌و لە چاوەڕوانیی بڕیاری ئۆباما سەرکۆماری ئەو وڵاتەدان کە لە بارەی سووریەوە دەیدا. لەو بارەیەوە ئەگەر ئۆباما بڕیاری شەڕ بدا کارناسان چەند ڕێگایان بۆ تەمبێ‌کردنی سووریە دەست‌نیشان کردوە.

ڕێگای یەکەم، هاویشتنی مووشەکی «کورووز» لە دەریای مدیترانەوە بۆ ئامانجە نیزامی‌یەکانی سووریەیە کە بتوانێ لە نێویان بەرێ. دووهەم ، هاویشتنی مووشک لە ڕێگای هێزی هەوایی بەڵام دوور لە هەرێمی هەوایی سووریە، بۆ ئەوەی فڕۆکە شەڕکەرەکان لە پەدافەندی هەوایی سووریە بپارێزێ. ڕێگای سێهەم کە باس کراوە، دابین‌کردنی چەکوچۆڵی نیزامی‌و ئامووزش‌دانی موخالیفانی ڕێژیمی ئەسەدە لەو پایەگایانەی لە وڵاتانی دراوسێ جێگیرن. ڕیگای چوارم، دیاری‌کردنی ناوچەی دژەفڕین‌و لەکارخستنی پەدافەندی هەوایی سووریە، یان لانی کەم دروست‌کردنی ناوچەیەکی ئەمن لە سنووری تورکیەو ئوردون بە کەڵک وەرگرتن لە سیستمی موشکی لە دەرەوەی خاکی سووریەیە. ڕێگای ئاخر، کە ئاڵۆزترین ڕێگایە ناردنی هێزی پیادەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی چەکە شیمیایی‌یەکانی سووریەیە کە پێویستی بە شەست هەزار سەرباز هەیە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی شیمیایی، ڕێکخراوی پزیشکانی بێ‌سنوور لە دەوروبەری دێمشق پێتەختی سووریە لە سێ نەخوشخانەدا جێگای ٣ هەزار کەسیان کردۆتەوە کە بە چەکی شیمیایی هێرشیان کراوەتە سەر. لە دووهەمڕۆژی دوای بۆمبارانەکەدا نزیک بە چوارسەد کەسیان گیانیان لەدەست داوە. ئەو ئامارە دەڵێ هەتا دە ڕۆژ دوای هێرشەکە زیاتر لە ١٤٠٠ کەس بە گازی سارین مردوون.

« ئەلستێر هەی» شارەزای بواری چەکی شیمیایی‌و مامۆستای «سەم» ناسی لە دانشگای لیدز لە بریتانیا بۆ دروست‌کردنی چەکی شیمیایی دەڵێ» شێوەی دروستکردنی گازی ( اعصاب ) زۆر دژوارە ، بەڵام پەیداکردنی چونیەتیی دروست‌کردنی ئەو گازە زور دژوار نیە. کێشە لێرەدایە کە ئەو کەسانەی ئەوکارە دەکەن لە گەڵ کێشەی زۆر جیددی ڕووبەڕوو دەبن‌و تەنانەت تا سەرحەدی مردن هەنگاو دەنێن.» بۆیە دەبێ لە شوێنی دیاری‌کراوو مەحدووداو کاری لە سەر بکرێ بۆ ئەوەی گیانی خەڵکی دەوروبەر بپارێزرێ». شارەزایانی ئەو بوارە یەکجار زۆر کەمن، تەنانەت ئەلستیر هەی دەڵێ «ئەمن ساڵانێکە کارو لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەم تا ئێستا نەمتوانیوە شێوەی دروست‌کردنی بزانم چونکە دەبێ بە جۆرێک دروست بکرێ کە بزانرێ چەندە موادی شیمیایی لە گەل موادی تەقینەوە تێکەڵ دەکرێ ئەو بۆمبە چۆن دەتەقێتەوە کە گازی « سارین» بە دەورووبەردا بڵاو بێتەوە. ئەوەندەی ئەمن بزانم تەنیا دەوڵەتان ئیمکانی ئەو کارەیان هەیە. ناوبراو گوتیشی ئەوە کاری گرووپ یان حیزبێک نیە چونکە دەبێ پێوەندی‌یان لە گەڵ ئەو شوێنانە هەبێ کە چەکی شیمیایی دروست دەکەن بۆیە تەنیا حکوومەتەکان توانای ئەو کارەیان هەیە».

ئەو جۆرە چەکە تا ئێستا لە سێ وڵات ئەمریکا، ڕووسیە، لیبیی دەورانی قەزافی دروست دەکراو ئێستا لە حاڵی پشکنین‌دان، ئەوەی ئەمریکا و ڕووسیەش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان چاوەدێریی بەسەردا دەکاو بەرەبەرە لەنێویان دەبەن. لەو نێوەدا میسر پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی شیمیایی مۆر نەکردوەو بەڵام ڕوون نیە کە ئایا لەوجۆرە چەکانەی هەیە یان نا؟ سووریەش لەگەڵ ئەو ١٨٩ وڵاتە نیە کە پەیمانی قەدەغەکردنی چەکی شیمیایی‌یان مۆر کردوە، بۆیە گومان دەکرێ سووریە چەکی شیمیایی هەبێ‌و بەکاریشی هێنابێ.



بە ڕوونی دەردەکەوێ ئەو موادە شیمیایی‌یە کە دژی خەڵکی سووریە بەکار هاتوە دەرمانێکی بەهێزە کە دەتوانێ مرۆڤ بخنکێنێ و کار بکاتە سەر دەمارەکانی، ئەو کردەوە دڕەندانەیە نیشان دەدا کە لە جۆری مادەی «سارین» کەڵک وەرگیراوە، گازی سارین لە پیش‌دا کار لە دەمارەکانی مێشک دەکا پاش ماوەیەک هیچ یەک لە ئەندامەکانی لەش ناتوانن فەرمان لە مێشک وەر بگرن‌و بەرە بەرە لەش سست دەکەن‌و توانایی لەسەرپێ‌ڕاوەستان‌و هەناسەکێشان نامێنێ‌و بەشی زۆری تووش‌بووان دەمرن. ئەوەی لەسووریە کەلکی لێ‌وەرگیرا گازی دەمار بە ناوی سارین بووە.

لە کۆتایی‌دا ئەو لایەنە کە لە گازی سارین کەڵکی وەرگرتوە بۆ بازرەسانی ریکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕوون دەبێتەوە، چونکە لە پێش‌دا لەشوێنی ڕووداوەکە دەکۆڵنەوەو شارەزایانی ئەو بوارە کە لەگەڵ وەفدی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن لە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکە نموونە هەڵدەگرن‌و لەوە دەکۆڵنەوە کە لەکوێوە هاویژراوە و پاشان قسە لە گەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە بەرشیمیایی‌یەکە کەوتوون‌و.... هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی دەکرێن کۆمەڵێک بەڵگە دەخەنە ڕوو، بەوحاڵەش کارێکی دژوارە کە ڕاستەوخۆ دەست بۆ لای لایەنێک درێژ بکەن، بەڵام کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانە دەتوانێ بۆ دیتنەوەی بەکاربەرانی ئەو جینایەتە سامناکە یارمەتیدەرێکی باش بێ.

ئاوارە هێندە زوو لە گەڵ دەردو مەینەتی گەلەکەی ئاشنا بوو کە هەر لە تەمەنی لاوی‌دا ڕێگای سیاسەتی گرتەبەرو بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەو لەم سەنگەرەدا بە تەواوی وجوودی خۆیەوە تێ‌دەکۆشا. وێڕای دەرس‌خوێندن تەبلیغاتی سیاسیی لە نێو خەڵکدا دەکردو تەشکیلاتی نهێنیی پێک دێنا.

مستەفا شلماشی

گەلی کورد کە نەتەوەیەکە لە نەتەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤینو گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتە، کە پارچەیەک لە ئاخەکەی سەر بەو چوارچێوەیە کە قەیرانەکە تێی‌دا سەری‌هەڵداوە، ئەگەر بە وریاییو بە یەکگرتوویی زیاترەوە مامەڵە دەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان نەکاو بە گوێرەی پرەنسیپو سیاسەتێکی روون هەنگاو نەنێ دۆڕاوی سەرەکی دەبێ.

تەها رەحیمی

# یادێک لە شەهید ئاوارەی شاعیرو شۆڕشگێر



مستەفا شلماشی

لە کاتێکدا ٤٥ ساڵ بەسەر شەهیدکرانی ڕێبەری بەوەجی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، شەهید مەلا ئاوارەدا ڕادەبرێ، هێشتا هاوڕێیانیو حیزبەکەی لە مەیدانی خەباتی دژواردا، درێژە بە ڕێبازەکەی دەدەنو هۆنراوەکانی دەڵێنەوە. شەهید مەلا ئاوارە تەنیا شۆڕشگێڕ نەبوو، بەڵکوو هونەرمەندو شاعیریش بوو. لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەیەکی خوێندەوارو ئایینی لە دایک ببوو، زۆر زوو توانی فێری خوێندنو نووسین بێ.

زۆر زوو هەستی هونەریی بزووتو توانی زیرەکیو لێوەشاوەیی خۆی نیشان بدا. هەر بۆیە لەلایەن باوکیەوە نرایە بەرخوێندنو لە پێش‌دا هێندێک کتێبی فارسیو قورئانی لە لای باوکی خوێندن. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە حوجرەی مزگەوتەکانی کوردستان کرد، کە لەو سەردەمەدا تەنیا سەرچاوەی خوێندەواری لە دێهاتەکانی کوردستان بوون.

ئاوارە مرۆڤێکی بە هەستو کۆمەڵایەتی بوو. زۆر زوو ئاگاداری گیروگرفتەکانی خەڵک دەبوو، بە دیتنی زوڵم‌وزۆر دەڕەنجاو هەوڵی دەدا یارمەتیی هەژارانی کۆمەڵگا بدا. ئاوارە رەنج و ئازاری هەژارانی کوردستانی بە شێعر دەردەبڕێ. ئەو بە زمانی کۆمەڵانی خەڵک هۆنراوەی دەهۆندەوە. بۆیە شێعرەکانی زمانەوزمان دەگەڕانو لە گوێی گەورەو بچووکی خەڵکی کوردستان‌دا دەزرینگانەوە. شێعرەکانی ئاوارە ئاوێنەیەکی باڵانوین بۆ نیشاندانی ژیانی پڕ چەرمەسەریی گەلی کورد بوون. ڕێ‌نیشاندەر بوون بۆ بەربەرەکانی لە گەڵ زۆردارانو لە کاتی تەنگانەدا فێنککەرەوەی دڵی هەژاران بوون.

ئەو لە «هاواری توتنەوانێکی ناوچەی سەردەشت»دا توانیویەتی دەردو مەینەتی زەحمەتکێشانی کوردستان دەست‌نیشان بکا.

توتنەوانێکی هەژارم　　بێ خانوو و زەویو زارم
بێ پووڵو پارە، بزن و مەڕ　　دوورم لە خێر، نیزیک لە شەڕ

لە «کوردم کوردستانم دەوێ »دا ئامانجی گەلەکەی زۆر باش پێکاوە .

کوردم کوردستانم دەوێ　　هیوای بەرزم قەت نانەوێ
بەرزە هیوام بۆ نیشتمان　　پەیمان بەستم لە گەڵ یەزدان
دەست هەڵناگرم لە تێکۆشان　　تاکوو دەچمە ڕیزی گەلان

لە «لایە لایەی دایکێکی دڵسۆز بۆ کورپە ساواکەی «دا بە قووڵایی دەروونی ژنو پیاوی کورددا چووەتەخوار.

ڕۆڵە کورپەکەم ئارامی گیانم　　خونچەی گوڵزاری باغچەی ژیانم
جگەر گۆشەکەم بەرهەمی ژینم　　سەرووەتو ماڵم، ئایینو دینم
هێزی تەوژمم، بینای چاوانم　　هاودەنگی بەزمی ڕۆژو شەوانم
ڕۆڵە گیان مەگری، مەگرە بەهانە　　بنوو درەنگە، بەری بەیانە
هەی لایە لایە ڕۆڵە لای لایە　　کوێر بێ ئەو چاوەی بە تۆ هەڵنایە



لە « ڕەشبگیری»دا خەباتی ساردی گەلی کورد دژی داگیرکەرانی نیشان داوە. لە « گەشتی ناوچەی ئالان» دا جوانیی سروشتی کوردستانو خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵی گەلی کورددا دێنیتە گوڕێو لە گەڵێک هۆنراوەی دیکەدا بۆ گەلەکەی دەخوێنێ.

ئاوارە هێندە زوو لە گەڵ دەردو مەینەتی گەلەکەی ئاشنا بوو کە هەر لە تەمەنی لاوی‌دا ڕێگای سیاسەتی گرتەبەرو بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ئەو لەم سەنگەرەدا بە تەواوی وجوودی خۆیەوە تێ‌دەکۆشا. وێڕای دەرس‌خوێندن تەبلیغاتی سیاسیی لە نێو خەڵکدا دەکردو تەشکیلاتی نهێنیی پێک دێنا. ئەو ببوو بەیارو یاوەری هەژارانی کوردستان. بە گوندەکان‌دا دەگەڕاو بۆ بەرگری لە مافی خۆیان هانی خەڵکەکەی دەدا، ئەوانیش ڕێزیان دەگرت. پرسو ڕایان پێ‌دەکردو وەک ڕێبەرێک چاویان لێ‌دەکرد. ئەو هێندە بە شێوەیەکی بەربڵاو کاری دەکرد، کە شاردنەوەی خەباتەکەی دژوار ببوو. بەخۆی و کۆچانێکەوە بە گوندەکان‌دا دەگەڕا، بە تایبەت دوای هەڵگیرسانی شەڕ لە باشووری کوردستان، بەئاشکرا پشتیوانیی لێ‌دەکردو یارمەتیی کۆ دەکردەوە. پاش وەڕێ‌خستنی کاروانی گەورەی یارمەتی بەرەو باشووری کوردستان، ڕێژیمی پاشایەتی ئاگاداری هەڵسوکەوتەکانی بوو و بە دوای‌دا دەگەڕا. ئەویش بەناچاری ڕووی لە باشوور کردو لە لای مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان لە نیزیک گوندی مالوومە گیرسایەوە. چەند ساڵێک لە گەڵ سەرکردەی خواڵیخۆشبوو مامۆستا برایم ئەحمەدو بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری ئێستای عێراق هاوخەبات بوو.

ساڵی ١٩٦٤ی زایینی ئاوارەو چەند کادرێکی دیکەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گەڕانەوە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو دیسان بەخۆ و بە گۆچانێکەوە، خۆی لە نێو دەریای کۆمەڵانی خەڵک هاویشتەوە. هەر لەو کاتەدا پێوەندیی بە بەشێک لە ڕێبەرایەتیی حیزبەوە گرت کە لەو کاتەدا لە ناوچەی پشدەری باشووری کوردستان نیشتەجێ بوونو خەباتی خۆی لە گەڵ ئەوان لێک گرێ دا. دوای ئەوەی کە کۆمەڵێک لە کادرەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕوویان لە نێوخۆی وڵات کردەوەو کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ئەو حیزبەیان دامەزراند ، شەهید ئاوارە وەک یەکێک لە چالاکترین ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە بەرپرسایەتیی ناوچەی سەردەشتی [کەپێشتریش هەرلەوێ کاری کردبوو] وەئەستۆ گرتو هێندە بە ڕێکوپێکی کاری کرد کە تا ئەم ساڵانەی دواییش ئاسەواری ڕێکخستنو کاری تەشکیلاتیی ئەو هەر ماوەتەوەو ئەو پیگە گەورەیەی کە ئەو بۆ بیروباوەڕی ڕزگاریخوازیو کوردایەتی پێکی هێنابوو، ئێستاش لەو ناوچەیە هەر ماوە.

بەداخێکی گرانەوە پاش هەژدە مانگ خەباتی قارەمانانە، جووڵانەوەی ساڵەکانی ٤٦ — ٤٧ بە شەهیدبوونی زۆربەی ڕێبەرانی، شکستی هێنا. شەهید ئاوارەش دوای ئەوەی بەهۆی خەیانەتی چەند خۆفرۆشێکەوە لە گوندی دیوالانی ناوچەی سەردەشت لە داو خڕاو لە گەڵ دوو هاوڕێی دیکە بە ناوەکانی : مەلا کەچەو رەحمانی وەتمان چاوشین، دەداو کەوت پاش چوار مانگ چێشتنی ئازارو ئەشکەنجەی وەحشیانە هەر سێکیان لە ڕۆژی١١ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٤٧ (٢ی سێپتامبری ١٩٦٨) دا لە لایەن ڕژێمی جینایەتکاری حەمەرەزا شاوە لە شاری سەردەشت تیرەباران کران.

**یادیان بەرز و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێ.**

# لێدانی سووریە؛ گۆڕینی باڵانسی هێز یان شەڕی هێژمۆنی



تەها رەحیمی

دوای زیاتر لە دوو ساڵ شەڕو پێکدادانو ڕووبەڕووبوونەوەی نێوخۆییو ناوچەیی و جیهانی لە سووریە، ئەسەد لە کۆتایی‌دا هێڵە سوورە نێونەتەوەیی‌یەکانی بەزاندو ڕۆژی ی٢١ ئووت گەڕەکێکی لە دیمەشق بە چەکی شیمیایی بۆمباران کرد. بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان لەم هێرشەدا نزیک بە ١٤٣٠ کەس کوژراون، کە دهگوترێ ٤٢٦ کەسیان منداڵن،و بە سەدان کەسیش بریندار بوون.

بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراو لە لایەن ئەسەدەوە کە پێشتریش چەندین جار لە لایەن ئەمریکاوە ئاگادار کرابۆوە کە لە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم چەکانەدا تووشی سزای گەورە دەبێ، بەرەی ڕۆژئاوا بە پێشەنگیی ئەمریکا هەڕەشەکانی خۆیان لە سەر هێرشی سنووورداری سەربازی بۆ سەر ڕێژیمی بەشار ئەسەد چڕتر کردەوە. ڕێبەرانی سێ وڵاتی ئەمریکاو بریتانیاو فەڕانسە دەرکردنی ئەم بڕیارەیان بۆ پارلمانو دامەزراوە دەسەڵاتبەدەستەکانی خۆیان گەڕاندەوە، ئەگەرچی جگە لە بریتانیا ئەم دوو وڵاتەی دیکە بە پێی قانوون دەتوانن بەبێ‌دەنگ‌وەرگرتن لە دامەزراوە قانوونی‌یەکانیانو بە بڕیاری سەرکۆمار، هەر چەشنە بڕیارێک دەرکەن بەڵام وێ‌دەچێ بیروڕای گشتی لەهەمبەر دوو شەڕی پێشووی ئەم بەرەیە لە ئەفغانستانو عێراق بووبێتە هۆی ئەوەی کە ئۆباماو ئۆلاند هەوڵ بدەن پشتیوانیی نوێنەرانی خەڵک دەستەبەر بکەن هەتا لە ئەگەری درێژبوونەوەی شەڕو تێچووی گران‌دا، دەستیان کراوەتر بێ. هەڕەشەو گوڕەشەکان بەردەوامنو لەم لایەشەوە ڕووسیەو ئێران دژی هەر چەشنە سزاو هێرشێکی سەربازینو تەنانەت هەروەک پێشتریش بەرپرسانی ئێرانی گوتوویانە، هێرش‌کردنە سەر سووریە بە هێرش بۆ سەر تاران دەزاننو بە هەموو جۆرێک هەوڵ دەدەن بەرگری لە ئەسەدو حکوومەتەکەی بکەن کە هاوپەیمانی لە مێژینەو ستراتژیکی ئێرانە. هەرچی ڕووسیەشە بە هیچ جۆرێک ڕازی بە گورزی سەربازی لە دەرەوەی ئەنجومەنی ئاسایش نیەو تەنانەت پووتین تا ئێستاش بەڵگەکانی ئەمریکا لە سەر بۆمبارانی شیمیایی گەڕەکی (غو×ە) لەڕۆژهەڵاتی دیمەشق کە دەگوترێ گازی ساردینی تێدا بە کار هاتوە بە جێگەی متمانە نازانێ. ئۆباما سەرەڕای سووربوونی لە سەر سزای سووریە، بڕیاری ئەم کارەی بە ڕەزامەندیی کۆنگرەوە بەستەوە کە دووشەممە ١٨ی خەرمانان دوای تەواو بوونی پشووی هاوینێ تاوتوێ دەکرێ. دەگەڵ ئەوەش‌دا زۆربەی بەرپرسو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە دیارەکانی ئەمریکاو تەنانەت کۆمیتەی پێوندی‌یەکانی دەرەوەی سەناش بە هاوحیزبی خۆی و کۆماری‌خوازەکانیشەوە پشتیوانیی خۆیان بۆ بڕیاری ئۆباما دەربڕی.

بە هەرحاڵ قەیرانی سووریە بە جۆرێک ناوچەکەو جیهانی شڵەقاندوە کە هەرتک بەرە هێزەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین زیاتر دەکەنو زیاتر بەڵگە بۆ لێدانو لێنەدانی سووریە دەخەنە ڕوو، جگە لە هەوڵە دیپلۆماسی‌یەکانی وڵاتانی دەرگیر لە قەیرانەکە، دەگوترێ ئەمریکا بەرژەوەندی‌یەکی ئەوتۆی لە سووریە نیەو تەنیا بۆ چاوترسێن‌کردنی ئێرانو میلیشاکانی سەر بەو وڵاتە دەیەوێ هێرش بکاتە سەر سووریە بەم جۆرە پەیامێک بدا بە کۆرەی باکووریش کە لادان لە هێڵە سوورە نێونەتەوەیی‌یەکانو ئەو نۆرمانەی ئەگەرچی دەگەڵ ئاڵۆزتربوونی دۆخەکەو کۆکردنەوەی هێزەکانی ئەمریکاو جیددیتربوونی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر سووریە، ڕووسیە هەڕەشەی پێدانی مووشەکی ئێس ٣٠٠ بە بەشار ئەسەد دەکا، بەڵام پووتین لە دوایین چاوپێکەوتنی خۆی دەگەڵ تیڤییەکی ڕووسی‌دا ڕای‌گەیاند لە ئەگەری سەلماندنی بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراودا لە لایەن ڕێژیمی ئەسەدەوە لێدانی گورزی سەربازی بەرژەوەندیی ڕۆژاواو ئەمریکا دەخەنە مەترسی‌یەوە، سزای بە دواوەیە. لە وتەی زۆربەی بەرپرسانی بریتانیا و فەڕانسەو ئەمریکادا زیاتر ئێران لە سەر زارەو تەنانەت ئیسرائیلیش زۆر بە پەرۆشەوە باس لە چاوسووربوونی ئێران و حیزبوڵڵاو ئەو میلیشیایانە دەکا کە لە ناوچەکەدا بە پاشکۆی ئەو وڵاتە دەژمێردرێن.



بە دوور نازانێ. لەم لایەشەوە ئێران کە هەتا ئێستاش بە گرنگترین هاوپەیمانی سووریە دەژمێردرێ؛ وێ‌دەچێ هەموو بەرپرسانو دیاریکەرانی سیاسەتی ئەم وڵاتە لە سەر تێوەگلانو تێچووی زیاتر لە سووریە هاوڕا نەبن، چونکە هەروەک روونە بە هاتنەسەرکاری رووحانی، دەسەڵاتی هاشمیی رەفسەنجانی یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکی‌یە دامەزرێنەرەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتە بەرز بۆتەوەو قسەکانی ئەم پیاوە لەمەودوا دیاریکەری سیاسەتی ئێران لە نێوخۆو دەرەوەدا دەبن. رەفسەنجانی لە لێدوانێکی بێ‌وێنەو بە پێچەوانەی هەموو بەرپرسانی دیکەی ئێران‌دا ئەسەد بە تاوانبارو بکوژی خەڵکی سووریە دەزانێو تەنانەت لە وتووێژێک‌دا ڕای‌گەیاند کە حکوومەتی عەلەوی سووریە ناتوانێ بەردەوام بێ. بە کورتی دەگەڵ نزیکبوونەوە لە وادەی بڕیاری کۆنگرەی ئەمریکا ڕکەبەرەکان زیاتر هێزی خۆیان تاقی دەکەنەوەو وێ‌دەچێ ڕووسیە لە کۆبوونەوەی وڵاتانی پیشەسازی‌دا کە لە سێن پێتێرزبۆرگ دەگیرێ زیاتر هەوڵی خۆی بە کار بهێنێ تا بەرگری لە هێرشی سەربازی بۆ سەر سووریە بکا. دیارە ئەمە لە حاڵێک‌دایە کە نێوانی ڕووسیەو ئەمریکا لە سەر ڕادەست‌نەکردنەوەی ئێسنۆدێن کە بەڵگە نهێنی‌یەکانی ئەمریکا لە سەر کۆنترۆڵی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتیی لە قاودا زۆر خۆش نیەو ڕێکنەکەوتنو ڕکەبەری لە سووریەو چارەسەری ئەم قەیرانە ناکۆکی‌یەکانی دوو هێندە کردوە. هەروەک لە لێدوانی هەرکام لە سەرکۆمارەکان‌دا ڕەنگی دایەوە

ل ٩

دەوڵەتان دەبێ دڵنیایی بدەن کە گیراوەکان تەنیا لە بەندیخانە ناسراو و رەسمییەکاندا رادەگیرێن‌و، دەبێ ناونیشان‌و تایبەتمەندیی گیراوەکانی هەرکام لە بەندیخانەکان لە دەفتەری بەندیخانەکەیان‌و هەروەها لە ناوەندە پێوەندیدارەکان بە شێوەیەکی رەسمی تۆمار کرابێ.

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە هەوڵ بدەن کە کەسانی بەرپرس‌و بەشدار لە تاوانی رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی مرۆڤەکاندا، بکێشنە دادگاو لێیان بکۆڵنەوە. ئەم بڕیارە دەبێ هەموو کاتو لە هەموو جێیەک بەڕێوەبچێ‌و هیچ پێوەندییەکی بە شوێنی ژیان، شوێنی ڕوودانی تاوان، میللییەت (نەتەوایەتی)ی تاوانبار، میللییەتی قوربانی، یان کاتی ڕوودانی تاوانەکەوە نییە

## بەرنامەی پێشنیارکراوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لێ‌خۆشبوون

# بۆ پێشگیری لە رفاندن‌و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان

وەرگێڕان لە فارسییەوە: قادر وریا

**بەرایی:**

هەر کات کەسێک لە لایەن یەکێک لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان بە شێوەیەکی ناڕەسمی بگیرێ و هیچ چەشنە زانیارییەک لە سەر وەزعی ناوبراو بە دەستەوە نەبێ، ئەو کەسە وەک رفێندروا یان بێ سەروشوێنکراو ناو دەبەین.

ئەم ڕووداوە بۆ کەسە بێ‌سەروشوێنکراوەکەو بنەماڵەکەی سەرچاوەی ئازار و ناڕەحەتییەکی لەڕادەبەدەرە. ئەم کردەوەیەی کاربەدەستانی دەوڵەتی بە یەکێک لە تاڵترین نموونەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەژمێردرێ. مرۆڤی رفێندراو یان بێ سەروشوێنکراو بە هەڵکەندران لە شوێنی ژیانی خۆی هەموو چەشنە پشتیوانییەکی قانوونی لە دەست دەدا و دەکەوێتە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە. زۆر لە قوربانییەکان هیچ کات جارێکی دیکە چاویان بە ئامێزی بنەماڵەکەی خۆیان ناکەوێتەوە، بنەماڵەیەک کە ئیدی ئێستا بە بۆنەی بێ ئاگایی لە چارەنووسی یەکێک لە ئازیزەکانی لە نێو دەردو ئازاردا بە تەنیا دەتلێتەوە.

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، داوا لە هەموو دەوڵەتان دەکا سەرنج بدەنە «بەرنامەی پێشگیری لە رفاندن و بێ‌سەروشوێنکردن»ی مرۆڤەکان و، سەرنجی ئەوان بۆ ڕەچاو کردن و بەڕێوەبردنی نیوەرۆکی ئەم چاردە ماددەیە کە لێرە بەدواوە دەخرێنە بەرچاو، رادەکێشێ و لە قوربانییەکانی ئەم چەشنە جینایەتانە و ڕێکخراوی پێوەندیدار بەوانەوە بۆ بەرەوپێش بردنی ئەم بەرنامەیە داوای یارمەتی دەکا.

دەوڵەتان بە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە، ویست و ئیرادەی خۆیان لە بارەی کۆتاییهێنان بەم جینایەتە نیشان دەدەن و لە هەوڵ‌و هەنگاوی نەهێشتنی ئەم ستەمە لە جیهان دا، بەشدار دەبن.

**١– مەحکووم کردنی رەسمیی «رفاندن و بێ‌سەروشوێنکردن»:**

دەبێ بەرزترین ناوەندەکان‌و نوێنەرانی دەوڵەتەکان بە رەسمی‌و لەو پەڕی ڕاشکاوی‌دا رفاندن و بێ‌سەروشوێنکردنی ئینسانەکان مەحکووم بکەن‌و دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ئەم جینایەتە ڕابگەیەنن. ئەوان دەبێ پۆلیس، ئەرتەش‌و هێزە ئاسایش پارێزەکانیان تێبگەیەنن کە بێ‌سەروشوێنکردن‌و لە نێوبردنی مرۆڤەکانیان بە هیچ جۆرو لە هیچ هەلومەرجێکدا، لێ‌قەبوڵ ناکەن.

**٢– دیار بوونی ئاستو دەسەڵاتی فەرماندەریی‌و لە ژێر چاوەدێری‌دا بوونی هێزە ئاسایش پارێزەکان:**

داوا لە بەرپرسانی بەشە جۆراوجۆرەکانی هێزە ئاسایش پارێزەکان دەکرێ کە بە دەرکردنی فەرمانی ڕوون‌و لە ڕێگای چاوەدێری‌کردنی هەموو کاروبارەکانەوە کۆتایی بە گرتنی لەخۆوە بنێن‌و، پێشی رفاندن‌و بێ سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان بگرن‌و دڵنیابن کە ئەو کارانە جێبەجێ دەبن. دەبێ هەموو ئەو کاربەدەستانەی بە جۆرێک دەستیان لە قوربانیکردنی مرۆڤەکاندا هەیە بکەونە ژێر لێکۆڵینەوەو سزای قانوونی بدرێن.

**٣– ئەرکی گەیاندنی زانیاری لەبارەی گرتن‌و ئازادکردنی مرۆڤەکان:**

دەبێ بنەماڵە، پارێزەرو دادگای پێوەندیدار دەستبەجێ لە گرتن، ڕاگوێزتن یان ئازادکردنی گیراوەکە ئاگادار بکرێن و زانیاریی وردیان لە بارەی ئەو کەسەوە، بۆ وێنە: کات و شوێنی گیران و هۆیەکەی، پێ بدرێ.

ئازادکردنی هەر بەندییەک دەبێ بە پێی بەڵگە بێ و، ئەمنییەتی دوای ئازادکردنی دەستەبەر بکرێ.

**٤– هەنگاونان بە مەبەستی پشتیوانی لە گیراوەکان‌و ڕوونکردنەوەی شوێنی گیرانیان:**

داوا لە دەوڵەتان دەکرێ بە جێبەجێ کردنی هەنگاوی کاریگەری حوقووقی ئەو بوار و دەرەتانە بۆ پارێزەران و بنەماڵەی بەندییەکان پێکبێنن تا بتوانن پێوەندی بە ناوەندە خاوەن سەلاحییەتەکان بگرن‌و بە زوویی لە شوێنی گیران‌و دەستبەسەرکرانی گیراوەکان ئاگادار ببنەوە. پارێزەران‌و بنەماڵەکان دەبێ ئیمکانی پێوەندی گرتن لەگەڵ ئۆرگان‌و دامەزراوەکانی بەرپرس لە گرتنەکانیان هەبێ‌و بتوانن شکایەتیان لێ‌بکەن و بۆ ئازادیی کەسانێک کە لە خۆوە گیراون، هەوڵ بدەن.

**٥– دژایەتی لەگەڵ گرتنی بە نهێنی:**

دەوڵەتان دەبێ دڵنیایی بدەن کە گیراوەکان تەنیا لە بەندیخانە ناسراو و رەسمییەکاندا رادەگیرێن‌و، دەبێ ناونیشان‌و تایبەتمەندیی گیراوەکانی هەرکام لە بەندیخانەکان لە دەفتەری بەندیخانەکەیان‌و هەروەها لە ناوەندە پێوەندیدارەکان بە شێوەیەکی رەسمی تۆمار کرابێ. بنەماڵەکان، پارێزەران، قازییەکان‌و کەسان‌و ناوەندەکانی دیکە دەبێ دەستیان بەو دەفتەرو شوێنانە ڕابگا کە ناوەکانیان تێدا تۆمار کراوەو قانوون مافیان پێ‌دەدا کە بیان بینن. بەندیخانەو گرتنە نهێنییەکان دەبێ کۆتاییان پێ‌بێ.

**٦– دەستبەسەرداگرتن‌و زیندانیکردن تەنیا دەبێ لە لایەن بەرپرسە قانوونییەکانەوە بێ:**

هەر جۆرە ئەمرێکی گرتن‌و زیندانی کردن دەبێ تەنیا لە لایەن بەرپرسانێک کە قانوون دەستنیشانی‌کردوون، دەربچێ‌و جێبەجێ بکرێ. مەئموووران دەبێ خۆیان بە تاوانبارکراو بناسێنن‌و کارتی پێناس نیشان بدەن. ئەگەر لە شوێنی گرتنەکە، کەسانێک وەک شایەدی ڕووداوەکە هەبن‌و داوا بکەن کە مەئموووران خۆیان پی بناسێنن، دەبێ خۆ بەوانیش بناسێنن. دەوڵەتان لە سەریانە کە ئۆرگانەکانیان‌و کەسانی بەرپرس لە کاروباری گرتن‌و زیندانی کردنی مرۆڤەکان بە تەواوی دیاری بکەن و لە کاتی لادان و پێشێلکاریدا، تەمبێیان بکەن.

**٧– دەستڕاگەیشتن بە گیراوەکان:**

هەموو ئەو کەسانەی دەگیرێن دەبێ دەستبەجێ بە دادگاو بەرپرسانی قەزایی بسپێردرێن. ئەندامانی بنەماڵە، پارێزەران، وەکیلەکانی دادگوستەری‌و پزیشکەکان دەبێ بە ڕێکوپێکی گیراوەکە لە هەموو قۆناغەکانی گیراندا ببینن. دەبێ ڕێگای سەردان و پشکنینی ڕێکوپێک، لەپڕوناکاو و بەبێ‌مەرج، لە هەموو بەندیخانەکان بە لێکۆڵەرانی دەوڵەتی بدرێ.

**٨– «رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردن» دەبێ مەنعی قانوونیی لەسەر دابنرێ:**

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی ئینسانەکان بە پێچەوانەی قانوون‌و، بە تاوان دابنێن‌و هەرکەس لێی لادا، تەمبێی بکەن.

**٩– بەرپرسایەتیی تاکەکەسی:**

دەبێ لە خولە فێرکارییەکاندا ئەو مەئموورانەی کاری دەستبەسەرکردن‌و بەندکردنی کەسانی تاوانباریان پێ‌سپێردراوە، قەدەغە بوونی رفاندن‌و بێ سەروشوێنکردنیان وەبیر بخرێتەوەو بە جیددی تێ‌بگەیەنرێن. ئەم مەئموورانە دەبێ بزانن کە هەم مافی ئەوەیان هەیە، هەم ئەرکی سەرشانیانە ئەمری سەرەوەتری خۆیان لەبارەی رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی ئینسانەکان ڕەت بکەنەوەو دژی بوەستن. مەئموووران دەبێ لەو کێشە حوقووقییە ئاگادار بن کە ئەگەر لە رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی ئینسانەکاندا هاوکاری‌و بەشداری بکەن، هیچ بیانووو پاساوێکیان لێ قبوڵ ناکرێ‌و ناتوانن خۆیان بەمە بپەرێننەوە کە فەرمانێکی دەوڵەتیان جێبەجێ کردووەو لە هەر حاڵدا بەتوندی سزا دەدرێن.

**١٠– پێڕاگەیشتن و لێکۆڵینەوەی نەبەستراوە(بە دەوڵەت):**

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە هەوڵ بدەن کە سکاڵاو ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بە رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی مرۆڤەکان، لەلایەن دامەزراوێکی ناحیزبی‌و نەبەستراوە بە وردی بخرێتە ژێر لێکۆڵینەوەو پێڕاگەیشتن. ئەو ڕێکخراوە دەبێ هیچ بەستراوەییەکی بەو لایەنەوە نەبێ کە سکاڵای لێ کراوەو، پێویستە بەڵگەنامەو ئامرازی پێویست بۆ بەدواداچوون‌و دۆزینەوەی ڕاستییەکانی بە دەستەوە هەبێ. مەئموورانی تاوانبارکراو بە ئەنجامدانی کردەوەی رفاندن‌و بێ‌سەروشوێن‌کردن، دەبێ لەو ماوەیەدا کە لە پەروەندەکەیان دەکۆڵرێتەوە لە کارەکەیان وەلابنرێن. ئەندامانی بنەماڵەی قوربانی دەبێ دەستیان بە هەموو زانیاری‌و بەڵگەیەکی پێوەندیدار بە پەروەندەکەوە ڕابگا، هەروەها مافی پێوەزیادکردنی سکاڵاو بەڵگەنامەی دیکە بە پەروەندەکە، بۆ ئەندامانی بنەماڵەی قوربانییەکە بپارێزرێ. دەبێ بە مەبەستی پشتیوانی لە خاوەن سکاڵاکان، شاهیدان، پارێزەران‌و هەموو ئەو کەسانەی پەروەندەکە پێوەندی بەوانەوە هەیە، هەنگاوی پێویست بنرێ‌و، پێشی هەر چەشنە تۆڵەستاندنەوە، هەڕەشەو مەترسییەکی دیکە بۆ سەر گیانی ئەوان بگیرێ. دەبێ لێکۆڵینەوە و بەردەوامبوون لەسەر پەروەندەکە تا ڕوونبوونەوەی چارەنووسی قوربانییەکە بەرەسمی درێژەی هەبێ.

**١١– لێپرسینەوەی قانوونی لە تاوانباران:**

دەوڵەتان دەبێ لێبڕاوانە هەوڵ بدەن کە کەسانی بەرپرس‌و بەشدار لە تاوانی رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی مرۆڤەکاندا، بکێشنە دادگاو لێیان بکۆڵنەوە. ئەم بڕیارە دەبێ هەموو کاتو لە هەموو جێیەک بەڕێوەبچێ‌و هیچ پێوەندییەکی بە شوێنی ژیان، شوێنی ڕوودانی تاوان، میللییەت (نەتەوایەتی)ی تاوانبار، میللییەتی قوربانی، یان کاتی ڕوودانی تاوانەکەوە نییە. هەر چەشنە هەنگاونانێکی قانوونی بە مەبەستی سووککردنی سزا، یان پشتیوانی لە تاوانباران، ئیعتیبارو بایەخێکی نییەو، بە ناڕەوا دەزانرێ.

**١٢– قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی لە قوربانی کەوتوون:**

ئەرکی سەرشانی دەوڵەتانە کە ئەو زیان و خەسارانە کە لە قوربانیی ئەشکەنجە و بنەماڵەکەی کەوتوون، قەرەبوویبکەنەوە. دانی ڕادەیەکی گونجاو پوول (پارە)، یەکێک لەو قەرەبووکردنەوانەیە. بۆ ئەو کەسە بێ‌سەروشوێنکراوانەش کە پەیدا دەبنەوە، دەبێ خزمەتە دەرمانییەکان و ئیمکاناتی پزیشکی دابین بکرێ.

**١٣– پەسندکردنی بەرەسمیی ڕێککەوتننامەو پەیماننامە جیهانییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤو جێبەجێکردنیان:**

هەموو دەوڵەتان دەبێ پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە ڕەچاوکردن‌و بەڕێوەبردنی مافەکانی مرۆڤو قەدەغە بوونی رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی ئینسانەکان بە شێوەیەکی رەسمی پەسند بکەن. نموونەی ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانە بریتین لە: پەیماننامەی نێو نەتەوەیی لەبارەی مافە شارۆمەندی (هاووڵاتیەتی)و سیاسییەکان، بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکانی دیکە کە رفاندن‌و بێ‌سەروشوێنکردنی ئینسانەکان مەحکووم‌و پشتیوانی لە قوربانییەکانی دەکەن. دەوڵەتان هەروەها بە شێوەیەکی بەردەوام دەبێ بۆ جێبەجێکردن‌و بەڕێوەبردنی پەیماننامەکان تێبکۆشن.

**١٤– بەرپرسایەتیی دەوڵەتەکان لە مەیدانی نێونەتەوەییدا:**

دەوڵەتان دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو ئیمکاناتێک کە هەیانە دژی دەوڵەتێک کە تاوانی رفاندن‌و بێ‌سەرو شوێنکردنی مرۆڤ ئەنجامدەدا، بوەستن‌و ئاگادار بن کە هەر چەشنە یارمەتییەکی سەربازی، پولیسی‌و ئەمنییەتیی ئەوان بە وڵاتانی دیکە، نەبێتە هۆی رفاندن و بێ سەرو شوێنکردنی ئینسانەکان. دەوڵەتان دەبێ دڵنیابن کە ئەو کەسانەی لەوانەیە لە وڵاتێکدا لەگەڵ مەترسیی رفێندران و بێ سەروشوێنکردن بەرەوڕووبن، بە زۆری نەیاندەنەوە بەو وڵاتە.

**دوکتور «ا. تەبەری» وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی (لە سایتی «ایران امروز» وەرگیراوە)**

..............................

دریژەی:

# مەترسی‌و گرفتەکانی بەردەم پەناخوازان

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ ڕایگەیاندوە کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە واتە دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ٨٨ی ئێران، ژمارەی پەناخوازانی ئێرانی بە ڕێژەیەکی بەرچو زیادی کردوە. هەر بەو پێیەش ئەو مەترسی‌و گیروگرفتانەی تووشی پەناخوازان بوونەتەوە زیادی کردوەو بۆتە هۆی گیان لەدەستدانی ژمارەیەکی بەرچاو لە پەناخوازان لەم ماوەیەو لەم ڕێگەیەدا. دەوڵەتی ئوسترالیا لە دوایین ڕاپۆرتی خۆی لەم پێوەندییەدا ڕایگەیاند کە لە ساڵی ٢٠٠٩وە ٦٠٠ پەناخواز کە ویستوویانە لە ڕێگەی دەریاوە خۆیان بگەیەننە ئەم وڵاتە لە دەریادا خنکاون. ئەوە جگە لەو دەیان کەسەیە کە تووشی دزی‌و دەستدرێژی بوونەتەوەو زۆر جار ئەو بۆتە هۆی کوژرانی پەناخوازان لە ڕێگەدا.

ئەو پەناخوازانە وێڕای دانی بڕێکی زۆر پووڵ، گیانی خۆیانی بە قاچاغچی‌یەکان دەسپێرن و هەموو مەترسییەکانی ڕێگە بە گیان دەکڕن بەو هیوایەی ژیانێکی خۆشتر بۆ خۆیان و بنەماڵەکانیان دابین بکەن. دوایین نموونە لە نوقم بوونی گەمیی پەناخوازان لە ڕێگەی ئەندونێزی بۆ ئوسترالیادا بوو کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی چەندین کەس ژن و منداڵ.

بۆ ڕێگە گرتن لە هاتنی پەناخوازان‌و قاچاغی مرۆڤەکان‌و هەروەها کۆنترۆڵی ڕەوتی پەنابەرێتی، دەوڵەتی ئوسترالیا گەڵاڵەیەکی نوێی پەسندکردوە کە هەموو ئەو پەناخوازانەی بە شێوەی ناقانوونی‌و لە ڕێگەی دەریاوە هەوڵ دەدەن خۆیان بگەیەننە ئەم وڵاتە دەنێرێتە دوڕگەی پاپوا گینەی نوێ‌و، ئەوە بۆتە هۆی نیگەرانیی زۆری پەناخوازان‌و لە ئاکام‌داو لە کۆتایی مانگی جوولای ئەمساڵدا ڕاپەڕین‌و ناڕەزایەتیی ئەوان لە یەکێک لە کەمپەکانی ئوسترالیای لێ کەوتەوە کە زۆر بە تەندی لە لایەن پۆلیس و خەڵکی خۆجێی سەرکوت کران.

ئەم ڕەوتی سەختترکردنی ڕێگەکانی کۆچی ناقانوونی‌و چوونی پەناخوازان بۆ وڵاتانی ئەمنترو بەتایبەت ئوروپا و ئوسترالیا بەردەوامەو ئەم وڵاتانە بە پەسندکردنی گەڵاڵەو قانوونی سەختگیرانەو کۆنترۆڵی توندتری سنوورەکان هەوڵ دەدەن ڕێگە لەم دیاردەیە بگرن‌و ڕەوتی کۆچی ناقانوونی کەم بکەنەوە. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم هەوڵانەو سەختی‌و مەترسییەکانی ڕێگەی پەناخوازان‌و ناڕوونیی چارەنووسیان، هەتا دەوڵەتانی نابەرپرسیار لە جیهان‌دا هەبن کە ماف‌و ئازادییەکانی خەڵکەکەیان پێشێل دەکەن‌و گرنگی بە دابین کردنی ژیانێکی گونجاو و ئازاد بۆ خەڵکەکەیان نادەن، خەڵکانێک دەبن کە بە ناچاری ڕێگەی ئاوارەیی دەگرنەبەرو ئەو مەترسییانە بە گیان دەکڕن و جیهان شاهیدی کارەساتی گیان لەدەستدانی پەناخوازان لە شوێنە جۆراوجۆرکان دەبێ.

دریژەی:

# لێدانی سووریە؛ گۆڕینی باڵانسی هێز یان شەڕی هێژمۆنی

ئەم کۆبوونەوەیە هەروەک چاوەڕوان دەکرا نەک نەی‌توانی لێکیان نزیک بکاتەوە بەڵکوو هەرکامیان بە توندی لە سەر هەڵوێستی پێشوویان ڕۆیشتن‌و تەنانەت بارقورسیی قەیرانی سووریە بە سەر کارەکانی کۆبوونەوەکەوە دیارە. لەم کۆبوونەوەیەدا ئەمریکا توانی دەنگی ١١ وڵات دەگەڵ خۆی بخاو ئەم ١١ وڵاتە لە ڕاگەیەندراوێکدا پێیان لە سەر سزادانی ئەسەد داگرتو بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراویان لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە مەحکووم کرد. بەڵام لەم لایەوە کە دەگوترێ ئەم هێرشە شیمانەیی‌یە زیاتر پەیامێکە بۆ ئێران‌و دەستوپێوەندەکانی. بە گوێرەی هەواڵەکان سوپای قودس‌و لکو پۆپەکانی لە عێراق لە ئەگەری هێرش بۆ سەر سووریەدا ئامادەن بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا بخەنە مەترسی‌یەوە. ئەم ڕۆژانە جیهان دەگەڵ ئەوەی بە پەرۆشەوە چاوەڕێ‌و چاو لە ناوەندەکانی بڕیاری زلهێزەکان‌و بە تایبەت ئەمریکایە، پرسیارێکە لە سەر قەیرانی سووریە و گورزی سەربازی و شڵەقانی ناوەندی وزەی جیهان و تەنانەت جیهانیش. چونکە ئەگەر ڕووسیە بە ئاسانی دەستبەرداری هێژێمۆنی خۆی لە ناوچەکەو پشتیوانی لە سووریە نەبێ دەکرێ ئەم قەیرانە نەک هەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەڵکوو پانتایی‌یەکی زۆر گەورەتر بگرێتەوەو تێچووی زیاتر لە دوو ساڵ شەڕی نێوخۆیی سووریە داوێنی زۆر وڵاتان بگرێتەوە.

گەلی کورد کە نەتەوەیەکە لە نەتەوەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین‌و گەورەترین نەتەوەی بێ‌دەوڵەتە، کە پارچەیەک لە ئاخەکەی سەر بەو چوارچێوەیە کە قەیرانەکە تێی‌دا سەری‌هەڵداوە، ئەگەر بە وریایی‌و بە یەکگرتوویی زیاترەوە مامەڵە دەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان نەکاو بە گوێرەی پرەنسیپ‌و سیاسەتێکی ڕوون هەنگاو نەنێ دۆڕاوی سەرەکی دەبێ. چونکی بەداخەوە ئێستاشی دەگەڵ بێ لە پێوەندیی لەگەڵ قەیرانی سووریە و ڕۆژئاوای کوردستان‌دا، هێزە سەرەکی‌یەکانی کورد لە پارچەکانی کوردستان بە تایبەت باشوورو باکووری وڵات نەک‌هەر ڕەچاوی هێڵێکی سیاسیی یەکگرتوو ناکەن، بەڵکوو لە زۆر بواردا دژایەتیی یەکتر دەکەن‌و بە تەواوی کەوتوونە بەرەی دژ بەیەکەوە. لێدانی سووریە چ لە چەشنی مارسی ١٩٩٩ی کۆزۆڤۆ بێ و چ هێرشێکی هەمەلایەنی وەک ٢٠٠٣ی عێراق بێ، کورد دەتوانێ یەکێک لە براوە لاوازەکانی‌و هەروەها دۆڕاوەکانی بێ. چونکی هەروەک مێژوو و ڕابردووی کوردایەتیمان پێمان دەڵێ ئەگەر خۆمان هەوڵ نەدەین و وریاتر هەنگاو نەنێین‌و هەڵسوکەوت نەکەین کەس خەم لە بەرژەوەندی‌یەکانمان ناخواو تەنانەت دەبین بە قوربانیی ساتوسەودای نێوان زلهێزەکان‌و هێزە ناوچەیی‌یەکان.

**سوودگەرایی بێنتام لەسەر ئەو چەمکە بنیات نرابوو کە خۆی پێی دەگوت: «هەقیقەتی پیرۆز». بەگوێرەی ئەم چەمکە» پێکهێنانی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرترین بەشی خەڵک، بنەمای ئەخلاقو قانووندانانە. «ئامانجی ئەوە بوو کە فەلسەفەکەیو وێڕای ئەویش زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەک زانستگەلی سروشتی بکاتە بابەتێکی نەگۆڕ.**

**بێنتام دەیگوت: «سروشت مرۆڤی خستووەتە ژێر ڕکێفی دوو سەروەریی مەزنەوە، کە ئەوانیش، دەردو چێژن. تەنیا ئەم دوو شتەن کە نیشان دەدەن دەبێ چ بکەینو چ دەکەین».**

# ژیان و بەرهەمەکانی جۆن ستیوارت میل

**(١ – ٧)**

ن: پاڵ ستراتێرن

و:مادح ئەحمەدی

**سەرەتا:**
**«پێکهێنانی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرترین خەڵک، بنەمای ئەخلاقو یاسادانانە.»**
**- «حەقیقەتی پیرۆز» سوودگەرایی**

جۆن ستیوارت میل، ئێستا کە زیاتر بە نوێنەری دیاری سوودگەرایی ناسراوە، بەڵام ناوبراو ئافرێنەری ئەم فەلسەفەیە نەبوو، یان تەنانەت نەبووە هۆکاری بڕشتو کاریگەرییەکەشی، بەڵکوو ئەوە «جێرمی بێنتام»ـە کە لەم ڕووەوە جێدەستی دیارە.

جۆن ستیوارت میل، لە دواساڵەکانی تەمەنیدا، پێناسەیەکی جوانی بێنتامی کردو لەبارەیەوە نووسیی: «بێنتام چ ئەزموونێکی ناوەکیو دەرەکیی نەبووو ئاسایی ژیاو قەت خۆشیو تاڵییەکی وای نەچێشت. تەنانەت نەیزانی نەخۆشییش چیە. لە منداڵییەوە تا تەمەنی ٨٥ ساڵی، وەک گوێزی ئازا وابوو. نەیزانی خەمو خەفەت چیە. لە مەینەتو کوێرەوەری بەدوور بوو. تا چاوی لێک نا هەر دەتگوت کوڕە جەحێڵەیە.»

ماڵباتی بێنتام دراوێکی باشیان بەمیرات بۆ بەجێ هێشتبوو کە تاکوو ما، پاڵی لێدایەوەو لەو دراوەی خوارد. لەو هەلە زێڕینەی کە لەم ڕووەوە بۆی هەڵکەوتبوو، کەڵکی باشی وەرگرتو سەرپاکی ژیانی بۆ بیرکردنەوەو هزرین تەرخان کرد. هەڵبەت هەر خۆی بە فەلسەفەو بابەتگەلی تیۆریکەوە خەرێک نەکرد. ئەو ئامانجە پێشەنگەی سوودگەرایی کە بۆ خۆی ئافراندی، سەرلەبەری مێشکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کرد. بێنتام لە هەموو بوارەکاندا، لە سیاسەتڕا بگرە تاکوو زیندانەکان، لە فەلسەفەڕا بگرە تاکوو دەنکەنۆکێکی کەسکی بەستوو، بەدوای پێشکەوتندا دەگەڕا. گەلاڵە پراکتیکییە بەناوبانگەکەی (پان ئۆپتیکون) گەلاڵەی شۆڕشێکی نوێ بوو بۆ زیندانەکان. گەلاڵەی زیندان وەک بازنەیەک وا بوو کە ژوورە تاکەکەسییەکان لە نێویدا بوونو ئەو تاوەرەی کە دەبوو پاسەوانەکان تێیدا پاسەوانی بدەن لە نێوەڕاستی بازنەکەدا هەڵکەوتبوو. تاوەرێک کە تەواو بەسەر دەوروبەرەکەیدا دەڕوانی (پان ئۆپتیک) ئەو هەلەی بۆ بەندییەوانەکان ڕەخساندبوو کە هەر لەجێی خۆیانەوە، چاوەدێریی هەموو ژوورە تاکەکەسییەکان بکەن. هەرلەو کاتەشدا شێوازی تەلارسازییەکەشی، تاقە تایبەتمەندیی نوێی گرتووخانەکە نەبوو، بەڵکوو بێنتام ڕێگایەکی دۆزیبووەوە تاکوو زیندانەکەی وەک کارگەیەکی بەرهەمدار هەڵسووڕێنێو بەم شێوەیە کردی بە ڕێکخراوێکی خۆبژێوو هەروەها ئەو کارە قورسانەش کە بەندییەکان ئەنجامیان دەدان، «وایان لە تاوانکارەکان کرد کە هەم دەستپاکتر بن هەم هێژاتر». سەرباری ئەمە، پرۆسەیەکی ئەوتۆ مرۆڤانەتریش بوو، چونکە ڕەوشی بەندییەکان لە ڕووی خۆراکو تەندروستییەوە ڕۆژبەڕۆژ باشتر دەبوو. هەربۆیە بۆ پەیداکردنی داهاتی زیاتر، زۆرتر کاریان دەکرد. بێنتام وا شەیدای پرۆژەکەی ببوو کە لەپێناوی هاندانی دەوڵەت بۆ وەرگرتنی ئەم ئەزموونەو کارپێکردنیدا، قەرزێکی زۆری بەسەر خۆیەوە کردە بار و هەر لەم سۆنگەیەوەش مایەپووچ بوو کەوتە زیندانەوە. شارەزایی لە قانوونەکانی مایەپووچی (کە ئەوکات سزای ٤٨ کاتژمێر کۆتکردنو هەروەها گوێبڕینشی بەدواوە بوو) ناوبراویان بەتوندی ڕاچڵەکاند.

ئیدی گەلاڵەگەلی پراکتیکیی بێنتام، وەک شێوازی سەرەتایی لە تەلەفۆن (ڕایەڵەیەکی بۆڕی ئاسا بوو بۆ قسەکردن) هەتاکوو گەلاڵەیەک بۆ نۆکەندێک لە بەشی بەرتەسکی پاناما لە ئۆقیانووسی ئارام، هەروەها گەلاڵە بەناوبانگەکەی بۆ فریزکردنی سەوزەوات تاکوو وا بکا کە نۆکی سەوز بەتازەیی لە ئێوارەی کریسمەسدا بخورێ. گەلاڵەکانی دیکەشی بریتی بوون لە: چاکسازی لە قانوونەکاندا، ڕزگارکردنی کۆلۆنییەکان، دارشتنی دەستوورێک بۆ بریتانیا، کردنەوەی زانکۆی لەندەنو هەروەها دواجار کارێکی گرنگی دیکەشی کرد، ئەویش پێداچوونەوەیەکی قووڵ بە یاسای مایەپووچبووندا بوو.

بێنتام لە ژیانیدا هەر خەریکی باسوخواسو گەنگەشە لەگەڵ کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت بوو ، بەڵام نەک بۆ خۆی ڕاستەوخۆ. چونکە کەسێکی شەرمن بوو، وای پێباش بوو کەوا لە پەناوەو بەتەنیاو بێقرە، خۆی بە بیرکردنەوەو گەلاڵەکانیەوە سەرقاڵ بکا. بۆیە تەنیا قوتابیو هاوڕێیانی نزیکی سەردانیان دەکرد. «جیمز میل»، باوکی (جۆن ستیوارت میل)یش هەر وا بوو. ئەم گرووپە کە ناویان «توندڕەوگەلی فەلسەفی» بوو، بۆچوونەکانی بێنتامیان لەنێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە. لایەنگرییان لە بۆچوونەکانی بێنتام، بەتایبەت، کاری زۆری کردە سەر پەرلەمان. لە پەرلەمانیشدا «دەیڤید ریکاردۆ» گەورەترین ئابووریناسی نەریتیی ئەوکات، لایەنگریی لێدەکرد. نامە شێلگیرانە یەک لە دوای یەکەکانی بێنتام بۆ کاربەدەستانی دەوڵەت (هەندێ جار بێ ئەوەی پێیان خۆش بێ) چاکسازیی قووڵیان لێدەکەوتەوە. بێنتام وێڕای نامەگۆڕینەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری گشتیی «بانکی بەریتانیا» لەبارەی جۆرە پارەیەکی کاغەزیی نوێوە کە تەزویر نەکرێو تازەش بیری لێکردبووەوە، بەرێکەوت پرسیاری لە بڕی ڕاستیی پارەی وەگەڕخراو کرد. بەڕێوەبەری بانکەکە زانیی کە نازانێ بڕەکە چەندەیە. چ کەسێکی دیکەش لە بانکدا نەیدەزانی. بانکی ناوبراو وای لێکدایەوە کە ئەگەر بەدروستی بانگەشەی ئەوە بکات کە کۆنترۆڵی بەسەر نەختینە (وشکەپارە) وە هەیە، پێویستە بزانێ کە لە بنەڕەتدا چەندەی ماوە.

بەم پێیە دەکرێ جێرمی بێنتام شانازی بەخۆیەوە بکا کە ژمارەکردنی پارەی کاغەزی لە بەریتانیا داهێناوەو – هەروەها بۆ یەکەمجار سیاسەتی ڕوونی دراویی داناوە.

بەوحاڵەش بێنتام قەت لەگەڵ مرۆڤێکی خەیاڵاویی ناسراودا بەراورد نەدەکرا. سەرجەم گەلاڵەو پلانە جۆربەجۆرەکانی لەسەر پرەنسیپێکی سەرەکی دامەزرا بوون کە ئەویش «سوودگەرایی» بوو. بێنتام دەیگوت: «سروشت مرۆڤی خستووەتە ژێر ڕکێفی دوو سەروەریی مەزنەوە، کە ئەوانیش، دەردو چێژن. تەنیا ئەم دوو شتەن کە نیشان دەدەن دەبێ چ بکەینو چ دەکەین».


بیرێکی وا ڕۆشنبیرانەو مرۆڤدۆستانە کە لەو سەردەمەدا بە شۆڕشگێڕانە لە قەڵەم دەدرا. گەرچی ئەمانە، ئەمرۆکە بە لامانەوە سادەو ساکارن، بەڵام بە پلەی یەکەم، بەرهەمی هەوڵی بێنتام، جیمز میلو کوڕەکەی واتە، جۆن ستیوارت میلو هاوکارە سوودگەراکانی ئەوان. ئەوەی ئەمرۆکە لای ئێمە ئاسایی دەنوێنێ، بەدرێژای مێژوو لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا بە هیچ شێوەیەک ئاسایی نەبووەو ئەمرۆکەش لە کۆمەڵگە نە زۆر بچووکەکانیشدا هێشتا بەدی ناکرێ. ئاماژە لاوەکییەکانی ئامانجە «سوودگەرایی»یەکەی بێنتام، ڕاستەوڕاست باوەڕ بە لیبڕالیزمی دیموکراتیکی لێکەوتەوەو باڵی بەسەر کۆمەڵگەی ئازادی ڕۆژاوادا کێشا.

سوودگەرایی بێنتام لەسەر ئەو چەمکە بنیات نرابوو کە خۆی پێی دەگوت: «هەقیقەتی پیرۆز». بەگوێرەی ئەم چەمکە» پێکهێنانی ئەوپەڕی ڕەزامەندیی زۆرترین بەشی خەڵک، بنەمای ئەخلاقو قانووندانانە. «ئامانجی ئەوە بوو کە فەلسەفەکەیو وێڕای ئەویش زانستە کۆمەڵایەتییەکان، وەک زانستگەلی سروشتی بکاتە بابەتێکی نەگۆڕ. ئەو سوودگەراییو ئەسڵی چێژەکەی بە بنەمای نوێی ئەخلاق لە قەڵەم دەداو چاوەڕوانیی ئەوەی هەبوو کە ڕۆژێک «نیوتۆن ئاسا» واتە وەک چۆن بناخەی بۆ زانستگەلی سروشتی دانا هەر بەو جۆرەش بناخەیەک بۆ زانستگەلی کۆمەڵایەتیو فەلسەفە دابنرێ. بۆچونی سەرەکیی ناوبراو لەسەر «بنەمای سوود» دانرا بوو کە وەک بنەمایەکی ئەخلاقی چاوی لێدەکرد. ئەوەی چێژی لێبکەوێتەوە باشەو ئەوەی ببێتە هۆی خەمو ئازار، خراپە. بەڵام بۆ ئەوەی بنەمایەکی وا، ڕەنگێکی ئەخلاقی وەربگرێ، دەبێ لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە سەیر بکرێ. ئەوەی ڕاستە زۆرترین چێژی لێدەکەوێتەوەو ئەوەی ناڕاستیشە خەمو ئازاری زیاتری بەدوادا دێ. کاتێک بڕیاری قورس بدەین دەبێ دواچێژو دوائازارمان لەبەر چاو بن.

لێرەدا پرسی سەرەکیی سوودگەرایی لە بەردەممانـدا قوت دەبێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە چۆن دەکرێ ڕێژەی چێژ لە ئاستی تاکو لە ئاستی گشتیدا دیاری بکرێ؟ بێنتام بەوردی چووە نێو ئەم بابەتەوەو بۆ دیاریکردنی ڕێژەی چێژ «حیسابی چێژ»ی داهێنا. لە لێکدانەوەی خۆیدا حەوت لایەنی چێژی لە بەرچاو گرتبوو، کە بریتی بوون لە بەردەوامیو ژمارەی ئەو کەسانەی کە لێی بەهرەمەند دەبوون. هەروەها چواردە جۆری جیاوازی لە چێژە سادەکان ڕیز کردبوون کە دەسەڵات، دەوڵەمەندی، لێزانی، خۆشناوی دەگرتەوەو دواچێژیش نیازپیسی بوو کە بایەخی لەوانی دی کەمتر نەبوو. هەروەها دوازدە ناخۆشیو ڕەنجی سادەی دیاری کردبوون کە لە بێ هیواییڕا بگرە تاکوو حەزی (چەمکێک کە گوایا زۆربەمانی وەک مازۆخیست دەزانێ) دەگرتەوە. بەڵام خاڵی سەرەکی لێرەدایە کە چێژ چ لە ئاستی تاکو چ لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا بەوردی ناپێورێ. تەنانەت ئێستاکەش لەڕووی بایۆلۆژییەوە، هەروایە. پێوەرێکی جێگیر بۆ پێوانی چێژ بەدی ناکرێ. «جۆکییەکی هندی» ڕەنگە بە خواردنێکی تیژ و پڕ لە بەهاراتو یان نوێنێکی پڕ لە بزمار خۆشی بچێژێ. بەڵام دانمارکییەک ئەمە قبووڵ ناکا.

بێنتام لە نزیکەوە هاوکاریی «جیمز میل»ی دەکردو زۆر ئۆگری کوڕەکەی، واتە «جۆن ستیوارت میل» بوو. هەر لەسەرەتاوە هەردووکیان، «جۆن ستیوارت»یان وەک میراتگری سروشتیی بێنتامو باشترین بەربژێر بۆ ئەوەی مەشغەڵی بۆچونەکانی بێنتام بداتە دەستی نەوەی داهاتووەوە، دەزانی.


بێنتام لە ڕۆژی شەشی ژوئەنی ١٨٣٢، واتە دوو ڕۆژ پاش پەسندکرانی «گەلاڵەی ڕیفۆرم» کە هەوڵێکی زۆری بۆ سەرخستنی دا، کۆچی دوایی کرد. ئەم گەلاڵەیە سیمای سیاسی بەریتانیای گۆڕیو مافی دەنگدانی گواستەوە بۆ چەقی ئەو شارە نوێیانە کە لەسۆنگەی شۆڕشی پیشەسازییەوە دروست ببوون. دیارە ئەمە هێشتا دوور بوو لە دیموکراسی بە مانا ئەمڕۆییەکەی. بەشێکی زۆری چینی ناوەندیی خوارەوەو سەرجەم چینی کرێکار هێشتا مافی دەنگدانیان نەبوو. سەرەڕای ئەوەش گەلاڵەکە دەستپێکی بزاڤێکی نوێ بوو بەرەو دیموکراسییەکی گشتگیر لە بەریتانیا کە لە ماوەی سەدەیەکدا جێگر بوو.



مەرگی بێنتام هەروەک وەک ژیانی، نائاسایی بوو. بەگوێرەی وەسییەتنامەی «زانستیی مۆدیرن»ی ناوبراو، دەبوو لە ڕێورەسمی ناشتنیدا، بە بەرچاوی هاوڕێ تازیەبارەکانیەوە تەرمەکەی توێکاری بکەن. دەبوو جلوبەرگی پیاسەکردنەکەی بکرێتە جەستە ئاخنراوەکەیو هەروەها کڵاوە قامیشییەکەشی لەسەر بکەنو لەسندووقێکی شووشەییدا پیشانی خەڵکی بدەن. چونکە پێی وا بوو ئەم «ڕوخسارەی خۆی» لە هەرچەشنە پەیکەرێک سەرنجڕاکێشتر دەبێ. لەسەر داواکەی ناوبراو ئەم دیمەنە ترسێنەرە ئەمڕۆ لە جێگەیەکی شووشەییدا لە «یونیورسیتی کۆلیژ»ی لەندەندا (کە هەوڵی زۆری بۆ دامەزراندنی دا) دانراوە. خویندکاران بەپێی تێگەیشتنیان لە «بنەمای چێژ»ی بێنتام، هەر چەند ساڵ جارێک هەوڵ دەدەن سەرە مۆمیاییکراوەکەی ئەو «ڕزگار» ( ١.) بکەن.

## ژیان و بەرهەمەکانی میل

جۆن ستیوارت میل ڕۆژی ٢٠ی مانگی مای ١٨٠٦ لە لەندەن لە دایک بوو. هەر لە سەرەتای منداڵییەوە باوکی چاودێریی خوێندنەکەی دەکرد. جیمز میل سوور بوو لەسەر ئەوەی کوڕەکەی بکاتە بلیمەت. جۆن ستیوارت میل لە تەمەنی سێ ساڵیڕا دەستی کرد بە فێربوونی بیرکاری (مات ماتیک)و زمانی یۆنانیی کۆن. لە تەمەنی هەشت ساڵیدا خەریکی فێربوونی لاتین، جەبر و هەندەسە بوو و لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا خۆی بۆ لۆژیک و فەلسەفە ئامادە دەکرد. بەڵام هەموو شتێک بەپێی بەرنامە نەچووە پێش. میل لە حەوت ساڵیدا «تێئێتتوس» ی ئەفلاتونی بە زمانی سەرەکیی، واتە یۆنانی خوێندەوە. ئەگەرچی لە وشەکان تێدەگەیشتو بە دوایدا ڕستەکانی دەخوێندنەوە، بەڵام بۆی دەرکەوت کە بە هەرهۆیەک بێ، ناتوانێ لە کاکڵی بابەتەکە بگا. چونکە ئەم دیالۆگە بەرزەی ئەفلاتون، لە ڕاستیدا باسێکی تێروتەسەلە سەبارەت بە هەندێ خاڵی ورد لەمەڕ میتۆدی پێناسەکردنی «لۆژیک» بۆ خۆی، بۆیە نابێ لە چەقین و کۆڵەواریی منداڵێکی وەک جۆن سەرمان سوڕ بمێنێ. بەڵام بۆ جیمز میل وا نەبووو دیسان کتێبەکەی بە جۆن خوێندەوە.



کوردستان
ئەدەب و هونەر
ژمارە: ٦١٥
١٧ی خەرمانانی ١٣٩٢
٧ی سێپتامبری ٢٠١٣

# ئەدەبیاتی ژنان..



عەلیڕەزا ڕەحیمی

بە گوێرەی ئەو ئامارەی کە لە لایەن هێندێک لە چالاکانی مافی ژنان بڵاو کراوەتەوە، لە هەموو ئەدەبیاتی ئێراندا، واتا لە (رودکی) یەوە هەتا ئەمڕۆ بەرانبەر بە ٨٠٠٠شاعیری ناسراوی پیاو، تەنیا ٤٠٠ ژن وجودی هەبووە.

هۆکارەکانی لاوازیو کەمڕەنگی ژنان لە بواری ئەدەبیاتدا دەتوانین بەمجۆرە ئامāژەی پێبکەین:

### –دەسەڵاتی پیاوسالارانە:

لە کومەڵگای کۆنی ئێراندا دەسەڵاتی هەموو بنکەو بارگاکانی فەرهەنگیوسیاسی لە دەستی پیاواندا بووەو هەروەها بە هۆی دواکەوتوویی کومەڵایەتیو مەسەلەی ئایینیو کەلتووریی، ژنان دەرەتانی ئەوەیان نەبووە لە بوار ومەیدانە جیا جیاکانی نێو کومەڵگا وەکوو سیاسەت و هونەرو مافی خوێندن ونوسین و... بەشدار بن.

لە دەسەڵاتی پیاوسالارانەدا کچانو ژنان مەحکوومن بە ژێردەستەیی (باوک، برا، شوو)، دەبێ چ لەماڵی باوک یان لە ماڵی شوو لەژێر ئەمرو فەرمانی پیاواندا بن.

بە چاوخشاندنێک بەسەر زۆربەی شێعری شاعیران لە ئەدەبی کلاسیکەوە تائێستا، هەمیشە «ژن»لەو شێوە ئەدەبیاتە نمادی بێ وەفایی، مەکرو فێڵە! لە باری دەروونناسییەوە ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بیرکردنەوەو ڕوانینی کومەڵگا بۆسەر ژنان، کە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە.

خاڵێکی گرینگتر هەبوونی دوو تەیف شاعیر وئەدیب، کە ژن لە هیچیەک لەوانە بە هۆی ئایینو فەرهەنگی



دواکەوتووانەوە مەجالی پێنەدراوە.

### یەکەم ئەدەبیاتی خانقاییو عیرفانی دووهەم ئەدەبیاتی ئەویندارانە!

پیاوان لە مێرمنداڵییەوە دەچوونە خانقاو لەوێدا فێری خوێندنو نووسین دەبوون، یان شاعیران لە خزمەتی پاشاو میرێکو بۆ بەدەستهێنانی خەڵاتێک شێعریان بە پاشاو سەردارەکاندا هەڵدەگوت. کە لەو سەردەمانە ژن تەنانەت مافی چوونەدەشتو دەریشی نەبووە. بە دەگمەن هێندێک لە کچانی ئاغاو میرەکان لە ماڵی خۆیان لە بەردەست مەلاژنێک. فێری خوێندنیو نووسینو لەبەرکردنی قورئان دەکران. ئێدی حەقی بەشدارییان لە مەکتبو خویندنگا نەبوو.

لە ئەدەبی ئەویندانەشدا، شاعیرانی ژن، بەهۆی کەلتووری پیاوسالارانەوە نەیانتوانیوە هەستەکاننی خۆیان بە ڕاشکاوی دەرببڕن. ئەوان وەکوو ئامرازێک بەخۆیانو جوانییەکانیانەوە لە خزمەتی پیاوان دابوون، چۆن دەتوانن باسی دڵداریوخۆشەویستی بکەن!

بەم پێشەکییەوە دەردەکەوێ کە بۆچی لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا ژنانی شاعیرو نووسەر ڕێژەیان لە پیاوانی شاعیروو نووسەر لەئێراندا کەمتر بووە.

ئێستا ئاورێک بەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ژنان لەم بارەیەوە دەدەینەوە.

کێشەی ڕاهێنانی ژنانو گەیشتنیان بە مافەکانی خۆیان هەمێشە کێشەی ڕووناکبیرانو ئازادیخوازانی ئێران بووە، میرزا (یوسف اعتصام) باوکی «پەروین ئیعتسامی» خاوەنی گۆڤاری «بەهار» یەکەم ئاڵاهەڵگری بواری مافی ژنانە لە ئێران. میرزا یوسف چەند ساڵ پێش لە شۆرشی مەشرووتە لە ساڵی ١٢٧٩ بە وەرگێڕانی کتێبێکی نووسەرێکی میسری بە ناوی «قاسم ئەمین» لە بارەی پەروەردەو راهێنانی ژنانەوە لە دەبێتە ڕێخۆشکەری ئەم بوارە.



بەدوای ئەو «دێهخودا» نووسەری ڕۆژنامەی «×وراسرافیل» لە وتارەکانی خۆیدا بە ناوی «چرندوپرند» لە چەند جێگا بە زمانێکی تەنزاوی ڕەخنە لە «بەشوودانی زۆرەملی کچانو فرەژنیو خورافاتو کێشەکانی ژنان دەگرێ.

بەدوای تێکۆشانی چەند کەسێکی دیکە لەم بارەیەوە، هاوسەری دوکتور»حسین خان کحال» یەکەم ژن بووە کە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریو فیکری ژنان گوڤاری»دانش»ی بڵاوکردەوەو دەتوانین بڵێن ئەمانە ڕێخۆشکەر بوون بۆ ئەوەی ژنان لە ئێراندا بێنە مەیدانی نووسینو چاپەمەنیەوە.

لە دەورانی مەشرووتەدا بە هۆی هاتوچۆو دیداری کەسانێک لە ئورووپاو هەروەها دەسپێکردنی دەورەی چاکسازیی سیاسیو هاتنەئارای بیرۆکەی نوێخوازانە، ئیدی بەرە بەرە ژنانیش لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کومەڵگادا حوزووری زیاتریان پەیدا کرد.

هەرچەند زیاتر بۆ کچانو ژنانی بنەماڵەی ئەهلی «ئەدەبو فەرنگ» بوو، وەکوو بنەماڵەی پەروین ئێعتسامی یان بنەماڵە دەستڕۆیشتوەکان ئەم دەرفەتە دەرخسا. بەڵام ئەوانە سەلماندیان کە ژنانیش دەتوانن لەم بوارەدا دیار بنو جێپەنجەیان بە هونەرو ئەدەبیاتەوە دیار بێ!

« پەروین ئێعتسامی» بەناوبانگترین ژنی شاعیری ئێرانە لەسەردەمی قاجارییەکان، یەکەم شاعیری ژنە کە باسی لە مەینەتو دواکەوتوویی ژنان کردووە.

بەدوای «پەروین»دا، جیاوازترو جیددیترین شاعیری ژن لە ئێران «فروغ فەروخزادە. کەس وەکوو ناوبراو نەکەوتە بەر لۆمەو تەکفیری کۆمەڵگا، چون جیاوازی لەگەڵ «پەروین ئێعتسامی» لەوەدابوو کە «فروغ» لە ناخی ئازاری ژن بوونەوە بە هەستو دەنگی ژنانەوە دەدوێ. ئەو وەکوو ژنە شاعێریک هەر زوو خۆی لە ژێر



کاریگەریی پیاوان واتا لاسایی کردنەوەی شێوەی هەستو ئیحساسی ئەوان خۆی دەرباز دەکاو دەبێ بە خاوەن دەنگ وشێعری ڕەسەنی ژنانە.

ئەگەرچی نابێ ئەدەبیات لە باری جنسییەتیەوە لەیەک جیا بکرێتەوە، مەبەست ئەمەیە چ لە ئێستاو چ لە رابردوودا ژنان بە جۆرێک لە دەربڕینی هەستو سۆزی شێعر ژنانە خۆیان بواردوە، بەڵام «فروغ» دەبێتە ڕچەشکێن بۆ شێعرو ئەدەبی ژنان لە ئێراندا.

ئەدەبیاتی ژنان لە ئێستادا

ئەدەبیاتی ژنان لە بواری شێعرو چیرۆکەوە لەسەردەستی کەسانێک وەکوو فرووغو سیمین بێهبەهانی وسیمین دانشوەرو تاهرە سەفارزادەو.... دەستی پێکردو زۆر ژنی دیکەش هاتنە ئەم مەیدانەوە. بەدوای شۆرشی گەلانی ئێرانو هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو سەپاندنی ئایدۆلۆژیای ئایینی بەسەر کۆمەڵگادا بەگشتی، ئەدەبیاتی ژنان تووشی لاوازی بوو،چۆنکە دەسەڵاتداران پێش هەموو چینو توێژێکی کۆمەڵگە، کەندوکۆسپیان خستە سەر ڕێی ژنان بەتایبەتی لە بواری فەرهەنگییەوە.

بەڵام ژنانی ئاگاو وشیار ملیان بە خواستەکانی دەسەڵاتدارن نەداو دەرفەتەکانیان بە قازانجی خۆیان دەقۆستەوە. بۆ نموونە لەسەردەمی دەورانی چاکسازی کە هێندێک مەجالو دەرفەتی هونەری کرایەوە، ژنوکچانی هوگرو بەتوانا کەوتنە تێکوشانی ئەدەبی ولەم بارەیەوە چالاکیی بەرچاویان نواند، کە جێپەنچەیان بەسەر ئەدەبیاتی ئەمرۆەو بە باشی دیارەو هەست پێدەکرێ. ئەگەرچی هێشتا کومەڵگا بە تەواوی ئیزنی بە چالاکیو بەشداریی ژنانی لەم بارەوە نەداوە، بەڵام گرینگ ئەوەیە کە ژنانی ئێران بە هەوڵو تێکۆشانی خۆیان خەڵاتی ئەو ماندووبوونەیان بەدەست هێناوە!

ئەمرۆ لە سەرانسەری ئێران لەهەر کۆڕوکۆبوونەویەکی



ئەدەبیو هونەریدا ڕادەی بەشداری ژنان یەکجار بەرچاوە، بەتایبەت لە سەروبەندی چالاکیی ئەنجومەنە ئەدەبیەکان، ژنانو کچانی هۆگری ئەدەبیات ڕۆڵێکی بەرچاویان نواند، ئیتر ئەمرۆ هیچ بڵاوکراوەێکی ئەدەبی لە ئێراندا نیە کە چەندین بەرهەمی ژنانی تێدا چاپ نەکرێ. کەواتە ئەم ڕەوتە لە بەرەو پێش چوون دایە.

لە کوردستانی بن دەستی ئێرانیش، سەرەڕای گیروگرفتی کۆمەڵایەتیو سیاسی، کاروانی ئەدەبیاتی ژنان ڕۆژ بەرۆژ درێژتر دەبێو سنوورە دەسکردەکانی فیکرییو جنسییەتی دەبڕێ.

بەدوای مەرگی ناوادەی «ژیلا حوسەینی» دەیان شاعیرو نووسەری ژن وەکوو؛ کولسووم عوسمانپوور، نەسرین جەعفەری، مریم قازی، لەیلا ساڵحی، نەسرین باباخانی، بەیان عەلیڕمایی، چنوور سەیدی، هەوار خزرنژاد، فاتمە فەرهادی و... لەوبوارەدە کارەکانیان دیارەو بەشێکی هەرە زۆری چالاکییە ئەدەبیو هونەرییەکانی ئەنجوومەنەکان لە سەردەستی کچانو ژنان بەرێوە دەچێ، چ لە چالاکیی ئەدەبیو چ لە فێرکاری وانەو ڕێنووسی کوردی.

«با ئەمەمان لە بیر نەچێت ڕەنگە لە مێژووی ئەدەبیاتدا بە هۆی ئەو گرفتانەی کە باس کرا، وەکوو شاعیرو نووسەری ناسراو، ڕادەی بەشداریو سەرکەوتنی ژنان کەم بووبێ، بەڵام ئەگەر لە ئەدەبی فۆلکلۆر وردبینەوە هەرلە شێعری «لایەلایە»ی دایکان هەتا داستانو چیرۆکی شەوان بۆ منداڵان لە تەواوی ئەم ئەدەبیاتە دیرینو بەنرخەدا، کە دەم بەدەم بە نەوەکان گەیشتووە، دەنگی مێهرەبانو هونەرمەدانەی ژنێک دێتە گوێ! کەوایە ژنان باشترینو سەرکەوتووترین شاعیرو چیرۆکنووسی جیهانن. هەرچەند ناویان وەک خۆیان بە نەناسیاویو نامۆیی ماوەتەوە».

هەڵچێنی

# کتێب خوێندنەوە باش نیە



مستەفا شێخە

ئەرێ هەرگیز بیرتان لە باشو خراپ کردوەتەوە؟ هەرکەسە لە خۆوە لەبارەی باشو خراپەوە رای خۆی دەردەبڕێ. ئەگەر لە من بپرسن، پڕ بەدڵ دەڵێم باش باشەو خراپیش خراپە. بەڵام بەداخەوە زۆر کەس وەک من تێناگەنو نازانن باش باشەو خراپیش خراپە. ئەوانەی پێیان دەڵێم باش باشەو خراپ خراپە، زۆرجار بزەیان دێتێو سەرم لێبادەدەن. جا ئەمن ئەو کەسانم پێ خراپە. ئاخر پێم بڵێ بۆ پێدەکەنی؟ بەچی پێدەکەنی؟ بۆچی بە بزە پێدەکەنی؟ دەزانم بزەت دێتێ. ئەوە زەردەخەنە نیە. زەردەخەنە باشە. لەگەڵ زەردەخەنە لێو وەک خونچە دەپشکوێ، بەڵام کاتێ بزەت دێتێ، هەردوو لالیچت بەملاو بەولادا هەڵدەقرچێنو جۆرێک بەکەمزانینو بە بچووکچاولێکردنیان پێوە دیارە. لەگەڵ تۆمە! لێوم لێهەڵمەقرچێنە. ئەوە نیە پێم گوتوویە باش باشە، خراپیش خراپە؟ زۆر عەیبە بۆ تۆ لێو لە من هەڵدەقرچێنی. خۆت لەمن باشتر دەزانی دەتوانم سەرکەوتووانە باشو خراپ لێک جیا بکەمەوە. هیچ پێویستم بە بزەی تۆ نیە داغ بخەیە سەر دڵمو ئەم هەستەم تێدا بورووژێنی، وەبزانم بە کەمم دەزانی. هیچ کەمیش نیمو زۆر زۆریشم. ئەگەر کەم بوایەم نەمدەزانی باشو خراپ لێک جیا بکەمەوە. ئەمن ئەوەندە لایەنگری باشم کەمتر ناوی خراپم بەدەمدا دێ. هەمیشە لە جیاتی ئەوەی بڵێم فلان شت خراپە، دەڵێم فلان شت باش نیە یان نەباشە. دیارە بەم شەرحدانە شەفافە لێم تێناگەی چۆن باشو خراپ لێکدەکەمەوە. باشە دەی، ناچارم هێندێک نموونەت بۆ بێنمەوە کە چی باشەو چی باش نیە.

بۆ وێنە باسی کتێبخوێندنەوەت بۆ دەکەم. کتێبخوێندنەوە کارێکی باش نیە، بەڵام بەداخەوە سەرەڕای ئەم باشنەبوونەشی ئێستاش لای خۆمان هێندێک کەس هەن وازی لێناهێننو کاتی خۆیانی پێ خەسار دەکەن. دیارە هەموو شتێک لایەنی باشو نەباشی هەیە. کتێب خوێندنەوەش سەرەڕای ئەوەی باش نیە، هێندێک لایەنی باشیشی هەیە. خواش هەڵناگرێت ئەتۆ باسی لایەنی باشی شتەکان نەکەی. هەر لەبەر ئەمە وێڕای باسکردنی لایەنە نەباشەکانی کتێبخوێندنەوە، باسی لایەنە باشەکانیش دەکەم. بۆ ئەوەی نەڵێن کابرا لە خۆڕا قینی لە کتێبخوێندنەوە دەبێتەوە، دەپێشدا باسی لایەنە باشەکانی دەکەم.

کتێبخوێندنەوە بۆیە باشە، ئەتۆ ئەگەر یەک دوو کتێب بخوێنیەوە، ناچاری کتێبی زیاتر بکڕی. دیارە ئەوکات کتێبخانەیەکی قەبەو جوانیش لە ماڵەکەت دادەنێی. هەمووشمان باش دەزانین کتێبخانەی جوان بەتایبەت ئەگەر کتێبی ئەستوورو بەرگڕەقی تێدا بێ، دیوەخانو ژووری میوانان وەک بووکی یەکشەوە دەڕازێنێتەوە. هێندێک کەس نازانن بە جوانی کەڵک لە کتێب وەربگرن. یان دەیخەنە نێو کارتۆنو دەیشارنەوەو یان لە ژووری تایبەتی خۆیان کتێبخانەی بۆ دروست دەکەن. ئەوە کارێکی باش نیە. کتێب لە جێگەی وا کێشەت بۆ دروست دەکا. ناچار دەبی لە خەلوەتدا بیخوێنیەوەو یەکەم زیانی کتێبخوێندنەوەش ئەوەیە بەرلە هەموو شتێک لەگەڵ هاوسەرەکەت دەتکا بە دوژمن. ئەگەر پیاوی، ئەوە ژنەکەت وا دەزانێ هەوێت بەسەر هێناوەو حەقیشیەتی. کتێبخوێندنەوە وات لێدەکا کەمتر کات بۆ خێزانەکەت تەرخان بکەیو زۆر لەگەڵ ژنەکەت تێکەڵ نەبی. ئەگەر ژنیشی ئەوە خراتر، لەجیاتی ئەوەی تۆزی سەرشانی مێردەکەت بتەکێنیو جلەکانی بۆ ئوتوو بکەیو شۆرباوێکی خەستو خۆڵی بۆ لێبنێیو خزمەتی بکەی، ئەوە سەربەسەر کتێبدا دەگرییو لەجیاتی مێردەکەت دەیکەی بە هاوسەری خۆت. ئەشهەدوو بە ملی منو هەموو پیاوێکی دنیادیتە، هەر خوێندنەوەی کتێبی چێشتلێنان لە ژنان جوانە. بەڵام ئەگەر کتێبخانە لە ژووری میوانان بێ، بەمەرجێک میوانەکانت زۆر پرسیارت لێنەکەن کامیانت خوێندوەتەوە، شتێکی باشە. دیکۆڕی ماڵێش زۆر جوان دەکا.

ئەوانەی خوا تووشی ڕێی هەڵەی کردوونو کتێب دەخوێننەوە، ژیانیان هەمیشە پڕ لەکێشەیە. وێڕای ئەم لایەنە خراپانەی لەسەرەوە عەرزم کردی، زۆر خراپەی دیکەشی هەیە. چاوت کەم بینا دەکا. مێشکت ئەوەندە سەرقاڵ دەکا، ناچاری وەک شێتان هەمیشە وڕێنە بکەی. ئەوەی دەیخوێنیەوە لە کاتەکانی دیکەشدا وازت لێناهێنێ. بابەتی نێو کتێبەکان وەک قیلی کەوای سپی بە مێشکتەوە دەنووسێنو لە هەموو شوێنێک مێشکت ختۆکە دەدەن. وات لێدەکەن کەمتر بیر لە خۆشیی ئەم دنیایە بکەیەوەو پارەو خۆشگوزەرانیت لەبیر دەبەنەوە. هەمیشە لەگەڵ مێشکی خۆتدا دەرگیری. ئەم کتێبە پیسە وەک تریاکو هێرۆئینە، هەر دەخوێنیەوەو ئیشتیای خوێندنەوە زیاتر دەبێ. ئاخری وات لێدێ لە کۆمەڵ دادەبڕێیو لە دنیای نێو کتێبانda دەژی.

کتێبخوێندنەوە وات لێدەکا ڕۆژنامەش بخوێنیەوە، ئەگەر کتێبخوێن بی، لە ڕۆژنامەشدا کەیفت بە بابەتو نووسراوەی دوورو درێژ دێ. بابەتی دوورو درێژی ڕۆژنامەش پێچەوانە تووشی کتێب خوێندنەوەت دەکا. ئەگەر بمەوێ باس لە زیانەکانی کتێبخوێندنەوە بکەم، بە ڕەشکردنەوەی چەند سەت لاپەڕەش تەواو نابێ، تەنیا داوا دەکەم کەس کتێب نەخوێنێتەوەو ئەوەندەی لە دەستیشتان دێت خۆ لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە مەدەن. زۆر شتی خۆشتر هەن دەتوانی کاتی خۆتیان پێ پڕ بکەیەوە.

نانا نەکەی، کتێب نەخوێنیەوە!

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 615 7 september 2013

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Kdp:Tashkilat.kdp92@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

## ماڵی مامۆستا هێمن کرا بە مۆزەخانە



ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی خەرمانان بە بەشداریی کۆمەڵێک کەسایەتیی ئەدەبیو هونەریی شاری مەهاباد، ماڵی مامۆستا هێمن موکریانی شاعیری نەتەوەیی کورد کرا بە مۆزەخانە.

لە سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمەدا «ئەحمەدی قازی» بە وتارێک کرانەوەی ئەم مۆزەخانەیەی بە دەستکەوتێکی مەزن بۆ پاراستنی فەرهەنگ، ئەدەبو هونەری کوردەواری پێناسە کرد.

پاشان پەیکەرەی مامۆستا هێمن کە لە حەوشەی ماڵەکەی دانرابوو، لەلایەن «ئامین ماملێ» هاوسەری «محەممەد ماملێ» هونەرمەندی کۆچکردوو پەردەی لەسەر لادرا.

ماڵی مامۆستا هێمن کە لە چوار ژوور پێکهاتوە، هەر ژوورێک بۆ یەکێک لە چوار کەسایەتیی کورد (مامۆستا هێمن، مامۆستا هەژار، مامۆستا محەممەدی ماملێ و مامۆستا محەممەد قازی) تەرخان کراوە کە لە هەر کام لەم ژوورانەدا وێنە، ئاسەوارو بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتی‌یانە پارێـزگاری دەکرێ.

هەروەها لەو ژوورانەدا دەستنووس، کەلوپەلی شەخسی، دەنگو فیلمی تایبەت بەم کەسایەتی‌یانە پێشان دەدرێ.

مامۆستا هێمن ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە گوندی لاچینی سەربە شاری مەهاباد لە دایک بووەو ئەلفوبێ لەلای مامۆستا «سەعید ناکام» خوێندووەو دواتر بۆ درێژەدان بە خوێندن ڕەوانەی مەدرەسەی سەعادەت لە شاری مەهاباد کراوە.

پاشان لەلایەن باوکیەوە لە خانەقای شێخ بورهان وەبەر خوێندنی مەلایەتی نراوە و چوار ساڵیش لەو خانەقایە دەرسی خوێندوە و لە تەمەنی ١٧ ساڵی‌دا دەستی لە خوێندن هەڵگرتووەو بووە لاوێکی خوێندەواری هۆشیارو لە وێژەی کوردی و فارسی‌دا شارەزایی‌یەکی باشی پەیدا کردوە.

مامۆستا هێمن یەکێک لەو شاعیرانە بوو کە لە لایەن پێشەوا قازی محەممەدەوە نازناوی شاعیری نەتەوەیی پێدراوە، ناوبراو پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهابادو لە زێدی خۆی وێڕای زۆر لە هەواڵەکانی ئاوارە دەبێ. دوای چەند مانگ دەگەڕێتەوە وڵات وساڵی ١٣٤٧ سەرلەنوێ پەڕیوەی باشووری کوردستان دەبێو ساڵی ١٣٥٨ پاش ڕووخانی ڕێژیمی پادشایەتی‌و سەرلەنوێ بووژانەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەیەکجاری دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەساڵەکانی سەرتای دەیەی شەستی هەتاوی‌دا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری سروە لە ورمێ خزمەتێکی بەرچاوی بە زمان و ئەدەبیاتی کوردی کرد.

شایانی باسە کە ئەو شاعیرە مەزنەی کورد ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی کۆچی دوایی کردو لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان لە مهاباد بە خاک سپێردرا.

## بەڕیوەچوونی یەکەمین فستیڤاڵی شێعری کوردیی منداڵان لە ئەیوانی ڕۆژاوا




قەرارە یەکەمین فستیڤاڵی شێعری کوردیی منداڵان لە ژێر ناوی «مناڵ و مەلۆچک» بە بەشداریی شاعیرانی ٦ پارێزگای (ئیلام، کرماشان، کوردستان، هەمەدان، لوڕستان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا) لە شاری «ایوان غرب»ی سەربە پارێزگای ئیلام بەڕێوە بچێ.

«محەمەد موراد نساری» یەکێک لە شاعیرانی کوردی خەڵکی ئەیوانغەرب ڕای‌گەیاندوە کە بە مەبەستی «پەرەپێدان و پاراستنی زمان و ئەدەبیاتی کوردی و هەروەها نەبوونی چالاکی لە بواری شێعری منداڵاندا» ئەو فستیڤاڵە بەرێوە دەبەن.

ئەو شاعیرە کوردە بە ماڵپەڕی «ژیار کورد»ی ڕاگەیاندوە، ئەنجومەنی شێعرو ئەدەبی ئەیوانغەرب بە یەکێک لە چالاکترین ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی پارێزگای ئیلام ئەژمار دەکرێو بەهۆی پەرەگرتنی ئەدەبیاتی کوردییەوە فستیڤاڵی شێعری کوردیی منداڵان لەم شارە بەرێوە دەچێ.

ئەو فستیڤاڵە نیوەی یەکەمی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ لە شاری ئەیوانغەربی سەربە پارێزگای ئیلام و لەلایەن «ئەنجومەنی شێعرو ئەدەبی ئەیوان»ـەوە بەڕێوە دەچێ.

هەروەها لە کۆتایی فستیڤاڵەکەشدا ١٠ کەسی هەڵبژێردراو و سەرکەوتوو بە دانی لەوحی ڕێزلێنانو خەڵات ڕێزیان لێدەگیرێ.

## ئیسپانیا: خەڵاتی تایبەتیی فیستیڤاڵی فیلمی مۆستریێمپ بۆ فیلمی «سنووری شکاو»



کورتە فیلمی «سنووری شکاو» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد کەیوان کەریمی خەڵاتی تایبەتی فیستیڤاڵی فیلمی مۆستریێمپی ئیسپانیای وەدەست هێنا.

ئەم فیستیڤاڵە بە بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی وڵاتی جۆراوجۆر لە ڕۆژانی یەکەم تا سێهەمی خەرمانان لە شاری ترێمپ لە وڵاتی ئیسپانیا بەڕێوە چووەو لەلایەن سینەماکارانی سەرتاسەری جیهانەوە ١١٠٠ کورتە فیلم بۆ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی مۆستریێمپ بەرێ کرابوو کە لە کۆتایی‌دا ٨ کورتە فیلم وەکوو کاندیدی سێ خەڵاتی فیستیڤاڵ دەستنیشان کرا.


لەو فستیڤاڵەدا خەڵاتی تایبەتیی ئەندامانی لێژنەی داوەران بە کورتە فیلمی «سنووری شکاو» بەخشرا. ئەوە هەشتەمین خەڵاتی نێودەوڵەتی‌یە کە ئەو فیلمە لە فیستیڤاڵە بیانی‌یەکان وەری دەگرێ.

## فێستیڤاڵیک بۆ ڕێزگرتن لە تەها کەریمی

کورتە فیلمی «سنووری شکاو» لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد کەیوان کەریمی خەڵاتی تایبەتی فیستیڤاڵی فیلمی مۆستریێمپی ئیسپانیای وەدەست هێنا.

ئەم فیستیڤاڵە بە بەشداریی بەرهەمی سینەماکارانی وڵاتی جۆراوجۆر لە ڕۆژانی یەکەم تا سێهەمی خەرمانان لە شاری ترێمپ لە وڵاتی ئیسپانیا بەڕێوە چووەو لەلایەن سینەماکارانی سەرتاسەری جیهانەوە ١١٠٠ کورتە فیلم بۆ فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی مۆستریێمپ بەڕێ کرابوو کە لە کۆتایی‌دا ٨ کورتە فیلم وەکوو کاندیدی سێ خەڵاتی فیستیڤاڵ دەستنیشان کرا.

لەو فستیڤاڵەدا خەڵاتی تایبەتیی ئەندامانی لێژنەی داوەران بە کورتە فیلمی «سنووری شکاو» بەخشرا. ئەوە هەشتەمین خەڵاتی نێودەوڵەتی‌یە کە ئەو فیلمە لە فیستیڤاڵە بیانی‌یەکان وەری دەگرێ.



وەرگیراو لە ماڵپەڕی «روزآنلاین»

بەر لە ماڵاوایی

# چەند هەواڵێک لە هەر دوو دیوی سنوورەوە



ئامادەکردنی: حوسێن ئەحمەدپوور

### ئەم دیوی سنوور

_ بۆ یەکەمجار سەرکۆمارێک لە ئێران دەیەوێ کوردێکی سوننی‌مەزهەب بکا بە وەزیر. بەڵام وا دیارە ئەو سەرکۆمارە زۆر زیرەکانە ڕێک پێشنیار بە کوردێک دەکا کە دەزانێ ئەو کوردە بە پێچەوانەی ٩٩/٩٩ لە سەدی سیاسی‌یەکانی کوردو ئێرانی‌و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست خۆشی لە پۆستی وەزارەت نایەو هەرگیز پێشنیاری وا قەبووڵ ناکا. لێرەدا ئەم چەند پرسیارە دێتە ئاراوە:

ئایا ئەوە زیرەکی سەرکۆمارە وا بە ئانقەست پێشنیار بە کوردێک دەکا کە خۆشی لە پۆستی وەزارەت نایە؟! ئایا ئەوە بەدبەختیی کوردە کە سیاسی‌یەکانیان خۆشیان لە پۆستی وەزارەت نایە!؟ ئەگەر وایە بۆچی هەرچی ئیسلاحتەڵەبی کورد بوو بەر لە هەڵبژاردنەکان بە جێگەی ئەوەی داوای مافە سەرەتایی‌یەکانی گەلی کورد بکەن، زیاتر لە هەر شتێکی دیکە پێیان لەسەر بەشداریی کورد لە کابینەدا دادەگرت؟ بڵێی ئەوە خۆشبەختیی خەڵکی بۆکان نەبێ وا نوێنەرەکەیان وەفادار بە دەنگەکانی خەڵک ماوەتەوەو ئامادە نیە نوێنەرایەتی‌کردنی ئەوان بە پۆستی وەزارەت بگۆڕێتەوە!؟ بڵێی لە شانسی خراپی خەڵکی بۆکان نەبێ وا نوێنەرەکەیان ئامادە نەبوو پۆستێک قەبووڵ بکاو لە مێژووی ئەو شارەدا بۆ یەکەمجار وەزیرێکیان تێدا هەڵکەوێ؟ و...

وەڵامی ئەو پرسیارانە وەک مەتەڵێک بۆ ئێوە بەجێ دەهێڵم و هەر ئەوە دەڵێم کە وەڵامی ئەو پرسیارانە لە نێو پەندی پێشینیان‌دایە. بە تایبەت ئەو پەندەی وا باسی پشیلە و ترێ و ترشی تێدایە.

_ یەکێکی دیکە لە نوێنەرانی کورد لە مەجلیس لەو شەش خولەکەی کاتی پێدرابوو باس لە کابینەی ڕووحانی بکا. سێ خولەکی بۆ قورئان‌خوێندن و فاتیحەخوێنی‌و ئەحواڵپرسیی ڕێبەر تەرخان کردو سێ خولەکەکەی دیکەشی تەرخان کرد بۆئەوەی هێرش بکاتە سەر بەرەی نوسرەی سووریەو جامی نەتەوەکانی ئاسیاو جامی جیهانیی فووتباڵ. گوایە چەند ڕۆژ دواتر هەر ئەو نوێنەرە لە شارەکەی خۆی قسەی کردوەو چەند لاوێک ڕەخنەیان لێ‌گرتوەو ئەویش تووڕە بووەو داوای لە سپای پاسداران‌و بەسیج و هێزەکانی دیکە کردوە ڕەخنەگرانی سەرکوت بکەن!

_ هەر لەو ماوەیەدا نوێنەرێکی دیکەی کورد لە مەجلیس ڕای‌گەیاند: حیزبە کوردی‌یەکانی ئۆپۆزسیۆن ناتوانن نوێنەرایەتیی کوردەکانی ئێران لە کۆنگرەی نەتەوەیی کورددا بکەن. ئەوان نوێنەری کورد نین‌و ئێمە نوێنەری هەڵبژێردراوین‌و شەرعیەتمان هەیە.

هیوادارم هەموو نوێنەرانی مەجلیس (مەبەستم ئەو نوێنەرە شەرعیانەیە) بتوانن لە کۆنگرەی نەتەوەیی‌دا بەشدار بن. بەشکم خوا بکا بەبۆنەی ئەوانەوە لەو کۆنگرەیەدا کەمێک قورسایی بەلای ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا بشکێتەوە.

چیتر باسی نوێنەرانی مەجلیس با نەکەین، ڕەنگە تایبەتمەندیی خەباتی پارلمانی لە مەجلیسی ئێران‌دا هەر بەو شێوەیە بێو ئێمە نەمان‌زانیبێ.

****

### ئەو دیوی سنوور:

_ دوای جنێوبارانێکی زۆر داوای ڕاگرتنی شەڕی ڕاگەیاندن دەکەن. (درێژەی هەواڵەکە بۆ خۆتان بە جێ دەهێڵین).

_ ئەوەی کورد دڵی پێ‌خۆش بکا دوا دەکەوێ، وەک کۆنگرەی نەتەوەیی‌و یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبێک.

_ باسی یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبێک هەر ماوەیەک خۆشەو بایەخی هەواڵبوونی لە دەست داوە. هەر بۆیە بێدەنگەی لێ‌کرا.

_ ئەگەر چەند کەس یاری بکەن، دەبێ هاندەرێکیان هەبێ چەپڵەیان بۆ لێبدا. سێ بەشی کوردستان یاری دەکەن‌و ڕۆژهەڵاتیش چەپڵەیان بۆ لێ‌دەدا.

_ لەم دیوی سنوور جگە لە هەواڵی شەڕەقسەو شەڕ لە سەر کورسیی بێ‌دەسەڵات بە تەمای هیچ هەواڵێکی دیکە مەبن.